بەیارمەتی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لەچاپدراوە

# دیوانی چروستانی

مەلا محمەدی مەلا عبدالرحیمی چروستانی

دیوانی چروستانی

ئامادەکردن و لێکدانەوەی

عبدالرحیم عبداللە چروستانی و صالح عبداللە چروستانی

سالی ١٩٨٥


# دیــــوانی چڕوســـــــــــــتانی

مەلا محەمەدی مەلا عەبدولڕەحیمی چڕوستانی

ئامادەکردن و لێکدانەوەی

عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا چڕوستانی و ساڵح عەبدوڵڵا چڕوستانی

چاپخانەی نەورەس/سلێمانی ت ٢٢٥٥٢٣



مەلا محەمەدی مەلا عەبدولرەحیمی چروستانی

# «پێشـــــەکی»

کاتێ ئەم دیوانــەی مامم خوالێخـۆش‌بوو «مەلا محمــدی چڕوستانی»م بەرچاوکەوت‌و خوێندمەوە ، زۆر داخم خوارد کە تائێستا نەمانتوانیوە بەچاپی بگەیەنینو بیخەینە بەردەسـتی خوێنـەرانی بەڕێزی کورد ، بۆ ئـەوەی ئەو ئاواتەی کـە خوالێخۆشـبوو خواسـتوویەتی‌و لە پێشـەکی دیوانـەکەیدا ، نووسیویەتی‌و ئەڵێت : «٠٠٠٠ سا مـەگەر دوای خۆم ئاوڕێکی لێ‌بدرێتەوە ، بەشکم مەردێکی ئـازادی خاوەن دەس‌و دڵ بە چاپ کـردنی بیژێنێتەوە ٠٠٠» بهێنینەدی ٠

بە پێویستم زانی ئەم ئەرکە بخەینە ئەستۆمان ، بۆ هێنانە دی ئەو ئاواتە ، بە مەبەستی خزمەت گەیاندن بە ئەدەبی کوردیمان ، بە پاراستنی ئەو سامانەو پەرەپێدان‌و زیادکردنی ٠

جا بۆ ناسینی شـاعیر ئەبێ بڵێین لە شیعرەکانیدا ئەم شـتانە تەواو بەدی ئەکرێن : شاعیرێتی ، راستگۆیی ، زیرەکی‌و بلیمەتی ، خوا ناسین ، زانایی‌و بەهرەمەندی ، دڵسۆزیی خاك‌و نەتەوەو نیشتمانپەروەری ٠٠٠ هتد ٠ جا بۆ ئەوەی زیاتر شـاعیر بناسرێ دەربارەی شـیعرەکانی‌و هەندێك لـە ژیانی ، بە چاکترمان زانی چەنـد باسـێك کـە لەلایەن بەڕێـزان : مامۆستا مـەلا یەحیا چڕوستانی‌و دکتۆر عزالدین‌و مامۆستا سۆران مەحوی‌یەوە لەم دیوانەدا بڵاو بکرێنەوە ، هـەروەهاش پەنامـان بردە بەر بـاوکی بەڕێزمان : مامۆسـتا مەلا

«عبدالله»ی چرِوستانی بۆ لێکدانەوەی مانای هەندێك لەو وشانەی بە گران هاتنە بەرچاومان لەم دیوانەدا •

هەروەها بەڕێزان مامۆستا محمدی ملاکەریمو مامۆستا عثمان هەورامی پیایداچوونەوە ، بەوەش سوودی گەورەیان بەخشی ، سوپاسیان دەکەین •

جا هیوامان وایە کە خوێنەرانی کورد سوودی لێوەرگرنو جێی رەزامەندی‌یان بێتو ئێمەش توانیبێتمان ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین •

**عبدالرحیم عبدالله چرِوستانی**

«بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان»

## «باوکم و شیعرو بەهار»

لەبیرمە لە تەمەنی منداڵیما تازە ماڵمان هاتبووە شاری سلێمانی ، باوکم خوالێ‌ی‌خۆش بێت ، قوتابخانەی هەبوو ، کە نزیکی بەهار ئەبووینەوە ئێواران لەگەڵ باوکمدا ئەچووینە قەراخ شار ، وردە وردە ئەڕۆیشت بەڕێداو شیعری بەهارنامەی دائەنا ، ئەم بەهارنامەیە هەموو منداڵی قوتابخانەکە لەبەریان ئەکردو لە نەورۆزدا بە سروودو گۆرانی ئەیانوت •

تاکو لە ساڵی ١٩٣٦ی زاینیدا ، چووە مزگەوتی نەقیب‌و لەوێ دامەزرا

وا بزانم ئەمە پێشەنگی شیعری باوکمەو پێش ئەوە شیعری دانەناوە ، ئەم شیعرانەی کە هەیەتی هەموو هی دوای ئەو کاتەن هەرچەند هەر لە هەوەڵەوە لە شیعر خوێندنەوەدا زۆر بە زەوق بووە • شیعری خواروخێچی پەسند نەئەکردو تۆزێ لەنگی لە شیعردا بوایە رەخنەی لێ‌ئەگرت‌و ، بە راستی لە ئەدەبیاتی کوردی‌و عەرەبی‌و فارسیدا زۆر شارەزا بووە ، تەنانەت زۆر شیعری (نالی)ی لا پەسند بوو ، حەزی لێ‌ئەکرد ، زۆرجار لەگەڵ شاعیری لاهووتی کورد «بێخود» خوا لە هەردوولایان خۆش‌بێت ، ئەمدی کۆئەبوونەوەو شیعری (نالی)یان ئەخوێندەوەو لێکیان ئەدایەوە •

پێش کۆچ کـردنی لە ژیـانی بە چەند سـاڵێك زۆرجار پێـم ئەووت کە پێویستە رووپەڕەی ژیانی خۆت بنووسیت کە ببێ بە پێش‌نووسی شیعرەکانت ، بەڵام داخەکەم کۆچی دوایی کردو ئەو رووپەڕەیەی نەنووسی ، جگە لە چەند پەڕەیەك کە تەنها باسی منداڵی‌ی خۆی تێداکردووە کە لە ئابلاخ بوون‌و لەگەڵ ماڵی باوکیدا چوون بۆ ناوچەی هەڵەبجەو چەند ساڵێکی فەقێیەتی‌ی خۆی کە لە وڵاتی هەولێرو کۆیە ژیاوە ، هەروەها بە مەلایەتیش لە ناوچەی شاربازێڕو ئالان‌و سیوەیل بووەو ، لەوێوە چووە بۆ پشدەرو رانیەو دیسانەوە گەڕاوەتەوە ناوچەی شاربازێڕ تاکو ساڵی ١٩٣٢ی زایینی کە ماڵەکەی هاتۆتە سلێمانی‌و ئەم ماوەیە زۆر بەسەرهاتی دیوە کە شایانی نووسینەو ئێمە ئاگادار نین لێی لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە رووپەڕەیەك لە ژیانی کە لە خۆیم بیستووەو جار جار باسی کردووە بە کورتی پێشکەش بە خوێندەوارانی بەڕێزی بکەم‌و تکای لێبوردن‌و بەخشینم هەیـە ئەگـەر کەم‌وکووڕیـەکی هـەبێ چونـکە دەمێـکە هیچـم نەنووسیوەو دەستم لە نووسین ساردبۆتەوە ٠

باوکم ناوی محمد کوڕی مەلا عبدالرحیمی ناسراو بە چڕوستانی کوڕی عومەر کوڕی شەریف کوڕی ئیبراهیم کوڕی محمد ئاغا کوڕی ئەمیر عبداللە کوڕی پیر خدری شاهۆیە ٠

لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی کە ئەکاتـە ١٨٩٠ی زایینی لە دێی ئابلاخ کە ئێستە گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ٠

باوکی کە مـەلا عبدالرحیمی چڕوسـتانی‌یە مامۆسـتایەکی زۆر بەرزو شارەزا بووەو لە زانایی‌و خواناسیدا بەناوبانگ بووە ، دڵ روون‌و دین‌پەروەر بووە ، دایکی ئایشەخانی کچی حاجی مەلا محمدی زەندانە «زەندان : دێیەکە

لە نزیکی دێی کانی کەوە • خوالێخۆش‌بوو جەنابی کاك ئەحمەدی شێخ هێناویەتی بۆ ئابلاخ بۆ مەلایەتی‌و پێش‌نوێژی •

کاتێ باوکم لەدایك بووە باوکی مدرس بووە ، دەرسی بە فەقێ وتۆتەوە •

باوکی دایکیشی تەنها پێش‌نوێـژی کردووە ، باوکم لە تەمـەنی شەش ساڵیدا لەسەر شێوەی ئەو کاتە دەستی کردووە بە خوێندن ، لەگەڵ ماڵی باوکی ئەچێتە ناوچەی هەڵەبجە چونکە لەوێ ئەبێتە مامۆستا لای مجید بەگی وەسمان پاشای جاف ، چەند ساڵێك لەو ناوچەیە لای فەقێکانی باوکی ئەخوێنێ ، کە باوکی لە ناوچـەی هەڵەبجەوە ئەگەڕێتـەوە بۆ سلێمانی‌و لە مزگـەوتی شێخ سەلام ئەبێ بە مامۆستا ، بـاوکم ئەچێت بۆ فەقێیـەتی بۆ ناوچـەی هەولێرو کۆیێ‌و ماوەیەك لە دێی هیران‌و نازەنین لەناو خۆشناوەتیدا ئەمێنێتەوەو لەوێ چاوی بە کاك «مصطفی» صافی ناسراو بـە (کاکی هێرانی) ئەکەوێت‌و بەینێك لەوێش ئەمێنێتەوە ، دوای سێ ساڵ فەقێیەتی کـە ئەگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی ماڵی باوکی ئەچێتە بەرزنجە ، باوکی لەوێ ئەبێت بە مامۆستا ، گیانی پاکیشی لەوێ بە خاك ئەسپێرێ ، بەهۆی پایەبڵندی‌و ڕێزی لەناو شێخانی بەرزنجەدا ، لە قەبەکەی شێخ عیسێ‌و شێخ موسێدا ، کە ئارامگای ئەو دوو پیرە پیرۆزەیە ئەینێژن ، ئێستە گۆڕەکەی لەوێیە ، خوا پایە بڵندیان‌کات لە بارەگای خۆیدا، ئینجا باوکم ناچار ئەبێت بۆ بەخێوکردنی دایك‌و خوشکی‌و بەسەراهاتنی گرانی‌و سەفەربەر ، دەست لە خوێندن هەڵئەگرێ‌و ئەچێتە دێی سەراو لە شاربازێڕ ئەبێ بە مەلا ، لـەوێ عاصمە ناوێك ئەبێت بە خێزانی ، جا هەر بـە مەلایەتی ئەچێتە ناوچەی پشدەر لە دێی بادین‌و دێگە ، لە بادین ژنەکەی ئەمرێ ، لەو کاتەدا سمایل خانی سمکۆی سەرەك عەشرەتی شوکاك بۆ ماوەی چەند ساڵێك

بەیناوبەین رێی ئەکەوێتە پشدەر ، شەوێك ئەچێتە دێی دێگە ، رێکەوت شەوی جومعە ئەبێت ، باوکم خوا لێی خۆش بێت دەنگی زۆر خۆش و بەسوز بووە ، هەر لەو شەوەدا بۆ نوێژی خەوتنان لە سەربانی مزگەوت ، دەست ئەکات بە بانگدان و سەلاکردن ، سمایل خان گوێی لێ ئەبێت بانگ ئەکات مامۆستا نزیك بێژە مامۆستا نزیك بێژە • ئینجا کە لە بانگ و سەلا ئەبێتەوە پێی ئەڵێن مامۆستا : سمایل خان ئەڵێ نزیك بێژەو بە بابەکر ئاغای گەورە ئەڵێت پێم خۆشە ئەو مەلایە ئەو بانگ و سەلایە دووبارە بکاتەوە ، ئەویش ئەڵێت قوربان دووبارەکردنەوەی بانگ جوان نییەو ئەبێ یەك جار بوترێ بەلام لە قورئان خوێندنا هەمان دەنگی خۆش و بە سۆزی هەیە ، پێی ئەڵێ کە «عشرە»یە قورئان بخوێنێ بۆمان ، سمایل خان ئەڵێ : زۆرم پێ خۆشە دوای تەواوکردنی جەماعەتی خەوتنان ، دەعوەت بکرێت بۆ دیوەخان ، ئینجا ئەنێرێ بەشوێنی داو پاش رێزلێ گرتنی ، سمایل خان داوای لێ ئەکات هەندێ لە قورئان بخوێنێ ، کە دەست ئەکا بە قورئان خوێندن ، هەموو ئاغای پشدەر کە لەوێ دانیشتوون مل کەچ ئەکەن و گوێ ئەدەنە قورئانەکەو کارێکی زۆری کردبووە سەر سمایل ئاغا ، بەبێ ئیختیاری فرمێسك بەسەر رومەتیا دێتە خوارەوەو زۆر بە کوڵ ئەگری •

ئەڵێن کە قورئانەکەی تەواوکرد ، داوای لە مامۆستا کرد کە بێتە مەلای تایبەتی خۆی بەهەمیشەیی‌وە پێی ئەڵێن مامۆستا تازە ژنی مردووە ئەڵێ وەرە لەگەڵ مندا (١٠٠) لیرەی زێرت بۆ ئەدەم بە کچێك بەلام مامۆستا وتی من ئێستە ناتوانم بێم چونکە خوشکم لەگەڵدایە کە چوویتەوە جێی خۆت ئامادەم بێم بۆ لات ، بەلام قبوولی نەکرد کە لای ئەو بێ بە مەلاو هەر لە دێی «بادین» کچی ئەدەنێ و ژن ئەهێنێ و هەر لەوێوە ئەچێت بۆ رانیەو ئەبێت بە

مەلای رانیە ، لەوکاتەدا عیراق تازە کەوتبووە ژێر دەستی هێزو سوپای ئینگلیز، ئەو ماوەیەی کە لە رانیە ئەبێت ، قازیی رانیە شێت ئەبێت و خۆی ئەکوژێ ، کاروباری دادپەروەریی ئەوێ بە باوکم ئەسپێرن ، لەو وەختەدا خوا لێ خۆشبوو جەلال صائیب لەگەڵ کابتان کۆك کە فەرمانداری رانیە ئەبێت ، پێی ئەڵێن : بۆچی داوا ناکەیت ببی بە قازی ، باوکم ئەڵێت پێویستیم بە مووچەی میری نییە ، چونکە لەو کاتەدا مووچە خواردنیان پەسند نەئەکرد ، جا بەهۆی ئەوەوە کە ناوچەی پشدەرو مەنگوڕو ئاکۆ لە ئینگلیز هەڵئەگەڕێنەوە ، دەوری سوپاو لەشکری ئەدەن و لە شەڕی دەربەندی رانیەدا لەشکری ئینگلیز ئەشکێت و ئەویش رانیە بۆمباباران ئەکات ، ڕێکەوت هەوەل بۆمبا بە ماڵی باوکمدا ئەدرێت و بەشی زۆری کتێبەکانی بەر بۆمبا ئەکەوێ ، ئێستە هەندێك لەو کتێبانە ماون کە جێگەی ساچمەی بۆردومانەکەیان پێوەیە .

ئینجا ناچار رانیە بەجێ ئەهێڵێ و ئەگەڕێتەوە ناوچەی پشدەرو شارباژێڕ بە مەلایەتی دێی سەراو ، یاخسەمر ، گاپیلۆن ، سوورەقەڵات ، تاکو ساڵی ١٩٣٢ی زایینی کە ئەبێت بە مەلای مزگەوتی نەقیب و ، دوایی ژیانی بە مەلایەتی و ئامۆژگاری کردن ئەباتە سەر تاکو ئەگاتە رۆژی پێنجشەممەی مانگی نیسانی ١٩٦٣ی زایینی ، کە لە سلێمانی کۆچی دوایی ئەکات و لە گۆڕستانی شێخ جافەر کە ئێستا پێی ئەڵێن گۆڕستانی گردی جۆگە ئەی نێژن، ئەمەش لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە :

« چڕوستانی ئومێدی عەفوی خوایە
کە هاوناوی سەرۆکی ئەنبیایە »

وەکو لەپێشەوە وتم هەموو شیعرەکانی باوکم لە ماوەی ساڵی ١٩٣٢ی

زایینی تاکو ساڵی ١٩٦٣ی زایینی‌دا داینا‌ون که له ته‌مه‌نی چل ساڵیدا تێپه‌ڕیوه‌، شتێکی ئاشکرایه که ئاده‌میزاد له ته‌مه‌نی گه‌نجی تێپه‌ڕی به چاوێکی‌تر سه‌یری ژیان ده‌کات‌و ، بیر له دوا ڕۆژ زیاتر ده‌کاته‌وه ، چونکه ته‌ماشا ئه‌کات له ژیانی ئه‌وه‌نده‌ی تێپه‌ڕیوه زیاتره له‌وه‌ی که دێ‌و بۆی ئه‌چێت ، بۆیه بیر له پاشه‌ڕۆژ زیاتر ئه‌کاته‌وه ، له‌به‌ر ئه‌مه‌یـه که ته‌ماشای شیعره‌کانی بـاوکم ئه‌که‌ی‌و لێی ورده‌بیته‌وه ، تێبینی ئه‌وه ئه‌که‌ی که باسی پاشه‌ڕۆژو خۆئاماده‌کردن بۆ کۆچ کردنی دوایی‌و ، توێشـوو دانان بـۆ ئه‌م کۆچـه به‌سامه‌و ، بیرکردنـه‌وه له وه‌ستان له‌به‌رده‌م خوای گه‌وره‌و باره‌گای خوداوه‌ندو ئومێده‌واری به شادبوون‌و به به‌خشین له ڕۆژی پرسیاردا ، ئه‌مه ئامانجیه‌تی .

دیسانه‌وه لـه شیعره‌کانی‌دا به‌هێـزو تینه‌وه هێرش بۆ سـه‌ر هه‌ژاری‌و نه‌دارایی دێنێت چونـکه ئه‌و نه‌دارایه پێیه‌وه نووساوه‌و ، هـاوڕێی ژیانی بووه تاکو مردن ، بۆیه زۆر بـه ڕوونی‌و ڕه‌وانی باسی شتێکی کردووه ، که خۆی تێیدا ژیـاوه‌و ، به‌ده‌ستیه‌وه گرفتار بووه‌و پێیه‌وه تلاوه‌تـه‌وه ، هه‌روه‌ها ته‌ماشا ئه‌که‌ین زۆر به شـێوه‌یه‌کی شـیرین‌و له‌کانی دڵـه‌وه خۆشه‌ویستی‌ی نیشتمانی پیرۆزی له شیعره‌کانیدا ده‌ربڕیوه‌و ، زۆر به خۆشی‌و به‌سۆز ڕزگاریی نیشتمانـه‌که‌ی له‌ژێـر ده‌سـتی ده‌ره‌بـه‌گی‌و زوڵـم‌و زۆری زۆرداران‌و ، سه‌ربه‌رزی‌و سه‌رفرازیی نه‌ته‌وه خۆشه‌ویسته‌که‌ی ئامانجی گه‌وره‌یه‌تی ، بۆیه له شیعره‌کانیدا ستایش‌و خۆش‌به‌ختی ده‌ربڕیوه بۆ شۆڕشی ١٤ی ته‌مووز که وڵاتی عیراقی له بێگانه‌په‌رستی‌و بێگانه ئازاد کرد .

ئه‌مه‌ی که باسمان‌کرد ڕووپه‌ڕه‌یێکه به کورتی له ژیانی باوکم خوا لێی خۆش‌بێت ، ئینجا ئه‌گه‌ر که‌م‌وکوڕییه‌کی هه‌بێت ، ئومێدم وایه مامی به‌ڕێزم

پایه بڵند جەنابی حاجی مەلا عبداللّٰهی چڕوستانی ، خوا درێژە بە ژیانی بدات لە تەندروستیو خۆشیو ، سێبەری بەفەڕی بە سەرمانەوە بمێنێت تاکو زەمانێکی زۆرو ، لێی بێبەش نەبین ، هیوام وایە بەهۆی ئەوەوە کە باشتر ئاگادارو شارەزاترە لە ژیانی باوکمو ، بەسەرهاتەکانی کە نووسیومن ، ئەگەر کەمو کووڕییەکی هەبێت ئەو تەواوی بکاتو ، بە شێوەیەکی جوانو قەشەنگ ، پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی بکاتو ئاواتی باوکمو ، هەموو لایێك بێنێتەجێ بۆ پاشەڕۆژ .

ئیتر خۆشیی هەموو لایێك لە یەزدانی پاك داواکارین .

«یەحیا چڕوستانی»
١٩٨٤/٢/٢٥

# دوو وشە بۆ سەرەتای شیعری مامۆستای «چڕوستانی»

لە مەڵبەنـدی سلێمانیدا ، سەردەمێك کە ناوی «نالی» دەبـرا ، یەکسەر ناوی مامۆستا (مەلا محەمـەدی چڕوستانی) لەگـەڵ ناوی ئەودا دەهاتـە سەر زمان • لەناو مەلاکانی سلێمانیو ئەدەبدۆستاندا ، مەلا محەمەدی چڕوستانی بە یەکێك لە هەرە شارەزاکانی شیعری «نالی» دەزانرا ، هەروەك بە پارێزەرو لەبەرکەرو چاكخوێنـەوەی دیـوانی «نالی» دەنـاسرا • وەك لـە مەولوودنامە خوێندنەوەدا ، یەکێـك بوو لـە مەلا هەرە شـارەزاو فەسیحو بلندگـۆو چاك خوێنەکان ، لـە شیعر خوێندنەوەشـدا ، بەتایبـەتی لە خوێندنـەوەی شیعری «نالی»دا ، زۆر بە زەوقو زەمزەمە بوو •

دیارە ئـەم پێوەندی‌یە لەگەڵ نالی‌ی سەر شاعیردا لـە دەروونو هەستی مەلایەکی شارەزادا رەنگ ئەداتەوەو دەبێتە هۆی بەرهەمێکی تازە •

دەمێکیش‌بوو ، چڕوستانی بە شاعیر دەزانرا ، بەڵام بەڵگەی لە کۆڕی بڵاوکردنەوەدا زۆر کەم‌بوو ، تەنیا ئەو چەند بەشەی «دایکی وەتەن» بوو ، کە لە چەنـد ژمارەی گۆڤاری «گەلاوێژ»دا بڵاوکرابووەوە • بـۆ پاشماوەی

پێوەندی نـالیو چڕوسـتانی ، ئـەوە ئـەو دیوانەیـە کە بـە خـەتی خـۆی نووسیوویەتیەوەو خراوەتە بەردەستی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس‌و کوڕەکانی‌و لە چاپ‌و لێکدانەوەی «نالی»دا سوودیان لێ‌وەرگرتووە .

بەڵام ئەوەش لای من ، هەر تەواو نی‌یە چونکە ئەو نوسخەیەی بەخەتی خۆی بووەو خراوەتە بەردەستی ئەوان ، رەنگە نوسخەیەکی تازە بێت‌و خۆی «کە زوربەی شـیعری نالی لەبەربـوو» یا لەبەر یا لـە نوسخەیەکی‌تـرەوە لە نەخۆشخانـەدا نووسیبێتی‌یـەوە . دەبێ بـۆ بەڵـگەی‌تری ئەم پێوەنـدی‌یەو نوسخەی‌تر بگەڕێین .

بۆ رەنگدانەوەش ئەوە دیوانی مەلا محەمەدی چڕوستانی خۆی ، یا ئەو کۆمەڵە شیعرانەی کە پێشکەشتان دەکرێن .

دیسان وا دەزانم ئەمە هەموو شیعرەکانی نین . جا نازانم هەر ون‌بوون ، یا کوڕو کەس‌وکار ئەوەندەیان لێ پەسند کردووە ! ؟

بە هەمـوو بارێـکدا بەم کۆمـەڵە شـیعرە ، بڕیار لە بـارەی بەرهەم‌و شاعیرێتی‌ی چڕوستانی‌یەوە دەدرێت .

لە نالی ، کێشی ، بەسۆز ، قافیەی سوارو وشەی پتەوی بۆ ماوەتەوە .

سۆزی خۆشـەویستی ، کۆڵـەکەیەکی شـیعری مرۆڤـەو لـە شیعری رۆژهەڵاتدا بریسکە دەداتەوە ، لەبەرئەوە ئەگەر خۆشەویستی یەکێک بێت لە باسەکانی شیعری چڕوستانی ، ئەوە بەتەنیا نابێتە هۆی پەیداکردنی چمکێکی‌تر لەگەڵ نالیدا ، بـەڵام دەربڕینی خۆشەویستی هەر بە کەرەسـەی وشەکاری‌و

جوانکاری‌و دیمـەنی بەلاغی‌ی جوان‌و کێش‌و قافیەکانی نالی‌یـە • لەبەرئەوە شاعیر دەچێتە ریزی قوتابخانە بەردەوامەکەی نالی‌یەوە ، بێ‌ئەوەی رەسەنی‌و توانای خۆیی ون‌کـردبێت ، یا خۆی لە زۆر وشەی پەیدابووی تـازە بەکار هاتووی سەدساڵەی پاش نالی لادابێت • شاعیر بەسەر هەموو کەرەسە کۆنەکەدا زاڵەو بە بەکارهێنانی نوێ ، شتێکی تازەی لێ دروست‌کردوون • ئەوەی وترا بەسەر ئەو شیعرانەشـیدا دێتـەدی کە دەچنـە خانەی ستایشی ئایینی‌یـەوەو ، ئەوانیش یەکێکن لە بابەت‌و مەبەسەکانی شیعری نالی • ئەوەی تازەو جیایە ، شیعرە نیشتمانی‌یـەکانێتی • راستە لای هەموو ئەوانەی لە نـالی گەیشتوون ، «قوربانی تۆزی رێگەتم ••• هتد» و «دڵ سیاسەنگ نەبێت •• هتد»و تەنانەت ئەو شیعرانەی بۆ میری بەبە نووسراون ، دەچنـە ریزی سەرەتاکانی شیعری نیشتمانی‌ی کوردی‌یەوە ، بەڵام شیعرەکانی چرۆستانی با لە روخساردا هەر سەر بە شیعری قوتابخانەی نالی‌بن ، لە ناوەرۆکدا چەرخی نیشتمان‌پەروەری‌و سۆزی کوردێکی ئەم چەرخ‌و سەردەمەیان پێوەیە •

چرۆستانی «دایـکی وەتەن ، نیشتمان ، کوردستانی خـۆش دەوێت‌و ، خۆی بە یەکێك لە رۆڵەکانی دادەنێت •

هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ هەموو دڵداخورپانێکی ئەو رۆڵانەدایە ، هەموو شۆڕش‌و سـەرکەوتنێکیان «تـەزووی خـۆش» دەدەن بـە گیـانی ، ورشەو گەشە دەدەن بە شیعری لە دڵسۆزی‌و ویژدانەوە رەگەزێکی گەورەی نیشتمان پەروەریی کوردانی دەست‌نیشان کـردووە ، ئەویش برایی کوردو عەرەبە ، کە ئەمە بناغەی سـەرکەوتن‌و پێشکەوتنی وڵاتە ، دەربـڕی دەروونی پاك‌و بێگەردو دڵسۆزی کوردانە •

چرۆستانی بەم شیعرانە جێیەکی دیار لە ریزی شاعیرانی نیشتمان پەروەری کورددا بۆ خۆی دەدۆزێتەوە •

لەو شیعرانەدا کە لە بەردەستدان گەلێک مەبەستی‌تر هەن ، هەموو بەڵگەی ئەوەن کە شاعیر تەنانەت لەو شیعرانەشدا کە زیاتر لە هۆنراوە دەچن هەر ئەنجامی تەجروبەیەکی خۆی‌و ژیانی دەرخستووەو شیعرەکە ئاوێنەی رووداوێکە ، لەباری سەختی ساڵانی جارانی مەلای کوردەوە تا گاڵتەو قسەی خۆشی ناو خەڵکی سلێمانی‌و تا ئەورۆژەی لەدڵەوە چەپڵە بۆشۆڕشی چواردەی تەمووز لێ‌دەداتو بە نەخۆشی‌و دەردەداری سروودی بۆ دەڵێت •

چرۆستانی شاعیرە ، یەکێکە لەوانەی بەشێکی بەنرخی سامانی ئەم نەتەوەیەیان پاراستووە ، گیانی شادو یادی پاکو سەد سڵاو بۆ ئەو شاعیرە •••

د• عیزەدین مستەفا رەسوڵ

## چڕوستانیی شاعیر

پیاوێکی هوشیارو جەسوور ، هەرچەند نەخۆش بوو(١) ڕەنگ‌و ڕووی سوور ، ردێنی وەك مێزەری لە یەك دەچوون(٢) ، وتارو شیعری بە زەمزەمەوە ، گەلێك کۆڕی پێ ئارایش دەبوون ، لە ڕەوانبێژیو فەصاحەتدا وەها بوو ، کە سەرنجی هەموو خەڵکی ڕاکێشابوو ، تا بڵێی قانع‌و پیاوچاك .. تا بڵێی دەروون ساف‌و دەس پاك‌و بێ‌قسەو بێ‌ڕیاو بێ‌غەیبەت بوو .. پیرێکی مەردی بەغیرەت بوو ، لە جیهانی ئەدەبدا هەستیارێکی بەسۆز ، بۆ ڕۆڵەو نەتەوەی دڵسۆز .. خاکی نیشتمانی زۆر خۆش‌دەویست ، بەرزی کوردستانی لا بوو مەبەست ، تاقانەی سەردەمی خۆی‌و ناوازە ، لە بنەماڵەیانا دێرین نەك تازە(٣) ، لە ژیانی فەقێ‌یەتی‌دا سەرەڕۆ ، لە ژیانی مەلایەتی‌دا ڕەنجەڕۆ ، بۆ

---

(١) مامۆستا مەلا محەمەدی چڕوستانی لەم دواییەی ژیانی‌دا نەخۆشی‌و ئێش‌و ئازار زۆری بۆهێناو ئاکام لە ساڵانی (١٩٥٥-١٩٥٦) بۆ ماوەیەك لە نەخۆشخانەی تویسمە لە بەغا خستی‌و پاشان لە ساڵی ١٩٦٣ی‌ز بە یەکجارەکی تەمەنی لە دەس‌داو کۆچی دوایی‌کرد .

(٢) مەبەست لەوەیە ردێنیشی وەك مێزەری سپی بووبوون‌و لە یەکتری جیا نەدەبوونەوە .

(٣) مەلا عەبدولڕەحیمی چڕوستانی سێ کوڕی بوون ، [مەلا یەحیاو مەلا

مژینی هەڵاڵـەی زانست ، وێنـەی پەپوولـە گەلێ چڵ چوو ، گـەلێ گوڵ چوو ، بۆ پیرۆزی تەریقەت بە پیری گەلێ پیرەوە چوو(٤) •

یەکەم شیعری زمانی بە بەستەی نەورۆز •• بە نەغمەی بەهار پژا(٥) ،

---

مەلا محەمەدو مـەلا عەبدوڵلا] بە مردنی مەلا یەحیا هەر لـە سەردەمی خۆیدا مەلا محەمەد دەبێتە براگـەورەو پێموایە مامۆستا مەلا یەحیا کە ئێستا پێش‌نوێـژی سوپایە لە بەغداد لە خۆشەویستی مەلا یەحیـای برا گەورە ناونراوەتەوە •• مامۆستا مەلا محەمەد [مەلا یەحیاو کاك ئەحمەدو کاك عەلی] لەدوا بەجێماون •

(٤) بۆ ئەم مەبەسـتە بڕوانە ئەم شـیعرەی شاعیر بزانین لـەم رووەوە چی دەفەرموویت :ـ

« ئەیا فەخرەل عەرەب من چـاوەڕێی لوتفم کە هاوناوم ،
بە ناووت گەرچی کـوردم ، نیسبەتی ئەسڵم چڕوستانە •
لـە ئـادابی تەریقـەت کـە تەریقـم وشـکە ئیخلاصـیم ،
بە دەرگای شای بوخاری ، بازی ئەشهەب غەوسی گەیلانە »

دەبینین چڕوستانی چـۆن باوو باپیرانی دڵسۆزی تەریقـەتی نەقشبەندی بوون ، ئەمیش هـەر بەو جۆرە سـووتاوی چرای رووخسـاری ئەوان بووە ، هەرچەندە لە شیعرەکەشدا دەری‌دەخات ، با لە پشتیشەوە بچنەوە سەربازی ئەشهەبو شێخ عەبدولقادری گەیلانی •

(٥) «لە گوێما دەنگی بێ ڕەنگی بەهارو کۆچی زستانە ،
کە گوایە باری غەم نامێنێ نۆرەی کەیفو سەیرانە •
لە باس‌وخواسی خەڵکی وا دیـارە جەژنی نەورۆزە
کە ڕۆژی تـازە دێ دەبڕێ لەچاوا ئـەم تەمو تانە»

دوا شیعریشی توێشەبەرەی ئەو دنیای بوو •• بە ئاوازی خۆشیو دەنگو سەلای کاریگەر ، بە زەمزەمەی پڕ شۆخی بەردی دەهێنایەگەڕ(٦) عەجایب کسپەیەکی لە دەروونندا هەڵدەستاند •• عەجایب ئاهێکی لە دەماخدا دەهەژاند •• ئای چ کۆڕێکی ئارایشت دەدا •• ئای چۆن تۆزی خەمێکی بەبا دەدا •••

زاناو شاعیری ئەم باڵا بڕینە مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدولڕەحیمی ناسراو بە مەلای «چڕوستانی» •

با بزانین ڕێبازی شیعری ئەم شاعیرە مەزنە چۆنبووە •

چڕوستانی بێ لەو چەند پارچە شیعرەی کە کاتی خۆی بەناوی (دایکی وەتەن)ەوە لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژی ئازیزدا ، بلاوی کردۆتەوە(٧) ، ئیتر شیعری بلاوکراوەی بەرچاوی خوێنەران نەکەوتنو تا

---

تا لە کۆتاییدا دەفەرموێ :ــ

«چڕوستانی» بە ئازادی ، دەپشکوێ گوڵ بە دڵشادی ،
تکایە نیشتمان زادی ، بڵێن ئەم شیعرە خۆشانە •

(٦) مامۆستا مەلا محەمەدی چڕوستانی چۆن شاعیرێکی بەهرەدار بووە ، هەروەهاش هونەرمەندێکی لێهاتوو و دەنگخۆش بووە ، وەك دەگێڕنەوە زوربەی شیعرەکانی «نالیو مەحوی» بە ئاوازو مەقامەوە سەرکەوتووانە وتووە •

(٧) وەك لەم دواییەدا لە مامۆستا صالح چڕوستانیم بیستووە ، تەنها هەر شیعری بلاوکراوەی لە گەلاوێژدا نەبووە بگرە شاعیر چەند پارچە شیعرێکی تریشی لە «دەنگی گێتیو هەتاو»دا بلاوبۆتەوە ، ئەوانە من نەمبینیون •

ئێستاش لە مەیدانی ئەدەبدا ونە •

جا بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر لێکۆڵەرەوانی ئەدەبو بەتایبەتی ئەوانەی عاشقی شیعرەکانی مەلای چڕوستانین ، بیانەوێ باسێ لە سەر شیعرەکانی ئامادەو پێشکەش بە مێژووی ئەدەبی کوردی نازدارمان بکەن ، ئەوا دەبێ وێڵی زۆر سەرچاوەی باوەڕ پێکراوبن • تاکە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراویش ئیمڕۆ بۆ ئەم مەبەستە لەبەردەستا بێت تەنیا دیوانە دەستنووسەکەی شاعیر خۆیەتی •••

جا بۆ ئەو مەبەستە ئێمە ئەگەرچی سەرپێییش بێت ، سەرنجێ لە شیعری ئەو دیوانەی شاعیر بدەین ••• دەبینین دنیای شیعری مامۆستا مەلا محەمەد گەلێ قووڵو وردە ، پڕە لە زۆر رەوانبێژیو یاریکردن بە وشەو وشەئارایی و جوانکاری ئەوتۆ ، کە کەم شاعیری ئەو سەردەمە دەسەڵاتی بەسەریا بووەو ، توانیویەتی هەڵس و کەوتو بەو جۆرە مامەڵەیان لەتەکدا بکات • جگە لەوانەش شیعرەکانی شاعیر لە بۆتەو قاڵبی مانـاو ناوەڕۆکەوە دەکرێن بە چەند بەشێکەوەو ، هەر بەشەشی لە بناوانو سەرچاوەیەکی صافو بێگەردەوە هەڵقوڵاوە ••

دیارە هەموو ئەو بەشانە لەم لقانەی خوارەوەدا رەنگو بۆی خۆیان دەدەنەوە :ـ

١ ـ شیعری ئازیزی [ئاوو خاک]و خۆشەویستی [بەهارو نەورۆز]و نازداری [رۆڵەو نەتەوە] کە سەرجەم ئەو شیعرانە ، لە شیعرە نیشتمانیەکانی شاعیردا خۆیان دەنوێنن ، کە کاتی خۆی بەشێکی بە ناوی «دایکی وەتەن»ەوە لێ بڵاو بووەوە •

٢ ـ شیعری ئـەوینو عەشقو دڵداری ، کە هەموویـان وەسفی جوانی خەتوخاڵو موژەو زوڵفـو روو و لێوو چاوو برۆی یارە •

٣ ـ شیعری **پاڕانەوەو پیاهەڵدان** به خوای گەورەو پێغەمبەرو یارانیدا ، کە بەوەش ئەو شیعرانە تێکڕا دەچنە خانەی شیعری [ئاینیو خواناسیەوە] •

## وتەیەك دەبێ بووترێ :

سەرجەم شیعرەکانی شاعیر بە هەموو بەشەکانیو لقەکانیەوە ، تەونی چنینو سفتو سـۆڵی داڕشتنیان ، لەسەر ڕێچکەو ڕێبـازی شیعری کلاسیکی رایەڵکراوە ، بە پێودانەیەکی ئەوتۆ کە بە تەواوەتی هێزو تینو تەووژمی لەو قوتابخانە شیعریەوە وەرگرتووە ••• بە جۆرێکی وەها خوێنەران بە گران دەتوانن لەو قوتابخانە شیعریەی جیابکەنەوە ، ئەگەر جارجارێکیش شاعیر ویستبێتی چەنـد بابەتێـکی نـوێو تـازە بەتایبـەت لـە نـاوەڕۆكو شیعرە نیشتمانیەکانیدا لە بۆتەو قاڵبێکی نوێدا جۆش بدات •• ئەوا خوێنەران زوو هەستی پێدەکەن ، چونکە لەو حاڵەتەشدا هەر سیماو نیشانەی ئەو قوتابخانە شیعریەی پێوە دیـارەو ، بگرە ئەتوانـین بڵێین : هەر درێژە پێـدانو گەشە پێکـردنی ئـەوەو ، هـەردەم پەیـڕەوی شاعیرە کلاسیـکیەکانی بـەر لە خۆیەتی(٨) •

## وشەیەکی شیاوتر :

منیش پێموایە ، وەك چۆن رای زوربەی ئەدیبو ئەدەب دۆستان لەوەدا یەك دەگرێتەوە ، کە شیعرە دڵداریـەکانی مامۆستا چڕوستانی شوێن پێی

---

**(٨)** «وەك نالی ، سالم ، کوردی ، مەحوی» •

شیعری شاعیری مەزنو بلیمەت (مەلا خدری نالی)یان هەڵگرتۆتەوە ، بێجگە لەوەش مامۆستا مەلا محەمەدی چرۆستانی کە هەموو شیعرەکانی نالی بە چاکی لەبەربوون ، جـوانو رەوانیش لە شـوێنی شیاوی خۆیدا راڤـەی دەکردنو لێکی دەدانەوە ، جا لەبەر ئەوە چرۆستانی بە یەکێك لەو ئەدیبانە دادەنرێت کە بە ئەمانەوە دەست پاکی‌یەوە شیعرەکانی نالی‌ی پاراستوونو نەیهێشتووە دەقو تێکستی شیعرەکان بشێوێن ..

ئێستاش بۆ ئەوەی لە جەوهەری باسەکەمان دوور نەکەوینەوە ئەم دوو پارچە غەزەلەی شاعیر بە نموونە دەخەینە پێش‌چاوی خوێنەرانی ئازیز :ـ

## پارچەی یەکەم

من کـە دڵ ماتـەم نشـینو بولبولیش هـاوارو شین
هەر یەکە سەوداسەری خونچـەی گوڵێکی بێغەشین

من بە نەقدی دڵ لە سەوزەی خونچە لێوی سوخمەشین
ئەو بە ئاهی لێوی خونچەی دوگمە سەوزی ئاتەشین

هەر یەکە خارو جەخارێ ، باری دەردی دڵکەشین
تاڵی شـاری کوڵمو ژاری مـاری زوڵفی خەمچەشین

هەر یەکە زامی بە تیرو نەشـتەرێ کون کون لەشین
دڵ بـە ئاواتی نەبـاتی گوڵ دەمی ماتـەم بە شـین .

هەریەکە سەرخۆشی جۆشی قەتـرە عەترێکی خۆشین
کوا نەسیمێ بێ ؟ ! بەیانی دەم گوڵی‌کا ، مەهوەشین

تا لە کۆتایی‌دا دەفەرموێ :ـ

من سەرم سورماوە چۆن یەك کەوتوون وا سوورو شین
خاڵی شین ماتم دەکا ، بەو لێوە سووره دڵگەشین ،
ئوچی پاراوو تەڕی زاری «چڕوستانی» یەقین
بولبول ئاسا نەغمەیێ سەد نەزمە بێ تالع رەشین

دەبینین شاعیر هونەرمەندانە توانیویەتی خۆی بە بولبول بچوێنێ‌و ئەو ئاسایی هاوارو شینی رووی پەڕەی گوڵی بێ .... بەڵام چ گوڵێك ؟ گوڵێکی بێ عەیب‌و غەل‌وغەش ، کە هەردەم لە هەستەوە بە نەقدی دڵ حەسرەتی خونچەی لێویەتی‌و بە دڵ عەزرەتی سوخمەی شین‌و دوگمەی سەوزی ئاگرینێتی . بەڵام ئاخ سەد ئاخ ! ئۆف سەد ئۆف ! بەو ئاواتانەی ناگات‌و غەم‌و دەرد زیاتر دەبنە سەربارو ئەو کوڵمە شیرین‌و گەشەی یار ، لەلای تامی تالی شاری دەدات‌و ، زوڵفی رەشماریشی پەیتا پەیتا ژاری خەمی لێ‌دەنۆشێت .. بۆیە برین‌و زامی جەستەکەی کە بە موژەی یار شەقار شەقار بووە ... وەك زامی دەلاقە تێکراوی جەستەی بولبول ، بە چقڵی تیژی گوڵ وایەو چاوەڕوانی بای سەبای بەربەیانە ، بەشکم بەبۆی عەترو عەنبەری ، کەمێ دڵی پ ژارەی فێنك بکاتەوەو تۆزێ جەستەی زامداریشی سارێژ بکاتەوەو لەو بەد مەستی‌و سەرخۆشی‌یەی لە هۆشی بردووە ، بە ئاگاو هەست‌و هۆشی بێتەوە . سەرەنجام شاعیر دێتە سەر ئەو بیرەی بڵێ :ـ

عەجەب ماوم لەوەی یار ئەوەندە کوشندەیە ، کەچی منیش لەگەڵ ئەو هەموو کوشندەیی‌یەیدا زیاتر کوژراوی دەبم ، دەستم لێی بۆ هەڵناگیرێت !! جا نازانم چ شتێك یەکی‌خستووین ؟ سەیرە لام چۆن سوورو شین بەسەر یەکدا جۆش‌دەخۆن‌و یەك دەکەوون ... خاڵی شین خەفەت بەخشەو ، لێوی

سووریش دڵشادی دەبەخشێت ، دە وەرە بولبولی سەناخوان تۆ چۆن نەغمەی پڕ سۆزت بۆ گوڵ دەڵێی ، منیش هەر قەڵەمی دەمم سەد نەزمی جۆراوجۆری لێدەبارێ .. کەچی نەمن ... نەتۆ بەختەوەرینو چارەو بەختی تالعی ڕەشمان نایهێنێت .

شاعیر لە غەزەلی دووەمدا ، کە سەرانسەری عەشقو دڵداریو خۆشەویستی‌یە ، زیاتر لە مەبەستو ڕازەکانی دادەگرێتو دەفەرموێ :ـ

## غەزەلی دووەم

ئەی بوونو نەبوونی نەفەست مانو نەمانم ،
بێ نەقدی هەوا مردنو سەوداتە ژیانم ..
ئاوایی دڵم چۆڵە بەبێ خێڵی خەیاڵت ،
ئاوایی بە دڵداری بفەرموو دڵوگیانم ..
بێ دەرکە ڕەقیب ئەو تەمەڵە لاتی هەلاتە
خۆم مەشقی خەمی ئەشقی تۆ ئازانە ئەزانم ..
ئەو دڵ ڕەشە نەعلو یەمەنی ماڵە بە دەمیا
من مۆرە دڵم ماڵی لەبی لەعلی یەمانم ...
ئاوارە دەکا پەرچەمی ئێوارە تەماشام ،
وا هەر بە تەما چوونی شەوو بوونی بەیانم ..
لابە تەمی زوڵفت لە سەر ئاوێنەیی کوڵمت
با چارەیی بێ چارە بدا جارێ نیشانم ...

تا لە کۆتایی شیعرەکەدا دەفەرموێ :ـ

عەهدێکە دوو پێم ناوەتە رێی عەشقتو ماتم
بۆ شموێنەوونی هەر بە تەما هاتی ژوانم ...

کەشکۆڵی دڵو زاری «چڕوستانی» لە نەزما ،
ئاواڵەیە ئاوارەیی بەزمێکی رەوانم ......

ئەوەتا شاعیر لەم پارچە غەزەلەی‌دا مانو نەمانی ژینی بە بوونو نەبوونی ژوانی یارە شۆخو شەنگە نازەنینەکەیەوە دەبەستێتەوە ، چۆڵی ئاوایی دڵی بە خۆشەویستی دڵو گیانی دڵدارەکەی دەسپێرێتو ئاوەدانی دەکاتەوە ، بۆیە دەڵێ رەقیب نەفامو بێهۆشە ، فڕوفێڵاویو ناڕاستە ، وەك من نازانێ ئازایانە مەشقی عەشقی خەفەت‌باری دڵداری بکات . دیارە بەوەش داخی دڵی گەوهەری شەوچراخی بەنرخو بەبەهای خۆی ون دەکاتو من‌ئاسایی مۆری دڵی خەرجی ئەو گەوهەرو لەعلە پڕ بە بەهایە نی‌یە ، کەواتە ئەی یاری نازدارو نازەنین ، تا زووە لە تۆڵەی ئەم هەموو وەفاداری‌یەدا زوڵفی شەوەزەنگی پەرشو بڵاوت لەسەر رۆژی رووت لادە !
چونکە من لە مێژە بەتەمای نیگای روخساری بێچارەیی خۆمم ، کە بۆ جارێك چی‌یە ؟ لەسەر ئاوێنەی بلووورینی کوڵمەکانت دەرکەوێت ... بۆیە دنیای عەشقو خۆشەویستیت کەشکۆڵی دڵی منەو زۆر شتی سەیری هەڵگرتووە .. تەنانەت نەزمی غەریبو نامۆشم ، چاوەڕوانی ئاواڵەی بەزمێکی پڕ جۆشو خرۆشی ئەوتۆیە زیاتر خۆشی بە هەستو گیانو رۆحم بدات .

## پاشگەزبوونەوەیەکی ئاشکرایی شاعیر :

مامۆستا مەلا محەمەدی چڕوستانی پاش ماوەیەك بە سەر دانانی هەندێ

---

(۹) هەروەك لەم پارچە شیعرەیدا دەرئەکەوێت کە ئەفەرمووێت :ـ

لەو شیعرە دڵداری‌یانەی ، تۆوی گیانی پەشیمان بوونەوە لێ‌یان ، واتە لەڕووی ناوەڕۆكو مانایانەوە ... لە دڵی‌دا چەکەرە دەکاتو رەگو ریشەی خۆی دادەکوتێت ، تا ئەنجام سەوز دەبێتو سەر هەڵدەدات ...

جا بۆ ئەو مەبەستە شاعیر دەروازەی شیعرە دڵدارییەکانی لەم رووەوە کڵۆم دەدات ، شیعری ئاینیو پاڕانەوە لە خواوەندی گەورەو ، پیاهەڵدان بە پێغەمبەرو یارانیو زۆر باسی‌تری ئەو بابەتە ، بەڕای من هەرچەندە شاعیر لەم بابەتە شیعرەدا وەك شیعرە دڵدارییەکانی سەرکەوتنو پێشکەوتنێکی گەورەی بەدەست نەهێناوە ، بەتایبەتی لە رووی داڕشتنو شێوەوە ... بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، زیاتر شاعیر مەزەی (تەبعو مەزاج)ی لەگەڵ دانانی ئەو شیعرانەدا دەگونجێو رێكدەکەوێت ... پێشم‌وایە هۆی گشتی ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ، کە مامۆستا مەلا محەمەد هەر لە پشتاوپشت مەلازادەیی هاتبێتە خوارەوەو لەناوباوەشی بنەماڵەیەکی ئاین‌پەروەریدا گەورە بووبێتو چاوی کردبێتەوە .

ئەوەتا شاعیر لە مەیدانی شیعرە ئاینییەکانیدا بڕە شیعرێکی (۱۳۱)[*] بەیتی ، کە ناوی [حەوت چینی چەمەن]ەو دەست رەنگینیو قەڵەم بە بڕشتی خۆیمان بۆ دەردەخاتو منیش تەنها دوو نموونەیان لە چینی [یەکەمو حەوتەم] بەرچاو دەخەم ، بە مەبەستی تێگەیشتنو حاڵی بوون لەم جۆرە شیعرەی مامۆستا .

---

بە پیری عەجایب گروگاڵ ئەکەم
عەجەب‌تر کە باسی خەتوخاڵ ئەکەم

تا کۆتایی شیعرەکە .

ئێستاش ئێوەو هەندێ بەیتی ئەو دوو چینە شیعرە :ـ

## چینی یەکەم

عەجەب جەمعیەتێکە ئـەم بەهارو جەژنی قوربانـە
لە قەڕنێـکا «تصادف»کا مەگەر ئەم نەوعـە جەژنانە

دڵو گیـــانم بێ قوربانی ، قوربـانێ جڵەوکێشـــە
کە راکێشێ لەگەڵ خۆی ئەم بەهارەو ئەم گوڵستانە

مەڵێ خـاکی حیجازی پڕ لە حاجی کـردووە تەنیا ،
بڵێ دنیا سەراسەر «في المثـل» وەك حاجی بوستانە .

تا لە کۆتاییدا دەفەرموێ :ـ

بە نەشئەی بای سەبەینان‌ۆ شنەی خۆشی شەماڵی ئەو ،
عەجەب سەف سەف لە رەقسان‌و چلۆن هاتونە جۆلانە

«چڕوستانی» هەموو عالەم سـەناگۆی زاتی مەننانـە
ئەگەرچی ئەم قسانە دێتـە گوێی مونکیر بە ئەفسانە

بەڵام شاعیر لە دوا چینەکانی ئـەو حەوت چینەی چەمەن‌دا ، کە چینی حەوتەمی چامەکەیەتی ، بەمجۆرە تێهەڵدەچێت‌و دەفەرمووێ :ـ

## چینی حەوتەم

لـە مەحشـەردا شەفاعەتکـردنی تاهـا رجامانـە ،
کە عەزم‌و هیممەتی بۆ ئوممـەتی داماوی دەرمانە ..

شـەفیعیٚ «رحمـة للعالمین» بیٚ ، غـیرەتی وایـە
نـەبیٚ رازی ببینیٚ ئوممـەتی دووچـاری خـوسرانە

شەفاعەتیە ئومیٚـدم ، گەرچی بیٚمایـەم لە پەیڕەویـا
کە ئەو کانی کەرەم دەس مایـەیی رەحمی گەدایانە

بە جاهی خۆت لە رۆژی «ئوممەتی» «واشفع تشفع»دا
لە هـاوارم وەرە وەختیٚ جەنـابت سـەدری دیوانـە

تا لە کۆتاییدا دەفەرمویٚ :ـ

دوعای خیٚـرم رجایە ئەی برا گەل بـۆم بکەن خیٚرە
ئەگـەرچی شـیعرەکانم وەك دڵـم خـاوو پەریٚشـانە

بە تیٚڕوانینیٚکی ئەم شیعرانەی دوایی شاعیر بەتایبەتی (ئەو حەوت چینەی جیمەن) کە شاعیر دەرحەق پاڕانەوەی لە بـۆ رۆژی قیامەتو شەفاعەتکردن رازاندوویٚتییەوە بـە گیانو دڵ هەنـا دەباتە بـەر ئەزمو هیممـەتو غیرەتی پیٚغەمبەرو داوای پشتو پەنا بۆ خۆیو کۆمەڵی لیٚدەکاتو دوایشە دەڵیٚ منو ئوممەتم لەو رۆژە ناخۆشو پڕ هەڵدیٚرو ناهەموارەدا چۆن تووشی ناخۆشیو دووچاری دەردیسـەری دەبین کە دەسـمایەمان کەسیٚ بیٚ هـەردەم هاوارو شەفاعەتی بیٚجیاوازی بـۆ هەمووان بیٚو لـە رۆژی جەزادا سـەدری دیوان بکات ، ئەمانە هەر هەمووی ئەو راستیـیەمان لا روونو ساغ دەکاتەوە ...
کە خوالیٚخۆشبوو مامۆسـتا مـەلا محەمـەدی چڕوستانی لەم چامـە گەورەو بەرزەیدا پەیڕەوی شیعرە ئایینییەکانی مەحوی [١٢٤٦هـ-١٣٢٤هـ] کردۆتەوەو بیٚشكو سڵەمینەوە چووەتە دنیای شیعری پڕ لە خواناسینو تەسەووفی مەحوی شاعیرەوە .

تەنانەت لەو برە شیعرە دوورو درێژەیدا ، ئەویش شان دەکوتێ و ئازایانە دەچێتە ریزی گشت چامە ئایینییە کوردییەکانی ترەوەو بەمەش شاعیر بەردێکی تری نایە سەر چینی بناغەی ئەو چامانەو لاپەرەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی‌ی پێ رازاوەو قەشەنگ کرد .

**سۆران مەحوی**

# ســــــــەرەتا

لە ساڵی هــەزارو سێسەدو پەنجاو دووی کۆچی پێغەمبــەری گەورەو ئازیز «صلی الله علیه وسلم» کە ئەمبیست لاوەکان بە گۆرانی دەیانووت :ــ

چەن خۆشە(١) لــەلام دارو بەردی وەتەنم ، ٠٠٠٠ شــەرتە بۆ وەتەن جان‌فیدا کردن ، ٠٠٠٠٠٠ بــیرم ئەکردەوە کە نە خواردن ، نە پۆشــین ، نە گفتوگۆیان ، وەتەنی نەبوو ، وە لێیان ورد ئەبوومەوە کە هەر دەمو گوتەیان هەیەو کردەوەیان هەموو بێگانەپەرستی‌یەو ، تۆزێك نیشانەی زەتەن‌پەروەریم لە ناویاندا نەئەدی ، پێم ئەزم نەکرا ، بەهــۆی ئەوەوە ئەم تەمســیلەم دانا ، تەمسیلی «دایکی وەتــەنی کورد» بۆ یادگاری ، پاشەڕۆژ مەگــەر دزای خۆم ئاوڕێکی لێبدرێتــەوە ، بەشکم مەردێکی ئازای خاوەن دەس‌و دڵ بــە چاپ کردنی بیژێنێتەوە ، با ئێستەش هۆی تانووت‌و جنێوی هەرچی‌وپەرچی بێت ، ڕۆژێك دێت بکەوێتە گەڕو لە سەر دەســتان‌و بەرچاوانی ڕاگرن ، وەکو لە ئاخرەوە وتوومە :ــ

پەروانــــەرە مــــۆخی گوتــــەو لادە لــــە خێــــوی
قۆڵ هــەڵ مەکە لــە خراپــەو تانووت‌و جنێــوی(١)

---

(١) چرۆستانی خــۆی بەمجۆرەی نووسیوە ، بەڵام راســتەکەی : «چەند شیرنەلام ٠٠٠» ٠

(١) مۆخ : ناوەڕۆك ، مێشك ٠ خێو : خاوەن ٠ تانووت : توانج ٠

گەر گوێی نەدەنێ کۆمەڵی ئەم چینە دەگونجێ
چینێ کە لە دوا من بێ ، وەری بگرێ بە گەنجێ(٢)

بەڵێ رەخنە کە راستو رەوانو لەلایەن ژیرو خاوەن هۆشو بیرەوە بێت خۆشە ، چونکە ئیشوکارو وتاری دینو دنیایی بێ رەخنە نەبووەو نابێت، ئەمما کە بە خۆڕاییو بەهۆی فیزو لووتبەرزیو قینەوە بێت ، ناڕەواو ناخۆشە . دیسان کەس نییە هەڵە نەکاتو پێی هەڵنەکەوێت لە ماکاوێک ، دێراوێکو لە بانەیەك هێڵێك خوارو خێچو لە تیرەیەك خێڵێك ناهەموار نەبێت ، بێویستی بەچاوپۆشیو ، هیوا لێبوردنە .

قسەم زل ، هیچ لە بارمدا نییە بمبێ ، ئەگەر ئینساف
رەقیبان رق ئەگەر بگرن بدەن لێم تانە حەقیانە

دەمم گەرچی تەڕە ، کاسەم گەلێ وشکە ، گەلێ یەعنی
قسەم شیرینو خۆشە ، کردەوەم زۆر تاڵو ناجوانە .

«ئەم دوو شیعرە سەرەتای چینی شەشەمە لە حەوت چینی چیمەن» .

٣ی شەوال بە قەڵەمی هۆنەرو ، هەڵبەستی :ــ
١٣٧٧ك .

«محمدی چڕوستانی» ٢٣ نیسان/١٩٥٨ز .

---

(٢) گەنج : ماڵی بەنرخ ، خەزنە .

به ناوی خـودای رۆزی دەرو خێوی پەرۆشـە
پیتەو فەڕی سەر پێغەمبەری کانگەیی هۆشە(۱)

ئینجا نەتەوەو هـاوڕێ دوواکەوتووی خاسان
ئێمـەش بگرێ ترس‌و سزا لابـەری ئاسان(۲)

## سکالاّی دایکی وەتەنی کورد لە دەس نەتەوەی ...
## «هـەراق»

یەك شـەو لـە کـەلاوەی دڵی سـاباق‌و وڕاقـا
خەو رۆی‌و زڕا رۆچـوو لـە راوێـژو مەراقـا(۱)

تا بیری ئەکـرد هێندە لە ناو کـوردی کەساسا
ئەم نەگبـەتی‌یە هەر لـە برەودایـە دەتاسـا(۲)

هەر ریشەیی خۆی دادەکـوتێ‌و تەرزی دەهاوێ
سەرپاکی لەیەك کردن‌و، هیچ کەس کەسی ناوێ(۳)

---

(۱) روزی : رزق • خێوی پەرۆش : خاوەنی بەزەیی • کەسی تەنگانە •

(۲) خاس : چاك •

(۱) ساباق : چۆڵەوانی ، ساردوسڕ • وڕاق : فراوان ، پان‌وبەرین • راوێژ : وتووێژ ، بیرکردنەوە •

(۲) برەو : بایەخ ، زۆر •

(۳) ریشە : رەگ ، بێخ • سەرپاك : سەراپا ، تێکڕا ، هەموو •

هەرچی ڕەگەزە ڕێگەیی خۆی گرتووە ئازا
ڕۆڵەی ڕەگەزی کوردی لە ڕێ بۆچی ترازا(٤)

هەر ژیرو هەژاری لە ژییانایە هەراشە
ئەم کوردە نەبێ کەوتووە ساوایە لەپاشە(٥)

هەوڵی هەموو کەس بەرزی‌یو پێشکەوتنە کۆکن
بۆ لەم نەتەوە هەڵنەکەوێ ، پێژی نەزۆکن(٦)

---

(٤) ڕەگەز : تیرە •

(٥) هەراش : گەورە ، پێگەیشتوو •

(٦) کۆك : یەکبوو ، تەواو ، باش •

نەزۆك : مێیینەیەکە سکوزا نەکات •

## «کوردی پێشوو چۆن بووە کوردی ئێستە چۆنە»

بیستوومە کە دارشتنی ئەم کوردە لەمـەوبەر
هەروەك لە گـڕو با مس‌و پۆلابـو کەلانتەر(١)

هێزی وەکو بابوو ، گوڕی هەروەك گڕی ئاگر
سەرکردە بە باهوو ، پتەوو سەخت‌و قەڵاگر(٢)

تینی وەکـو شـێرێ ، کـە بـدا تاوو پەلامـار
یا چەشـنی پڵنـگێ دڕی هەڵمەت‌بـەری زامار

پیاوانی لە سەربەرزی‌یو ساما هەموو وەك کێو
لاوانی بە نـرکەو لە تەکانا هەمـوو وەك دێو

ئەم کوردە بە جەرگە کە لەتیر چاو نەترووکێن
بۆ زارەترەك ، ئێستە دەتۆقێ لە هەلووکێن ؟(٣)

---

(١) کەلانتەر : دەمڕاست ، ئیش بەدەست .

(٢) باهوو : قۆڵ .

(٣) تروکێن : نووقاندن‌و کردنەوەی چاو بەخێرایی .

زارە : سووك‌کراوی وشەی «زاڵە»یە بەواتا «زراو» .

زارەترەك : شێوەی هەورامییە بە واتای «زراو تەقیو» لە ئەنجامی ترس‌و

ئەو قاڵبی وا قایمــە ، وەك كۆشكی خەوەرنەق
وەك پردی رزیوە ، كەلو كۆماوە ، شڕوشەق(٤)

داخم لەبەر ئەو قــەددو قەڵافەتیــە لــە پێشا
ئەستووروو بە خۆوە ، وەكو فیل كێوی دەكێشا

ئێستە گزو لاوازە لەســەر پشتی هەڵێ زوێڵ
جوولانی نی یە تا دەخەنە ژێری دووسێ نوێڵ(٥)

هەر دانو خــڕێو كاكیلەیێ ئێستە ئەنــواڕی
هەر وەك چەپەری كۆنە هەوەل بەردی ئەهاڕی(٦)

ئەو چاوە گەلاوێژی یە تیژ بوون وەكو دووربین
بۆ ئێستە دلۆپە لە قەراخی دەتكێ شین

تا ئێستە نەڕەو نەعرەتەی ئــەو شێرو بەچانە
دەتووت كە لــە دوژمن گوڕە بۆ داچلــەكانە ؟

---

سامی زۆرا ، وترا ویشە زراوت تۆقێ ، وە هەم بەمانا زۆرترساو
یا دەمو لێو قلیشاو هاتووە •

(٤) خەوەرنەق : ناوی كۆشكی نەعمانی كوڕی مونزیرە ، وشەكە فارسیەو كراوە بە عەرەبی ، ئەسڵی : خۆرانگاهە ، بەمانا : جێگای نانخواردن •

(٥) زوێڵ : توێخ ، چەرم ، پێست •

نوێڵ : پارچەیــە ئاسنی ئەستوورە بۆ بەرزكردنەوەو هەڵكەنــدن بەكار دێت •

(٦) چەپەر : ئەو پەرژینەیە كە لە تووڵەدار دروست ئەكرێت •

بۆ ئێستە دەڵێی ڕێـوی‌یی پـیرن دەخـزێنە
نێو کون وە دەزانن کـە چەقەڵ شمێر بەزێنە(٧)

ئەو کوڕگەلی وا سماغە کە دەتووت مس‌و پۆڵان
بێ پێزو بڵاو ئێستە کە هـەروەك قوڕی کۆڵان

کوا داکی وەتەن هەڵمەوت‌و هێزی کوڕەکانی ؟
کوا سـامی دەم‌وچـاوی سمێڵ بابـڕەکانی ؟

کـوا راپـەڕو قۆچاخی‌یـو چـالاکی‌یی ڕۆژان
کوا زەبرو زەنگی ئاسن‌و شمشێر کروژان(٨)

کوا ژیری‌یو وریـایی‌یو مۆژگاری لە پیاوان ؟
کوانێ گوڕی سەربەستی‌یو ئازایی لەلاوان ؟(٩)

من کردم‌و شەو کردی هەتا سڕ بوو سەراپام
دەتلامەوە هەر بە خەفـەت‌و داخەوە سەرسام

ئایـا چی‌یـە وا نەگبـەتی هێنـاوە بە شـانی
کوردا کـە پەکی کەوتووە نەیمـاوە تەکانی ؟

---

(٧) شاعیر لە دەستنووسەکەی خۆیدا لەم شوێنە نووسیویە :

وەڵامی گەلێ لەم پرسیارانە لە باسی چایی‌دا دێت .

(٨) قۆچاخ : خێراڕەو ، چابووك .

(٩) مۆژگاری : ئامۆژگاری .

ئەم تیرە بەناوبانگ و بەهێزە لە برەودا
گۆیان دەگەیانە سەری مەیدان لە گرەودا(١٠)

بەم وەیشمەیی ڕۆژە ڕەشی وەک شەوە زەنگی
بۆ سیس و کز و ماتە لەناوا نییە دەنگی ؟(١١)

داخۆ لە گوڕو هێرشی ئەم کۆمەڵە زۆرە
چی بۆتە ملۆزم وەکو مۆرانەوو خۆرە

تۆ بێژی ببووژێتەوە سەرکەوتن و تاوی
لەم کۆسپەیە ڕزگاری ببێ بێتەوە باوی

کێ زامی پەتاو پیسی کەساسی یو کوڵۆڵی
ساڕێژی بکا لابەرێ ئەم بارە لە کۆڵی

شێوا دڵەکەم گرتی دەمێ قین و دەمێ شین
لەم باسە وەها ڕۆچوو کە بۆم نایەتە نووسین

من هەر لە مەراقا کەچی داکی وەتەنی کورد
وێنەی سەری هەڵدا لە دڵا گورج و دەس و برد

---

(١٠) گۆ : تۆپ •

(١١) وەیشموومە : بە واتا ساردو سەرمایەکی ناخۆش و بەتین ، نەگبەتی •
(وەیشمە) کورتەیەتی •

## «وێنەی دایکی وەتەن»

ماتو کزو کوێرو کەلو کۆمو شڕو شێواو
ناسیمو وتم چۆنی ؟ بەخێر هاتی بە سەرچاو

هەرچی کەسەری دڵ هەبوو لێم پرسی یەوە گشت
فرمێسکی سکاڵای نەتەوەی سپڵەیی هەڵڕشت(١)

---

(١) کەسەر : خەفەت ، مەراق ، ناخۆشی ، شکستی .

## «سکاڵای دایکی وەتەن»

چەن خۆش وتی : ئەی رۆڵە لە داخی کوڕەکانم
وا پەرتو بڵاون نی یە هیوایی ژیانم

وەك بزنی بەرەڵلا یەکی رووی ها لە شوویێنێ
گەر دوو بگەنە یەك شەڕەقۆچ خۆی دەنوێنێ

بێ شوانو مەزن کەس لەکەسە گەورەو چووکی
گەر زۆرو گران دیمەنە بۆ وا کەمو سووکی(۱)

بێ خاوەنی یە دوژمنی ئازاو زرینگە
بۆ گرتنیان راوچی وەکو شێرو پڵینگە(۲)

یەك توخنی یەکێ ناکەوێ نابینی بە ساغی
لە وڵاتو بەرو سێبەری لالووتنو یاغی

برسی بە سەری یەکترنو تینوو بە خوێناو
چۆن جەرگو دڵی داکی وەتەن نابێتە زووخاو

---

(۱) مەزن : گەورە .

(۲) زرینگ : لێهاتوو ، زیرەك ، وریا .

لالووت وەکــو جۆلا لە کڕو ســەر دڕی خۆیان
سا بۆیە کە مۆرانــە جنی رایــەڵو پۆیــان(٣)

خۆ خۆرە کە دەبڕێتــەوە خۆی دەسکی لەخۆیە
وەك ماســتی مەییو وایە هەوێنی کــە لە دۆیە

ناکۆکی‌یە خــاکو نەتــەوەم بێ دەس‌و مایــەن
ناڕێکی‌یە وا بێ‌بــەش‌و بێ نۆرە لــە کایەن(٤)

دووری دڵو روو لێکتــرە وا پــەرت‌و بــڵاون
بێگانــە پەرســتی پەکی‌خســتن ، شــڵەژاون

«فرق تســد»ی دوژمنــە ناکــۆکن و ناڕێــك
بێ‌هۆش‌و پەژارە ، نە مشووری نە پەرۆشێك(٥)

---

(٣) کڕو سەر دڕ : تــان‌و پۆ ، دانانی ئــەو بەن‌و دەزووانەی کــە جۆلا بە تێ‌هەڵکێش دایئــەنێ بۆ دروست‌کردنی بابەتەکەی ∘ مەســەلەی کورد ئەڵێ : بووە بە جۆلاکەی بەسەردڕی خۆناڕازی ∘

(٤) کایە : مەیدانی کار ∘

(٥) فرق تسد : گوتەیــەکی عەرەبییە بەمانا : جیاوازی بخەرەوە ئــەبی بە گەورە ∘ بە چەسپاندنی ئەم دروشمە ئیمپریالیزم جێی خۆی لە ولاتانا ئەکاتەوە ∘

## «دڵ دانەوەی من بۆ دایکی وەتەن»

تانووت‌و گلەی داتی وەتەن لەم نەتەوەی خۆی
کاری لە دڵـم کردو پەرۆشـم بوو گـەلێ بۆی

ویستم کـە بـە دڵسـۆزی دڵی بێنمـەوە جێ
بەشکم لە دڵی ئەم خەفەت‌و ماتەمە دەرچێ

پێم‌وت : نەنـە خۆ کورگـەلی تۆ شـەرقی ئەخـوێنن
گەردن کەچن‌و بەنـدەن‌و خزمـەت ئەنوێنن(١)

بۆ بەرزی‌یو پێشکەوتنی تۆ ئێستە بە کۆمەڵ
شان‌و سەرییان داوەتە بەر گشتی وەکو کەڵ(٢)

یێژن سەرو مـاڵ‌و بەدەن‌و رۆحی هەمـوومان
قوربانی کەژو دارو گییای مەوتەنی خۆمـان(٣)

زیخی هەموو مرواری‌یە، بەردی هەموو گەوهەر
داری هەموو عەرعەر، چەم‌و ئاوی هەموو کەوسەر

---

(١) شەرقی : سروود •

(٢) کەڵ : نێرەی بزنەکێوی • وتراویشە (کەم بژی ، کەڵ بژی) •

(٣) مەوتین : لە وەتەنەوە هاتووە ، واتە : نیشتمان •

شاخانی وەکو طورو ، گژوگیای هەموو عەنبەر
خۆڵی هەموو وەك میســكە ، شنەی گشتی موعەتتەر(٤)

کوڕگەل هەموو وەك کۆیلەیە کچ گەل قەرەواشە
هەر تـۆی لە دەمایە هەچی ساواوو هەراشە(٥)

زوربەی قۆڵی هەڵکردووە سەرکەوتنە هیوای
بێباکە ئـەڵێ پڕ بــە دەمو دڵ نیـیــە پەروای

ناڵی وەتــەنم خۆشــە لــەلا ژاری هەنگــوینە
شیوەنــدی زەماوەنــدە ، دەڵێن مــردنی ژینە

ڕۆڵەت کە نــە خاوەندی سەری بێتو نــە کاڵا
تۆ بۆچی دەکـەی رازو گلەو هێنــدە سکاڵا(٦)

---

(٤) طور : کێوێکە لە بیابانی سینا ، بە پیرۆز دانراوە چونکە حەزرەتی موسا لەسەر ئەو کێوە گفتوگۆی لەگەڵ خوادا کردووە .

عەنبەر : گیایــەکی بۆنخۆشە ، وەیــان شتێکی بۆنخــۆشی خۆڵەمێشی ڕەنگە لە سکی ماسیی عەنبەر یا کاشالوت پەیدا ئەبێو ئەکەوێتە سەر ئاوی دەریا .

میسك : ماددەیەکی بۆنخۆشە لــە پۆڕگێکدا لە ناوکی جۆرە ئاسکێکی تایبەتیدا هەیە . پۆڕگ : کیسە .

موعەتتەر : بۆنخۆش ، بۆنلێدراو .

(٥) کۆیلە : خزمەتکار ، بەندە . قەرەواشە : کارەکەر ، کەنیزەك .

(٦) کاڵا : بەرگ .

## « وتاری داکی وەتەن »

ئینجا وتی : بڕوا مەکە بــە درۆو دەلەسەیوا
تێفکــرە نی‌یــە کردەوەیـــان شـایەتی داوا

لەم شەرقی‌یە بێ‌کــردەوەن‌و پووچن‌و نابووت
زۆر شوورەیی‌یە کردنی هاوارو گوتەی رووت

گوێت لێ‌نەبــووە دێنە گوتــن یــەك دەدوێنن
دەم راســتی بــە بێگانـــە زمـانی دەنوێنــن

وەك چێشتی مجێــور لە هەموو چەشــنە زمانێ
وای تێکەڵ ئەکەن کــوردی پەتی هیچی نەزانێ

تورکی ، عــەرەبی ، فارسی ، لاتینی ئەڵێــن‌لام
تێکی دەگوشن رۆڵە ئەبــم ئەبڵەق‌و سەرسام

نابینی لــە رێی خــواردن‌و پۆشــینی بیــلادا
سووتا دەسەڵات‌و نەتــەوەی کوردی بەبادا(١)

(١) بیلاد : جاران بە شتێ ئەوترا رەسەن‌و باش‌و مۆدەو تازە داهاتووبێ ٭

شانازی دەکەن کوڕگەلو خۆ رادەوەشێنن
ئەو وەختە کە خۆراکو جلی غەیرە دەسێنن(٢)

بۆ بابەتی بێگانەوو مۆدە هەچی ویستی
لای عەیبەیە نەکڕینی بەقەرزی شەشو بیستی(٣)

هەڵسوکەوتی پیشەوو خووی رەنگو قیافەت
چاولێکەری بێگانەیە پێژێ مەدەنیەت(٤)

قۆناغو پەنا دەرکو دەخالەت هونەرو نان
بۆ بێکەسو داماوو بە رێبواری هەراسان(٥)

گۆڕاوە بە خوی غەربی رەووشتی ئوروپاکان
لۆقەنتەوو ئوتێلە لە جێی نانی لە دیوان

پشتی لە وەتەن رووی لە بیلادە کوڕو کاڵم
منیان وەفکر نایێ وە ملیان بێ وە باڵم

پێشکەوتنو بەرزی وەتەن ئەوساکە لەدەسچوون
وا هۆگری بێگانەوو بێگانە لە من بوون

---

(٢) غەیرە : بێگانە • دەسێنن : دەکڕن •

(٣) مۆدە : بابەتو خووی تازە باو •

(٤) مەدەنیەت : شارستانێتی •

(٥) دەخالەت : پەنابردن •

چۆن گڕ نەگـرم ڕۆڵە لە دا ئانی وەتـەن کەس
وەك من لـە دڵا داخی نی‌یە نەبوەتە قەقنەس(٦)

---

(٦) قەقنەس : تەیرێـکی ئەفسانەییی دەنگ‌خۆشـە ، دەنـووکی سێ‌سەدو شەست کونی تێدایـە ، لەسەر شاخێکی بەرز ، بەرەو بـا ئەنیشێتەوە ، نەغمەو ئاوازێـکی زۆر عەجیبو خۆشی لێ پەیدا ئەبێ ، بـەو دەنگەوە تەیرێکی زۆر گردئەبنەوە ، تا تێر ئەبێت لێیان دەخواتو ، دەڵێن هەزار ساڵ دەژی کە تەمەنی بە ئاخر گەییشت ، دارێکی زۆر گردئەکاتەوە ، لەسەری هەڵئەنیشێ ، دەست ئەکات بە ئاوازو نەغمەی خۆش‌و بەتەئسیر، تا لەتاو دەنگی سـەرخۆش ئەبێت ، لەو وەختەدا باڵەکانی ئـەدا بە یەکا ئاگر لە باڵەکانی دەبێتەوەو بەر دەبێتە دارەکان ، مەشعلەیەکی زۆر سەیر پەیدا ئەبێ تا دارەکان هەموو ئەسووتێن‌و خۆیشی لەناویانا ئەسووتێت ، کە ئاگرەکە دائەمرێت‌و ئەبێ بە خۆڵەمێش ، لە خۆڵەمێشەکەی هێلکەیەك پەیدا ئەبێت لـەو هێلکەیە قوقنوسێکی‌تر پەیدا ئەبێت ئیتـر وەکو باقی‌ی تەیرانی‌تر جووت‌گـرتن‌و نێـرو مێ‌ی نییە • لە شـاخەکانی رۆژئاوادا هەیەو عیلمی مۆسیقا لە دەنگی قوقنوسەوە وەرگیراوە •

«لێکدانەوەی ئەم وشەیەی سەرەوە لەلایەن شاعیرەوەیە» •

## «گوتەی من بۆ داکی وەتەن»(۱)

پێم‌وت نە ، نە تۆی خاوەنی مۆژگارییو دەرمان
سەرچاوەیی ژیریتو تـەریق ئێمە لە شەرمان

تاقیقە لەلام هەرچی دەڵێی راستە وەکو دووخ
شیرین وەکو هەنگوینو گەزۆو مێوژو باسووخ(۲)

تا لاری نـەبێ رۆڵە لـە داکو بەرەچـەو خـاك
بەرچنگو دەنووکی قەلوداڵ ناکەوێ وەکلاك(۳)

---

(۱) لە دەستنووسێکی کەدا نووسراوە :

«وتاری من بۆ داکی وەتەن» .

(۲) تاقیق : واتە : تەحقیق ، بەڵگەهێنانەوە لەسەر داوا .

دووخ : شیشێکی زۆر راستو باریکە ، دووخ‌ڕێس لۆکەی پێ ئەکا بە دەزوو . دووخ‌ڕێس : (خەرەک‌ڕێس) .

باسووخ : باسوق .

(۳) بەرچە : نەوە ، بەرە .

پێم‌وایە کە لـەم ئاهو هەناسـەو خەفـەتی تۆ
وا نەگبەتی گرتوونی کە دەرچوون لەڕەتی تۆ(٤)

هیوامە ئەگـەر خۆش‌بی لە تـاوانی لەمەوبەر
پێك‌بێ مەبەستوڕێزو تەبابن هەموویەکسەر(٥)

---

(٤) رەت : رێباز ، تەکان ٠

(٥) تەبا : رێك ، تەواو ٠

## «تووڕەبوونی داکی وەتەن لە نەتەوەی»

وا بەرزە بلێس بوو لە سەرو گوێی کوڕو کاڵی
وەك تەرزە کوتانی بـە توانجی رەقو تـاڵی(١)

ئەیوت ئەمـە وەك توێـکڵی بێ کاکڵی پیـازە
یەکیەتیی یو رێکی گەلی کورد زەحمەتو شمازە(٢)

رێکی لـە کــوڕو کاڵی منــاڵا کڵی کاڵــە
پێکی بە گوڕەو گاڵـەیی دەم وەك گــڕو گاڵە(٣)

بۆ پێکی دەبێ رێـك کەوێ شانو سەرو پایان
پشتێنی دەوێ رێکی کـە یەك بن بەرو دوایان

---

(١) بەرزەبڵێس : واتا بڵێسەی بەرزبووەوە ، راپەڕین •
کوڕو کاڵ : کاڵ : دووپاتە بۆ کوڕ ، واتاکەشی هەر کوڕە •

(٢) کاکڵ : ناوك •
بێ کاکڵ : پووچ ، بێ‌ناوك •
شاز : بەدەگمەن •

(٣) کڵی کاڵ : گۆزەو دیزە یا خشت کە لە قوڕێکی تایبەتی دروست‌ئەکرێن، وە ئامادەکراون بۆ سوورکردنەوەو هێشتا سوور نەکرابنەوە •
گوڕەو گاڵەیی دەم : خۆهەڵکێشان •
گڕو گاڵ : گفتوگۆی منالی ساوا بێ‌تێگەیشتن •

## «مثـالی داکی وەتـەن»

یەك کۆمەڵی سەد دانە لە گیاوگوڵو قامیش
ئەم گورزە ئەوان باقە لـە تاڵێکە چلێ ئیش(١)

تاڵێ بەنە ئەیبەستی بـە گورزە پێی ئەڵێن تا
یەك چڵ زەل ئـەگا باقە کەوا تاقە لـە دەستا

کورد ئێستە هەویری لە زەحمەت کە بخووسێ
پێزی نیە سنخواردووە چۆن پێکەوە نووسێ(٢)

---

(١) باقە : چەپك •

(٢) پێز : خۆگر •

سن : مێرووەکە کـە لە گەنم بدا پێـزی نامێنێو هەویـرەکەی خۆی ناگرێتو بە زەحمەت ئەکرێ بە نان •

## «گوێ شل‌که بۆ داکی وەتەن ڕێگای یەکێتی نیشان ئەداتو نیشانەکانی ئەڵێت»

گوێ بگرە لە من ڕۆڵە کە ڕێکی‌یو تەبایی
هەر کردەوەیە نەك بە گوتەی بادی هەوایی(١)

پێویستە لە بۆ کۆمەكو یەکێتی وڵاتێ
خۆراكو جلی خۆی نەبێ کەس مەیلی نەداتێ(٢)

ئەولادی وەتەن یەك بێ دەرو ژوورو زمانی
وەك دەستە برا گشتی لەکن یەك دڵو گیانی

نابێ لە دڵا کینەبەری ، بێ ڕقو دەعیە
بۆ کەڵکی هەمووشەرتی خۆهەڵکردنوسەعیە(٣)

قانزاجی لەبۆ یەکترو باری لەشی یەك سووك
ڕۆ چوو لە دڵی یەکتری‌یا چەشنی خرێو پووك

---

(١) بادی هەوایی : بێ‌کەڵك ، وتەی بۆش •

(٢) کۆمەك : یارمەتی •

(٣) دەعیە : فیز ، لووت‌بەرزی ، هەوایی •

بۆ گەورە وەکو بەندە بـە خزمەت بێ بچووکی
گەورەش نەڕووانێ لە هەژاران بە چرووکی(٤)

زەنگینی نــەکا رژدی لــە بێگانــەوو خــزمی
سەربەرزی بەژێر پێوە نەکا ژێر دەسی نزمی(٥)

باخەڵ پڕی تێــرو تەسەلی پۆشــتەوو پەرداخ
بۆ رووتەوو بێپــارەوو ژەم ئاخی ببێو داخ(٦)

گەر ســەرسمیدا جارێ هەژارێکی کــزی شڕ
لێی نەگری کوتوپڕ وەکــو مارێکی دژی دڕ(٧)

پیاوانــە دەسی بگــرێ لــە دامـــاوی دەری کا
ئازانە لــە تەنــگ‌و چەڵەمــە چارەســەری کا

سواری جڵەوی نەگرێ بە دەس ئەسپی نەدا تاو
تا ئاوڕ ئەدا جــارێ لەپێ‌کەوتوویی دامـاو(٨)

نەیئـاخنێ دەس داری هەموو باخــەڵ‌و کۆشی
بۆ خۆی‌و لە بێدەس نەبێ پەرواوو پەرۆشی(٩)

---

(٤) چرووك : بەرچاوتەنگ ، رژد ، پیسکە ،

(٥) رژدی : رووڵەکێتی‌و پیسکەیی ،

(٦) پۆشتەو پەرداخ : مرۆی خاوەن جل‌وبەرگی باش‌و رێك‌وپێك ،

(٧) سەرسمدان : هەڵەنگوتان ، هەڵدێران ،

(٨) تاو : غار ،

(٩) بێدەس : هەژار ، دەسکورت ، بێدەسەڵات ،

بەرزی ئەیەوێ گشتی لە قەد بەرزو نەوی خۆی
بگرێ بەدەمو دەس بەرەچەی خاكو زەوی خۆی

خۆرا کی وەتەن دەسکەوێ هی غەیرە نەنۆشێ
جل تا وەتەنی هەڵکەوێ بێگانە نەپۆشێ

گەر هاتە دەر ئەو پارە لە گیرفانی ئەمایە
وا چاکە لەبۆ باخەڵی ئەو بێ کە برایە

رۆڵەی‌من ئەگەر خۆش‌نەبێ لای خەپلەیی‌هەرزن
وەك پسکت‌و وەك کێکی بیلاد بێژە درۆزن(١٠)

ئینجا وتی لێی وردبەرەوە رۆڵە تەماشا
سا کردەوەیان وایە وەکو پێم وتی : حاشا

---

(١٠) خەپلە : کولێرە ٠

## «تکای من لە داکی وەتەن بۆ ئاشتی»

پێم وت نە نە ئێستاکە لە پێناوی تەبایی
هەر یێکە بە گوێرەی دەسەڵاتی بە برایی

نەیهێشتووە ئاژاوەوو ناکۆکی لە ناوا
بەشکم نەتەوەت روو لە برەو بێت‌و لە باوا

ئێستە بەری‌داون خەوی بێ‌هۆشی‌یو بوون قاڵ
هەر باس‌و هەواڵی وەتەنە رۆژو شەوو ساڵ(١)

وا کۆمەڵن‌و رێک‌و تەبا یەك دڵ‌و یەك دەم
گشتی لە تەلا شایە ئەگەر زۆرە ئەگەر کەم(٢)

هاتی نەتەوە و هاتنەوەی دۆخی هەوەڵ‌جار
هەر رێك‌و تەبایی گەلە پێی بێنەوە سەرکار

---

(١) قاڵ : راهاتوو ، جەنجاڵ ، هێندەخەریك ... کە ئەڵێن فلان (سەرقاڵە)
واتە هێندە خەریکە ناپەرژێتە سەر هیچ . یا ئەڵێن لەم کارەدا قاڵ بووە ،
واتە راهاتووە لەگەڵیا شارەزای بووە .

(٢) تەلاش : دەوڵدان ، خەبات .

دڵخۆشبە نەما ماكو رەگی پەرتو بڵاوی
دوا كەوتنی كەمتەرخەمی‌و هەڵخەڵەتاوی(٣)

ئەمجارە رجا ئاشتی‌یە زوری نەمێنێ
بەسیانە كە تێگەن قسەكەت گەوهەرێ دێنێ

(٣) ماك : ئەسڵ ، تۆو ، رەگ •

## «دیسان تووڕەبوونی داکی وەتەن»

فەرمووی بە هـــەلات و قڕە تەفرەم مــەدە لاچۆ
وا لێکدی بە جارێ قڕی یـــان خست و قەلاچۆ(١)

لێکدی دەکــوژن لێــکدەدزن لێــکدەفڕێنن
گــەر کۆمەڵیـــان کەی بـــە شریت ئەیپچڕێنن(٢)

لایێ شەڕو کوشـــتارە لەنێــو عەشرەت و خزما
بەدکــردنی زۆردارە لەگەڵ ژێــر دەس و نزما

لایێ لـــە بـــراوە بەبــــرا بەدخـــووی یو شـــەڕ
لایێ کوڕە سەرچەوتە بـــە بابی خۆی ئەکا گەڕ

بۆ بێدەس و بێکــەس وەکــو زیندانـــە ژیانی
دەس گرتن و خۆشی نی یە مەر کاتی نەمانی(٣)

---

(١) هەلات : درۆو دەلەسە •

(٢) لێکدی : لەیەکدی ، لەیەکتر •

(٣) مەر : مەگەر •

سەرداری وەکو مارە بە بێ‌کەس ئەچەشێ ژار
دەس‌داری لەبۆ بێ‌دەسی دووپشکە چزوودار(٤)

بۆ سوخرەیی ئاغـاوو بەگم بێ‌دەسـە کۆیلـە
لە دراوو زەڕی بێ‌کـەس ئەکا خانمـە پۆیلە(٥)

زەنگـینو مـەزن ژینی لـە مێرگێـکی بەهارە
سرکو قەڵـەوو تووڕە نە بەربارە نـە غارە(٦)

دارا لە نـەدارا بووەتـە کێـوی زلـەو بـەرز
وا دوورەپەرێز مل کەچ ئەکا بۆ سەلەمو قەرز(٧)

---

(٤) سەردار : گەورەو بەدەسەڵات •

دەس‌دار : دەسەڵاتدار •

(٥) سوخرە : ئیش پێ‌کردن بە زۆرو بە خۆڕایی ، بێگار •

دراو : پارە • زەڕ : ئاڵتوون ، زێڕ •

پۆیلە : پوولەکەی سەروکڵاوو سەرودەسماڵە •

(٦) سرك : ئەوەی لە شت ئەسڵەمێتەوە ، بەسڵ •

بەربار : بارهەڵگر ، باربەر ، غار : ڕەتاندن ، تاو •

(٧) دارا : دەوڵەمەند • سەلەم : یەکێك پارە بدا بە کەسێ لەباتیی بەرهەمێ کە لە کاتی پێگەیشتندا بیداتێ •

(٨) چەواشە : سەرلێ‌شێواو •

واشە : پەلەوەرێکە جووجەڵەو چۆلەکە ئەخوات •

کەم کەس بە کەسی ڕەحمو پەژارەی دڵی ماوە
هەر ناکەسی‌یەو داوە فڕوفێڵە کە باوە

سەرسامە هەژاران و هەزارانە چەواشە
وەك سامی ڕەوەی جووجکی بەرهەڵمەتی واشە(٨)

خۆ هەیشە دڕی و زاڵی نەما ، کەوتووە ، لاتە
زۆر خاوەنی زۆری ، دەگەنەك پەندی پساتە(٩)

زووخاوو سزای پێ دەچەشێ داوەری دادار
بۆ عیبرەتو ترساندنی زۆرداری ستەمکار(١٠)

تەسبیحو عەساو دەستە لەجێی قەمچی‌یو بڕنەو
وەك عابیدە بۆ تاعەتو نوێژی سەحەرو شەو(١١)

وا ئیمڕۆ بە پاکانەوو سوێندی بە درۆی زل
بۆیەك‌دی بەئیغفالو بەتەفرە کەچ ئەکەن مل(١٢)

---

**(٩)** دەگەنەك : دەگەنەیەك •

پەند : تەمێ • پسات : سەرزەوی •

**(١٠)** داوەر : خوا ، حاکمی عادل •

دادار : خاوەن دەسەڵات •

**(١١)** عابید : خواپەرست •

تاعەت : فەرمان بەجێ‌هێنان •

**(١٢)** ئیغفال : هەڵخەڵەتاندن ، هەڵفریواندن •

**(١٣)** گەزی چی‌و جاوی چی : پەندێکی پێشینانە •

نەیدی کە سبەی سووچی تەماعێکی گەزی چی
جاوی چی نە پەیمانو نە پاکانە نە هیچی(١٣)

چاکەی نە لەبۆ یەکدی نەبۆ داکی وەتەن هەس
بێ کەڵکی لەبۆ داکو برای وانی‌یە هیچ کەس

تۆ بێنە سەرنجی کوڕو کاڵمدە لە سەر مەرج
داخۆ وەکو پێمخۆشە یەکێ عەمری دەکا خەرج

سووتانو دزیو جەردەیی‌یو کوشتن و تاڵان
ماڵی منی شێوانو بووە سەربەشی ماڵان

دەستو دەمو دڵپیسی‌یو فیزو رقو کینە
داخی دڵمە دووڕوویی ناسۆری برینە(١٤)

یەکتر کە ئەبینن بە درۆ چۆنی‌یو چاکی ....
وەختێ کە لەیەك دوور دەکەوون بابی‌یو داکی

گەر بێتو بکەی مەدحی کەسێ باسی سوپاسی
بۆ ئەو کەسە گێڕانەوە نابینی بە خاسی

سا لێی بدوێ نەختێ بە نامەردی دەهێنن
سەد قاتی ئەوەی پێوە دەنێن پێی دەگەیێنن

خووی بەرزو هونەر ژیری‌یو زانایی لە ناوا
باوی نی‌یە هەر پارەوو زەنگینە لە باوا

---

(١٤) ناسۆر : ئێش‌و ئازار .

گەر پـارەیی مـۆڵو دڵی بێ ، شـابکوژێ دۆم
نرکەو هەڕەشە بڵقە دەبێ وەك ترِی بن گۆم(١٥)

هەر ناڕەسەنو سـووكو هەتیوچە کە لە پارە
قاسەی پـڕە ، خۆی لا زلـە ، وەك کێوە دیارە

گەر مەردی رەسەن پـاکی وەجاخزادە هەژارە
قەدری نی یە ، بێحورمەتە ، سەد داخو پەژارە

بێ ئـاییىنی مایـەو چـەکی پێشـکەوتنە لایان
بێشـەرمی لـە دادارو جنێـودانی مەلایـان

هەڵبەستی نەبینـراوو گومانی بەدی نەکـراو
وەك بیستنو خوێندن لە نەگوتراوو نەنووسراو

خوی بەد بوو بە خۆرە لە رەگی رێکی یو کۆکی
وەك ماکی گولو گیاکەڵە گرتوویە بەرۆکی(١٦)

---

(١٥) مۆڵ : کۆمەڵ •

(١٦) گیاکەڵە : جۆرە گیایەکی زەرەرمەندە بۆ کشتوکاڵ لەناو تووتنا ئەڕوێ•

«متصرف» (بهاءالدین نوری) بە زۆر ناردمی ئیرشادی «صحه» بۆ پێنج ناحیەی منطقەی قەضای مەرکەزی سلێمانیە ، خۆی موافەقەتی مودیری عامی ئەوقافی وەرگرت (٣٧٠) دێ گەڕام لە ئامۆژگاریو پاکوتەمیزیو دین ئەوەی زانیم کردمو کەڵکم بۆ دێهاتی زۆر بوو ، حەسوودان وتبویان بە جاسوسی ناردوویانە کە دۆستو ئازیزان بۆیان گێڕامەوە ئەم پێنج شیعرەم دانا •

قەومی خۆخۆرم بە خۆڕایی ئەبەن «ظن»و گومان
ڕاستە، جاسووسە چرووستانی؟ لەدڵما بوو بەژان(١)
من وتم قورئان لەیەك ئایەت لە هەردوو نەهی ئەکا
لەعنەتی خوابێ لەجاسووسو لەسووئی ظەن بەران(٢)
سا بەلایەکمان دەگا ئەم لەعنەتە دیسان سبەی
حاکمی گەورە لە مەحشەردا وەها ئەیکا عەیان(٣)

---

(١) «ظن» : گومانو دوودڵیو شك •

(٢) نەهی : نەکردن •

سوء : خراپە •

(٣) حاکمی گەورە : خوا • عەیان : ئاشکرا •

بۆ ئــەوی «کذاب»ە مایــەی رووڕەشی‌و داماوی‌یە
بۆ ئەوی پاکە چ سەربەســتە وەکو شێری ژیان

هەڵبەتە ئەم چەشــنە خولقە مایــەیی پێشــکەوتنە
یا بناغــەی بەرزی‌یــە ســاکەی ببینــە نیشــتمان

## «هەلم بۆ هەڵکەوت لە خزمەتیا سکاڵای خۆم بکەم»

پێموت : نە ، نە داخی ئەوە سەوزە لە جگەرما
ئەوساڵە کە چوومـە دەرەوە قرچـەیی گەرما

دێکان ئەگەڕام دەم بە گوتەی وەعزو نەسیحەت
بۆ ساغیی‌و دین پاكو تەمیزیم هەبوو خزمەت

سا مەمرە گەلێ کەس بە دڵی پیس‌و دەمی لووس
ئەیوت کەحوکوومەت ئەمەناردوویە بەجاسووس

خووا لەدڵو دەمم باخەبەری وەك دەم‌ودوویان(١)
گەر وایە لە بۆتەمخە ، دەنا رەش بکە روویان

پێنج شیعری سکاڵاوو نزام بۆ ئەمە هەڵبەست
جاسووس‌و گومان‌پیس بچەشن لەعنەتی زۆرخەست

---

(١) باخەبەر : ئاگادار . دەم‌و دوو : گوتەو دووان .
بۆتە : ئەو کاسەیەیە زیوی تیا ئەتوێننەوەو ئاڵتوونی تیا سوورئەکرێتەوە، ئاگردان .

## «زاڵبوونی دایکی وەتەن بە سەرماو گیرۆدەبوونم بە قسەی خۆم»

ئینجا وتی ئـەی بۆچی لـە بۆیان بـە پەرۆشی
بێنەو بەرەیـان بۆ دەکـەیو عەیبـە دەپۆشی
وەك ئـەم دژو ناکۆکی‌یـە بـۆ یەکتـرە بریا
بۆ ئەم بەرەچـەو خاکە ئەبوون زیـرەکو وریا

## «دایکی وەتەن چووەوە سەر باسی گوتەی خۆی»

ئەم شەربەت‌و خۆشاوە زەریفەی من ئەڕێژن
گەر خۆڵەکەوەی لاوە ببینن کەچی پێژن(١)

میکرۆبەگەزۆ ، شیری وەتەن تامی مەچێژن
دەرمانە گڵی دوور و دووچاوی پێ بڕێژن

پارەی کە لە گیرفان بڕی وەك داومە سەرنجە
خۆراك‌و جلی مەوتینی لا پووشی برنجە

چەن خۆشی ئەجوون ئاردو شەکر ئای چکلۆتە
نادەم بە گەزۆ ، باسوخ‌و گوێز ، مێوژو لۆتە(٢)

دەعیە بڕەسی کوردی بڕی هێندی نەماهۆش
گوتراوە کەپاروو، کە لەدەم داکەوێ بۆکۆش(٣)

---

(١) زەریف : باش .
خۆڵەکەوە : خۆڵەمێش .
(٢) چکلۆتە : چکلێت .
لۆتە : ترێیەکی کەم وشکەوەبووە کە هێشتا نەبووە بە مێوژ .
(٣) بڕەس : هێز . توانا .

کوا کەوش‌و کـڵاشی من‌و قاپووت‌و فەرەنجیم
کوا رانك‌و چۆغەی مـەرەزو گازری گەنجیم(٤)

جۆڵا گەلی وریـا دەس‌و ئەژنۆ هەمـوو بێ کار
فیزی کـوڕو کاڵە هەمـوو بێ پـارەن‌و بێ زار

بێ نرخە کە نـرخی زل ئـەکا پیشـەیی دۆمان
بە کڵاشی ئەکەن چـەرم‌و پەڕۆکۆنەیی خۆمان

بۆ پیشەوو هەڵبەستنی زۆر شت کە بەکەڵکن
رویان‌و بەلا کوشتەیی دەس تـرسی لە خەڵکن

چۆن هەڵکەوێ پیشـەگەرو وەستا کە نەوێرن
گەر پیشە بەدەرخەن وەتەنی روح بسپێرن(٥)

گەر زاتی ببێ‌و ترسی نـەبێ ئاسن‌و پـۆلا(٦)
تێیدایە مەسـەل رایەڵ‌و پـۆی کا وەکـو جۆلا

دوو دەستی دەبەسـتن نەوەکو پەل ببزێون(٨)
چی زیـرەك‌و وریـاوو زرینـگێتی دزێـون(٧)

سا شەق مەبە کۆنـەو سرو سیپاڵی وڵاتـان
پارەی نەتەوەی کوردی بڕی کوڕگەلی فەوتان(٩)

---

(٤) گازر : سپی‌وساف •
(٥) پیشەگەر : پیشەساز ، کارزان •
(٦) (ـ) زاتی ببێ : بوێرێ •
(٧) (ـ) دزێو : ناشیرین •
(٨) بزێو : پەل‌هاوێژ ، هاروهاج • ببزێون : بجوولێنن •
(٩) سروسیپاڵ : جل‌وبەرگی کۆن •

## «داکی وەتەن بە رەچەو سوودی وڵاتەکەی ئەڵێت»

ئەم خوری یە کە هەرزانە لەلام تاڵی بە زیوێ
دۆڕاوە بە قەوزە گژوگیا لۆکە رزیوێ

بەرگن خوری و لۆکە مەرەز موو ئەفرۆشن
سیپاڵی گژوگیا ، گوشی بێگانە دەپۆشن

باتمانی بە بێگانە بە پێنج و شەش ئەدۆڕێ
پێنج سەد حەقیە رەنگی کە لەولاوە دەگۆڕێ

هی خۆیە خوری و بەرگن و موو بۆچی درۆزن
لێی وەربگرێت و کەری لێ کا بە رمووزن(١٠)

خاکم هەموو ئێکسیرە بە ملیۆن ئەیەوێ جووت
بۆلۆکەووگوش کەنجی و شینایی و هەرقووت(١١)

لە برنج و گەنم، نۆک و پەڕش، ماشی سپی و رەش
جۆ، نیسک و پەمو، دانە زەوی من نییە بێ بەش(١٢)

---

(١٠) رمووزن : جنۆکە .

(١١) ئێکسیر : هەوێنی ئاڵتوون و زیو ، یا جۆرە ماددەیەکە جیوە ئەکات بە زیو و مس ئەکا بە ئاڵتوون .

(١٢) پەرش : جۆرێکە لە دانەوێڵە .

دەسمایـەیی من زۆرە لە نابـووتی بـە دوورە
خاوەندی گـەلێ بڵحە گە بێهـۆش و مشوورە

دەرمانی هەموو دەردە گـژوگیای کەژو کێوم
ئیکسیری هەیـ، ونبـووە بۆیە قـوڕ ئەپێوم

پشتاوو بـەراوم بەرەچەی قووتە لەبـۆ گیان
داری کەژو کێـوم دەگرێ پارە بـە خەرمان(۱۳)

دەشتم دەر ئەکا خواردنی سـەد تەحرە لە بنیا
لای بەرزم ئەبـارێنێ گەزۆ لای منـە تەنیا(۱٤)

پڕ مەعدەن و فەڕ، گەوهەرو کانە هەموو ئەرزم
بۆیە بە گوتەی پووچی خەرافـاتی ئەلەرزم(۱٥)

سـەرچاوەوو کارێزو چەمـم، نیلی بەقوربان
ناگاتە نـزارو کـەژو کێـوم کـەژی لوبنـان

بەرزم کە ئەبـارێنێ مـەڵێ ئـاوە، کە شـیرە
هەر لۆڕک و دۆو مـاست و فـرۆ رۆن و پەنـیرە

بووژاوە بەخێـرو بەرەچەی ژێرو سـەری من
بێگانەوو هــەر بێ بەشـە رۆڵەم لەبـەری من

---

(۱۳) پشتاو : زەوییەکە نزیك لە ئاوبێ ، بەڵام بۆی نەچێت ۰
بەراو : ئەو زەوییەیە ئاوی بە بەردا بڕوات و بیگرێتەوە ۰
بەرەچە : بەرهەم ۰
(۱٤) تەحر : تەرح : جۆر ۰
(۱٥) مەعدەن : کانزا ۰ خەرافات : پڕوپوچ ۰
کارگ : قارچك ۰

دارو دەوەنو شاخو ئەژم چۆن دەرئەکا زوو
قەزوانو بنێشتو دوومەڵان ئارگو مازوو(١٦)

رێواسو بەڵاسووکو چەقالە بەرو بادام
گوێیژ کەمی هەموانە ئەنیرە کە زەرە لام

چەن تەحرە شتی تر هەمە داخم بە بەلاشی
بێگانە وەری دەگرێ هەموو چاکی یو باشی

شیرینی یو میوەو بەرەچەم تاقە لەسەر ئەرز
گەر خووی بدەنێ دامەزرێن بێ خەمو سەربەرز

هەنگوینو گەزۆ ، مێوژو خەروا بەیو باسوخ
شۆکەو سجوقوشۆکوهەنارو روبی تاسوخ(١٧)

توو قەیسیو هەنجیرو ترێ قۆخو هەڵووژەم
گوێزو سێوو گێلاسو چە هەرمێ بە دەمو ژەم

هەر یێکە لە چەن تەحرە کە بیخۆن بە تەبایی
ئای دەستی شکاووم کە درا گشتی بە چایی

---

(١٦) دومەڵان : لە قارك ئەچێ لە دەشتو ناوچەی گەرمیانا هەیە •

(١٧) خەروا : جۆرێکە لە میوەهات •

بەی : بەهێ •

شۆکە : دۆشاوی گەزۆ •

سجوق : جۆرە شیرینیەکە لە ترێ دروستئەکرێ •

شۆك : دۆشاوی ترێ •

روب : ربە هەنار •

تاسوخ : تازەو نایاب •

## «داکی وەتەن هاوار ئەکا کە چایی نەتەوەکەی فەوتان»

چایی گوزەرانو بڕەسی کوردی بڕیوە
قاپووتی دایری جلی سەربەرزیی دڕیوە(١)

چایی ڕەگی کوردی پچڕی ، کردنی نابووت
ئەی چۆنی چلێس کردنو فێری سەلەمو سووت

هەر ڕووتو ڕەجاڵێ جلە کۆنی لە بەرایە
قەرزارو ملی حیزە هەموو نەگبەتی چایە(٢)

بێگانە کە دی دوژمنە چا وازی لێهێنا
ئەم کوردە نەبێ تێی نەگەیی تا ملی تێنا

بێپارەوو دەسکورتو کزی چایییە خاکم
لەم تێنەگەییشتانە قوڕی کوێ بەسەراکەم ؟

چای خەستە تەکانو قەوەتو ڕاپەڕی کوردی
هەڵگرتو هەچی هەڵمەتو ئازاییە بردی

---

(١) قاپووتی دلێری : پاڵتۆ ، کە لە باتیی جلو بەرگی کوردی لەبەر بکرێت •
جلی سەربەرزی : مەبەستی جلوبەرگی کوردییە وەکو رانكو چۆغەو فەرەنجی •

(٢) روتو رەجال : رەجال دووپاتە بۆ «روت» ، روۆتوقووت •

چا هێزی لە ئەژنۆ بڕی دانی شەقوشڕ کرد
بینایی گلێنەی بڕی‌یو هۆشی لەسەر برد(٣)

خورپەی دڵی‌یەو لەرزە لە جەرگ‌و لە هەناوی
نەبووە لەمەوبەر گشتی لە چایەو لە رەشاوی

بۆ راست‌و درۆی ئەم قسە تۆ دیوتە گەلێ‌جار
لاری مەکە بیهێنەوە بیرت مەبە لاسار(٤)

گۆشتی بزن‌و گا نەکوڵێ یەك دوو دەنك چا
دەیکەن بە سەرا دادەوەشێ خۆی نی‌یە وریا

ناڵی ئەمە تیژاوە بەزو پیو ئەتووێنێ
ئەم تینە لە ریخۆڵەوو زك چاك ئەنووێنێ

خۆت بۆ نەکوڵۆکی کەڵەشێرێکی گەلێ پیر
چاییت کەمەکێ کرد بە سەرا کردی‌یە هەنجیر(٥)

---

(٣) شاعیر لێرەدا لە دەستنووسەکەیدا نووسیویەتی :
«جوابی گەلێك لە پرسیارەکانی مەراق» .

(٤) شاعیر لێرەدا لە دەستنووسەکەیدا نووسیویەتی :
«دەلیلی دایکی وەتەن» .

(٥) «راست ئەفەرمووێت ، ساڵێك کەڵەشێرێکی پیرمان سەربڕی ، هەر نەدەکوڵا ، داکی مناڵانم وتی : چی‌لێ‌بکەم ئەمە ناکوڵێت ؟ وتم : تۆزێك چای تێکە ، بەقسەی‌کردم ، زۆری پێ‌نەچوو هەلاهەلای کرد ، ئێستە بەبیرمە» . (ئەمەش گوتەی شاعیرە) .

ئەم دەردو بـەڵاو عیلەتە زۆرە کە لـەمەوبەر
نەبووە وە دەزانم هەموو لەمچایە دەکەن سەر(٦)

لادێی رەش‌و رووتم بەزەییـم دێتەوە پێیان
قەرزارو پەکی‌خستـووە چا لەق‌بـووە جێیان

خێزانی گـڕی پێـوەنێ بۆسـۆی لێ نـاکەی
بێغیرەتـە باکێکی نی‌یـە بێجـگە لە چـاکەی

خۆی پێ‌پەتی خێـزان وەکو داری بـە پەڕۆیە
چا خواردنەوەی سێ‌ژەمەیـە هەر ژەمەی نۆیە

پیـاوو ژن‌و منـدالّی هەژارانـە سـواون
بۆ پـارە ئەچەوسێنەوە هێنـدە کە پـواون(٧)

هەر یێکە لە قۆڵێکەوە ماندوو بە هەموو تەرز
هەرچەندە خەریـکن دەری‌ناێنێ بەبێ قەرز(٨)

رۆژو شەوی دایـم دەمی تێدا وەکو گاجـووت
مەشکەرەشی سووتاووزیو چەشنی‌قەرەبرووت(٩)

---

(٦) دەکەن سەر : سەر هەڵئەدەن .

(٧) پواو : رزیو .

(٨) تەرز : جۆر ، چەشن ، شێوە .

(٩) مەشکەڕەش : لێرەدا مەبەستی ورگە ، زگ .

قەرەبرووت : سووتاو بە تەواوی .

چا شەوچەرە نیورۆژەوو قاوەڵتی‌یو شێوە
وێڵداشی دەرو دەشتو پەرێزو چەمو کێوە(١٠)

جاران شەوەکی نانە بەرەو نوێردووە نانی
ئەیبەستە قەدی بۆ دەرو دەشتی بەتەکانی

ئێستاکە هەتاو کەوتنە تا شوانو سەپانیش
چا دەمنەبێ سندانی نەکەن ناچنە سەر ئیش

لادێ کە لەپێ کەوتووە بێ‌دەستە لە دوایە
ئەی رۆڵە! کە چا کۆتو کەلەپچەی دەس‌وپایە

نەمدی ئەوەتەی من هەموو خوا عیللەت ئەنێرێ
دەردێ کە هەمووکەس بگرێ کەس نەبوێرێ

چا بێو لەتۆ زەنگینو ژنو پیاوو کچو کوڕ
رۆڵەی نەتەوەی کوردی هەموو داوەتە بەرگۆڕ

تالانی سەرومالی ولاتم هەموو چایە
جەردەو دزی مایەو دەسەلاتم هەموو چایە

بێ پارەوو نابووتو کە لاتم هەموو چایە
سووکی بەرەچەو نوقڵو نەباتم هەموو چایە

گشتی لە پەژارەی نەتەوەی کوردی رەش‌وڕووت
ئەم داکە کەساسەی وەتەنت بۆتە قەرەبرووت

---

(١٠) شەوچەرە : ئەو خواردنەی کە دائەنرێت لە شەودا بۆ کات بەسەربردن.
نیوەڕۆژە : نیوەڕۆ . شێو : ئێوارە
وێڵداش : هاوڕێ .
پەرێز : ئەو جێگەیەی کە دروێنەی لێ کراوە .

## «داکی وەتەن سوپاسی ڕەووشتی کۆمەڵی تیرەی هەجیج ئەکات

ڕۆڵەم کە لە ڕێو شــوێنی منا مــابێ هەجیجی
هەر شــاڵو کلاشی وەتەنــە جاوو فــەرەنجی

ڕەنگو جــلو خۆراکو زمــانی هەمــوو یێکن
ڕۆچوو لــە دڵی یەکتری یا خــۆش میلەتێکن(۱)

دانیشتوو لە شاخێکی ڕەقوتەق نە زەویوزار
سەربەستو دلێــرانە ئەژین بێ غــەمو بێ گار

چەن خۆش گوزەرانن بە بەشی ئاردە تو ، رازی
پولێ بە (ڕەزا) نادەنو فلسێکی بە (غازی)(۲)

لۆکەو مەرەزەو موو خوری یــەو وردیو شازی
کۆڵوانــەیی شــاڵی مــەرەزەو گازرە جیــازی

---

(۱) ڕۆچو : چوونە ناو •

(۲) ڕەزا : ڕەزاشا • ئاردەتوو : ئاردی تووی وشك •
غازی : مەلیك غازی •

مایەی تەشی یەی خولخولەیە کەوچکو نیرۆك
ئازادە لە قەرزاری یو کومپیالەوو جیرۆك(٣)

گوێ نادەنە فەنتازی یو چیتو ئالو والا
گشتی وەتەنی پێخەفو بەرگو جلو کالا(٤)

وەختێ کە لە تەوقی سەر ئەنێن جێی شەدە ئاغا
جاوی وەتەنی ، داکی وەتەن ها لە دەماغا(٥)

نادەم کولەبالی بە هەموو شالەکی تورمە
لای من چ کەرای شالی چ سەد تاقەیی سورمە(٦)

نایێ نەفەسی قۆریە گیزە لە سەماوەر
نابینی لە بۆ خواردنەوەی چایی جەماوەر

چایی لە هەموو ئەرزی هەجیج بێ سەروشوێنە
بۆیە رەنگو روخساری هەموو وەك پەتوخوێنە

رۆلەی بەدلی داکی وەتەن خێلی هەجیجە
ئیتر ئەوی بێژێ وەتەنیم گۆڕی قلیجە(٧)

---

(٣) جیرۆك : ئیمزا ، مۆر •

(٤) فەنتازی : کەشخەیی ، مۆدە •

(٥) شەدە : مشکی •

(٦) کولەبال : جۆرە بەرگێکی کوردەواریەو لە لباد دروستئەکرێو بێ قۆلەو تا کەمەر درێژەو سەر هەردوو شانەکەی جووتێ قۆلی کورتی قوتی بچووکی پێوەیە بەلام قۆلی پیادا ناکرێ • تورمە : جۆرێکە لە قوماش •

(٧) گۆڕ : شایەن • قلیج : قەمە •

## «بێدەنگ بوونی دایکی وەتەن و بیرکردنەوەو قسەی من لەگەڵیـــا»

وەختێ کە بە دڵسۆزیو مۆژگاری هەڵی رشت
داکی وەتەن ئەم گەوهەرو یاقووتە لە بۆ گشت
بێدەنگی لەسەر کردو منیش مامەوە سەرسام
کە درۆی نەگوت و راستە هەموو دوغرییەلام(۱)
خۆڕاییە بێنەو بەرەکردن ، کـە گوتە راست
مل بۆی کەچ ئەبێ، ئاوە ئەوەستێ، ئەمەیێ ماست
ئەمما بە تەریقێــکەوە پێم ووت : کە بەبێ غەل
رازو گلـەیی تـۆ دەگەیێنـم بـە بـرا گەل(۲)
بەشکم هەموو لێی وردبنەوە کوڕگەل و پیاوان
کارێ لـە دڵی گشتی بـکا ببنـەوە ژێـوان(۳)
سا با بـدەنۆ بێنەوە سەر کردەوەکـەی کۆن
تۆزو ژەنگی ژوور و دەرەوە پێکەوە بیشۆن(٤)

---

(۱) دۆغری : راستی •

(۲) غەل : فڕوفێڵ ، ساختە •

(۳) ژێوان : پەشیمان •

(٤) بابدەنۆ : بگەڕێنەوە •

## «ڕۆیشتنی داکی وەتەن لەپاش وتارێکی کورتو پڕ مەعنا»

گریا وتی کووا خووا ئەوەکا ، کوێرە بە ئاوات
دووچاوی گەشو ساغەوەیە ، ئیدی کشومات

هەستا وتی لای خواوە نزیکە گەلێ ئاسان
با دوورو گران بێ وەکو شیر بێتەوە ناو گوان

ئیتر سەری هەلگرتو بەجێی‌هێشتمو من مام
دڵ وا بەکزی نوقمی تەموخەم بوو سەراپام

## «ئامۆژگاری من بۆ نەتەوەو برانەوەی هەڵبەست»

ئینجا لــە بــری داکی وەتــەن لازمە ئــەی لاو
گوێچکەو دڵەکەت ئــاو بدەمۆ هەروەکو زاخاو

بەم رازو گوتەی خۆشی «چڕوستانی» مەلاشووت
گۆشی بکە ، مێشکت بکەپڕ ، لێی مەبە لالووت

بڕوانــەرە مــۆخی گوتــەوو لادە لــە خێــوی
قۆڵ هەڵمەکە لــە خراپەوو تانووتو جنێــوی

گەر تێفکرین کوڕ گــەلی کوردی بە حەقیقەت
تانووتو گلەی داکی وەتــەن پڕ لە نەسیحەت

رێیێکە وەهــا راستو رەوانــە وەکــو جادە
پیا رۆیی نەکەی ئەسڵی گەیشــتن بە مرادە(١)

پێویستە بــە چاوی دڵی روون بکــرێ تەماشا
بۆ ئەم نەتەوەی کوردە ئەگەر دۆمە ئەگەر شا

تا دەرکەوێ ئــەم رێیە شــەقامێکی وەهایــە
هــەورازو نشــێوی نی‌یــە بێ پێــچو پەنایــە

---

(١) پیاڕۆیی : هاتوچۆکردنی بێمەبەست •

وا تەختە لەبەر دەرکی سەرا چاترە رەوتی
نەك سەختە بەچەوتی وەکو لاپێ کە دەکەوتی(٢)

ماندوو نییە پیران و هەموو رۆڵەوو لاوان
بەم رێگەیەدا هەرچی بچێ و بێ ، نییە تاوان

وا رێکە گرێ و گۆلی نییە خواری یو خێچی
پێیدا کە نەڕۆن ئیدی «چڕوستانی» بڵێ چی(٣)

گەر گوێی نەدەنێ کۆمەڵی ئەم چینە دەگونجێ
چینێ کە لە دوامن بێ وەری بگرێ بە گەنجێ(٤)

هۆنیمەوە هەڵبەستێ بە بیانووی وەتەنیوە
تەمسیلە پڕی گەوهەرو مرواری یو زیوە

گەنجینەیە سیخناخە لە خۆراكو زەخیرە
بۆ بابەتی پێویستی ژیان موچەوو جیرە(٥)

بۆ دەردو پەتا چارەیە دووکانی عەتارە
دەرمانی هەموو کۆمەڵە بێ قیمەت و پارە

وا کاکی «چڕوستانی» لەبۆ یادی لەمەولا
ئەسپێرێ بە ئێوە وەتەنی و ئێوە بەمەولا(٦)

---

(٢) بەردەرکی سەرا : مەیدانی گەورەی ناو شاری سلێمانییە •

(٣) گرێ و گۆل : گۆل دووپاتە بۆ گرێ •

(٤) گەنج : خەزنە •

(٥) سیخناخ : پڕ •

(٦) مەولا : مەبەست خوایە •

## تەواو بــوو بە ســووچی ئــووچی پڕ تــاوانی
## دانــەرو هەڵبەســتی « محمدی چڕوســتانی »

حەزرەتی «أرحم‌الراحمــین خۆی‌و دایك‌و باوك‌و خزمانی بــە لێ‌خۆش بوون‌و رەحمەتی خۆی شاد بکات بۆ خاتری پێغەمبەری خۆشەویستی خۆی کە (محمد)ە صلی‌الله وسلم علیه وعلی اله وصحبه امین امین •

(۱) تەواوبوو شەوی چوار شەممە ٦ شەعبان ١٣٧٧ك/٢٦ شباط ١٩٥٨ز لە (ئەم چەند وتەیەی سەرەوە هی شاعیر خۆیەتی) •

«مستشفی سلیمانیه» ٦ شەش رۆژە لێرەم •

(۱) لێرەدا تەنهــا مەبەستی نووســینەوەی شیعرەکانیەتی ئەگینا چەنــد ساڵ لەوەپێش ئەم شیعرانەی داناوە •

به بیانووی یەك‌كەوتنی بەهــارو جەژنی قوربان لە ســاڵی ١٣٥٣ھ ئەم ١٣١ بەیت شیعرەم دانا کــە حەوت چینە لەبەرئەوە ناونرا بە «حــەوت چینی چیمەن» •

## « چینی یــــەكەم »

عەجەب جەمعییەتێکە ئەم بەهارو جەژنی قوربانە
لەقەڕنێکا «تصادف»کا مەگەر ئەم‌نەوعە جەژنانە(١)

دڵو گیانم ببێ قــوربانی ، قوربانێ جڵەوکێشە
کەراکێشێ لەگەڵ خۆی ئەم‌بەهارەو ئەم‌گوڵوستانە(٢)

مەڵێ خاکی حیجــازی پڕ لە حاجی کــردووە تەنیا
بڵێ دنیا سەراســەر «في المثل» وەك حــاجی بۆستانە(٣)

لە هەرلا گیا سەری هێنایە دەر وەستا لە ئیحراما
تەماشا ئەم‌گوڵووکانە کەشیدەی‌تەوقی‌سەریانە(٤)

---

(١) عەجەب : سەیر ، سەرسووڕهێنەر • جەمعییەت : کۆبوونەوە •

(٢) قوربان : فیدا • قوربان : جەژنی قوربان •
جڵەوکێش : ڕاکێش • گولوستان : باخچەی گوڵ •

(٣) (في المثل) : هەروەکو •
حاجی بوستان : شوێنەواری حاجیان •

(٤) ئیحرام : نیەتی بەجێ‌هێنانی حەجە یا عومرە •
کەشیدە : مەبەستی مێزەری سەرە •

لەسەر یەك پێ چلۆن وەستانو چۆن تێکەڵ بەیەکتربوون
رووەو روو شان بە شانو دەس لەناو دەس مل لە ملیانە

وەکو ئەولادی یــەك زك کۆمــەڵە بوونو ژیــانو چوون
چ خۆشە مــردنو بــوونو ژیان بــەم نەوعە مــەردانە

لە وەستانو سجوودا مــل کەچی کەوتن بەسەر روودا
رکووعی زاتی مەعبــوودا وەکــو تاعــاتی چاکانــە (٥)

ئیشارەو رەمزو ئیرشادە ، تەجەلــلاو فەیضو ئیمدادە
لە بــۆ قــووەی دڵی ســادە بە عــەینی ئەولیاخانــە (٦)

بەڵێ ئەو کەس کە خوا پێی داوە ساحیب دیقەتو چاوە
بە هاتوچۆی ئەوانــە چاو لە مەوتو حــەشرو میزانە (٧)

---

(٥) سجوود : سەربردنە سەر زەوی •
رکوع : سەر دانەواندنەوە ، کڕنووش •
مەعبود : پەرستراو •

(٦) ئیرشاد : رێنمایی کردن •
تەجەللا : دەرکەوتن • فەیض : بەرەکەت ، پیت •
ئیمداد : یارمەتی • قووەت : هێز •
ئەولیاخانە : جێگای دۆستانی خوا •

(٧) حەشر : کۆبوونەوەی خەڵك لە رۆژی قیامەتدا •
میزان : تەرازوو ، کــە سەنگی چاکەو خــراپەی خەڵکی پێئەکــرێ لە
رۆژی قیامەتدا •

که هەڵکا ڕەحمی ئەو بایێ ، دەبێتــە مورشیدت گیایێ
چ جای گایێ لە سەحرایی وەکــو ئەو قوتبی گەیلانە(٨)

لە بەحری جوودی ئەرزیش وەك منو تۆ بۆ درەختو گیا
باغــانو بیابــان چــاوەڕێی یــەك قەتــرە بارانــە(٩)

چنارو عەرعەرو تووو سەروو نەخــلو نارەوەن وەك بان
چ بــەردارو چ بێبــەر سەرکەشــیدە « ربنا »یانــە(١٠)

هەمــوو زارو زمــــانێ بــۆ مونــــاجاتێ بــــە ملیۆنە
دەسی پــانو پــەڵو بــاڵی درێژی ســەد هەزارانــە(١١)

---

(٨) مورشید : ڕێنمایی کەر .
قوتبی گەیلان : مەبەست شێخ عەبدولقادری گەیلانییە . « ئیشارەیە بەو سەرگوزەشتەیە کە حەزرەتی عەبدولقــادری گەیلانی فەرموویە : منداڵ بووم ڕۆژی عەرەفەی جەژنی قوربان ، گاجووتێکم لێدەخوڕی بۆ سەر جووت ، لێم وەرگەڕایەوە ، وتی : «ما لهــذا خولقت یا عبدالقادر ، ولا بهذا امرت» ترسامو گەڕامەوە،چوومە سەربانی خۆمان لەوێوە حەجاجم بە کێوی عەرەفاتەوە دی ، ئەم دوو شتەم گێڕایەوە بۆ دایکم ئیتر ناردمی بۆ بەغداد ، وەك بە تەفصیل لە نەفاحاتی جامیدا بەیان کراوە . (ئەم روون کردنەوەیە هی شاعیر خۆیەتی) .

(٩) جود : بەخشینەوە .

(١٠) نارەوەن : دارێکی گەورەی سێبەرداری بێبەرە .
بان : سەرو . سەرکەشیدە : سەرهەڵبڕیو .
«ربنا یانە» : لە خوا ئەپاڕێنەوە ئەڵێن : خوایە .

(١١) موناجات : گفتوگۆ بە نهێنی ، پاڕانەوە .

له مه‌عنادا هه‌موو سه‌رخۆش‌و مه‌دهۆش‌و سه‌راسیمه‌ن
له عه‌ینی حه‌یره‌تی ئه‌و زاتی پاکی حه‌یی سوبحانه[12]
به نه‌شئه‌ی بای سبه‌ینان‌و شنه‌ی خۆشی شه‌ماڵی ئه‌و
عه‌جه‌ب سه‌ف‌سه‌ف له‌ره‌قسان‌و چلۆن هاتوونه‌جۆلانه[13]
چروستانی هه‌موو عاله‌م سه‌ناگۆی زاتی مه‌ننانه
ئه‌گه‌ر چی ئه‌م قسانه دێته گوێی مونکیر به ئه‌فسانه[14]

---

(١٢) مه‌دهۆش : سه‌رخۆش •
سه‌راسیمه : سه‌رسوڕماو •
حیره‌ت : سه‌رسامی •
حه‌ی : زیندوو •
سوبحان : پاک‌و بێ‌که‌موکوڕی •

(١٣) سه‌ف‌سه‌ف : ریز ریز •

(١٤) سه‌ناگۆ : سوپاس‌که‌ر •
مه‌ننان : زۆر خۆش‌به‌خش •
مونکیر : بێ‌باوه‌ڕ •
ئه‌فسانه : ئه‌و چیرۆک‌و به‌سه‌رهاتانه‌یه که تێکه‌ڵاوبوون به ئه‌ندێشه‌و له راستی دوورکه‌وتوونه‌ته‌وه •

## «چینی دووهـــــه»

« تعـالى الله » لـه خـووایێ خـالقی گـۆڕانی ئەزمانـه
دەگێـڕێ ئـەم بەهـارو پایـزو هـاوینو زسـتانه(١)

دەمێ سـەرماو خەزانه بەفرو تەرزەو زوقـمو لەرزینه
سەهۆڵی لامـلو گوێی گوێسەوانه بۆتـه لەرزانه(٢)

له ژێر لێفەو بـەر ئاگر تێخـزانو خـۆ له جل پێچـان
ڕەهێڵـەو تـاوی بـا بـۆرو کڕێـوەو راوی زریانـه(٣)

دەمێ نەفحەی نەسیمی خۆی، هەناسەی خۆش شەمیمی خۆی
له ئەنعامی عـەمیمی خـۆی بە عالـەمدا پەرێشـانه(٤)

---

(١) «تعالى الله» گەورەیی بۆ خوا • ئەزمان : کۆی زەمانه •

(٢) خەزان : گەڵاوەرین له پایزدا •
لەرزانه : پلپڵەی سەروکڵاوی ئافرەت •

(٣) ڕەهێڵه : تەڕوتووشی بەتاو •
زریان : ڕەشەبا •

(٤) نەفحه : هەوا • نەسیم : شنه •
شەمیم : بۆن • ئەنعام : خێروخۆشی •
عەمیم : عام ، داگرەوه •

ئیتـر بەهـرەی بەهـارە عالـــەمێ بێـداری ئـادارە
ئیتر قەترەی حەیـاتو گەوهەری ئیحســانی نیسانە(٥)

بەجارێ جینسی ئینسو وەحشو تەیرو دارو کانی ئەرز
دەنۆشێ هەریەکێ تەقسیمی خۆی لەو ئاوی حەیوانە(٦)

حەیاتێـکی نـوێ وەردەگـرنو و ئـازاد دەبن ئەمجـا
هجوم دێنـن وەکـو بکرێتـەوە دەرگای حەپســخانە(٧)

هەموو ســەربەستو ئامادە ، ئەوی فەوتـاوو بەربادە
جنوودی قیبتـــە قاروون سامیریو فیرعـەونو هامانە(٨)

---

(٥) بێدار : ئاگادار ، وشیار •
ئادار : مانگی ئازار •

(٦) ئینس : ئینسان •
ئاوی حەیوان : ئـاوی حەیات • ئـەو ئاوەیە کە هـەرکەسێ بیخواتەوە نامرێ ، ئەڵێـن (خـدری زینـدە) واتـا خدری زینـدوو لـەو ئاوەی خواردۆتەوە بۆیە نەمرە •

(٧) «تەسادوف پاش ئەم شـیعرە بە چەنـد رۆژێـك حەپسـەکان، دەرگایان شکانـدو ، رۆیشتن ، یەکێکیان گیرایەوە» • (ئەمەش هـەر هی شاعیر خۆیەتی) •

(٨) قیبت : نەتەوەی فیرعەون بوون ، فیرعەون پاشایان بوو •
قاروون : پیاوێـکی دەوڵەمەنـدبوو لـە سەردەمی موسادا کـە بوختانی پێکرد •
سامری : جوولەکەیەك بوو ، گوێرەکەیەکی لە ئاڵتوون دروستکرد ، ناوی لێنا (خووا) داوای لە خەڵك کرد بیپەرستن •
هامان : وەزیری فیرعەون بوو •

بەڵێ شوعلەی ئیرادەی حەق ئەدا رەونەق بە داری رەق
بەهاریش «في المثل» دەستو عەسای موسایی عیمرانە(٩)

وەها عالەم دەبێ تازە ، سەراسەر عەینی ئیعجازە
بەڵێ زاهیر بە ئاوازە ، جەلالو وسفی رەحمانە(١٠)

لە نیلی میسری ئەو دەشتە دەکەن ئەم گەردشو گەشتە
بەهەشتە ، زوڵفی حوورە ، پەرچەمو کاکۆڵی غیلمانە(١١)

بە بەزمو کەیفو خۆشی گەل بە گەل یاران لە سەحرادا
هەموو هەر نەغمەیە،هەر شەوقو زەوقو عەیشو سەیرانە

«چروستانی» ئیتر خۆشی هەژارانو هەتیوانە
بەبێ باکی ئەنوون ، جێیان ئەگەر کۆلان ئەگەر بانە

---

(٩) ئیرادە : ویست •

(١٠) ئیعجاز : ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە لە توانای ئادەمیزادا نەبێت •
بێدەسەلاتی ، نەتوانین •
جەلال : گەورەیی •
رەحمان : خاوەن بەزەیی ، خوا •

(١١) گەردش : گەڕان • حور : حۆریی بەهەشت •
کاکۆڵ : قژی سەرە کە ئەهێڵرێتەوە لە پشتەوە •
غیلمان : جەمعی غولامە یانی کوڕی خزمەتکارو گەنج بێت •

## «چینی سـێـهەم»

زەکی حـیرەت زەدەی ئەسراری وەحش‌و پـۆلی تەیرانە
هەموو مەشغوڵی سـەنعات‌و خەریکی ئیش‌و فەرمانە(۱)

چ کەو کۆتـر چ ریشـۆڵە ، هەچی تەیـرە چ مەشغوڵە
لە لـم چینـە دەکا چینێ ، یـەکێ خـۆڵی لەسەرشانە

هەموو جووت گرتن‌و هەر لەنجە کردنیە لەگەڵ جووتی
لەسەر شاخ‌و لقی دار ئەم بـە عیشوە ئەو خەرامانە(۲)

هـەرای تەیـرەن ئەبابیلەو جـرەی خـۆشی پلی‌سرکان
لە گوێدا چـەن بە تەئسـیرە دەڵێن ئایـاتی قورئانە(۳)

پڵنگ‌و کەمتیـارو ورچ‌و گورگ‌و شێر خـەریکن وەك
قوڵنگ‌و قـازو لەقلەق یەك بـە لانە یەك بـە هێلانە(*)

---

(۱) حیرەت : سەرسوڕماو • زەدە : زۆر ، زیاد •

(۲) عیشوە : ناز •

(۳) جرە : دەنگی پلی سرك •
پلی‌سرك : پەڕەسێلکە •
بەتەئسیر : کاریگەر •

(*) لانە : شوێنی گیانلەبەری دڕندەیە • هێلانە : شوێنی باڵندەو پەلەوەرە •

ئەها لەق‌لەق فەقیرە تەق تەقی مانەندی شەست تیرە
دەنووك دوو تیرە ، مل فیشەكلغە ، باڵی دوو قەڵغانە(٤)

سبەینان كەینی و بەینی بولبول و گوڵ سەیری كەن سەیرە
بە فریادو فوغانە ئەو ئەمیش پەخشان و خەندانە(٥)

لە تاوی لێوی ئەو سووتاوە تینووی قەترەیێ ئاوە
لە بەر چاوی دەمی قووچاوە ئەم شەق شەق گریبانە(٦)

قرەو زیرەو چریكەی ناڵەوو هاواری ئەو خۆشە
قرووقەپ بوونی دەعیەو نازو لەنجەو لاری ئەم جوانە

لەگەڵ فەوجی سەبا ئەوجی سەبا سێگاوو ماهوورە
لە دەشتی‌یو نەغمەی حیجازو شۆری تەیرانە(٧)

ئەگەر دڵ زیندوویێ دیققەت بكا مەدهۆش و حەیرانە
نەوەك وەك ئەم دڵەی مردووی «چڕوستانی» كە وێرانە

---

(٤) مانەند : وەكو .

(٥) فوغان : هاوار . ئاهوناڵە . پەخشان : پەرش . بڵاو .
خەندان : بە پێكەنین .

(٦) قووچاو : نووسا ، نووساو ، لێكنراو .
گریبان : یەخەی كراس .

(٧) فەوج : تاقم ، پۆل . ئەوج : بەرزایی ، لوتكە .
سەبا : بەیان ، ئاوازێكیشە .
سێگاو ، ماهوور ، دەشتی ، حیجاز : ناوی چەند ئاوازێكی مۆسیقایین .
شۆر : بەزم و ڕەزم ، زەوق .

## «چینی چوارهەم»

گژو گیاوو گوڵوو کی چیمەنو ئەم دەشتو باغانە
تەماشاکە چ حاڵێکە چی‌یە ئەم خاڵو داغانە(١)

یەکێ سەر تا بەپێ رەنگینە ، یەك رەشپۆشو سەرشینە
یەکێ غەرقی عەرەقچینە یەکێ بێ‌بەرگو عوریانە(٢)

یەکێ ماتو مەلوولە یەك دوو زوڵفو پەرچەمی لوولە
یەکێ رووخۆشو شادانە یەکێ لەرزانو ترسانە(٣)

یەکێ رووسوورو مەسرورە ، یەکێ رووزەردو مازوورە
یەکێ وەك خونچە مەستوورە، یەکێ دەم گەرمو پەخشانە(٤)

---

(١) خاڵ : نیشانەیەکی سروشتی‌یە • داغان : دابێژران •

(٢) سەرشین : زەوی بەگەڵای شین رازاوە ، بۆ کاتی کەس مردن سەر شین ئەکرێ •
عەرەقچین : کڵاو • عوریان : رووت •

(٣) مەلوول : زویر ، غەمبار ، مازوور •
مەستوور : شاراوە • داپۆشراو •

(٥) رەونەق : بریقە •

یەکێ ئەبڵەق ، دووچاوی زەق ، دەڵێی حۆلی بیابانە
یەکێ سەر تا بەپێ رەونەق دەڵێی لەعلی بەدەخشانە(٥)

یەکێ خۆش‌و قەشەنگە رەنگی شۆخ‌و شەنگە وەك لەیلا
پەشێو حاڵ‌و کەشەنگە یەك بە تەرزی قەیسی دێوانە(٦)

یەکێ سەر پڕ لە گڕ وەستاوە فرمێسکی بەخوڕ دەڕژێ
یەکێ کەوتوو شڕو شێواوە شێوەی شەمع‌و پەروانە

بە شەو وەك «قائم اللیل»ن سەحەر چاوتەڕ هەتا زەیلن
دەڵێ خنکاوی ناو سەیلن هەموو گریان‌و خەجلانە(٧)

---

(٦) قەشەنگ : جوان •
کەشەنگ : ماندوو •

(٧) «قائم اللیل» ئەوەی شەو بە خواپەرستی رۆژ ئەکاتەوە •
چاوتەڕ : لەبەر ترسی خوا ، لە کاتی نوێژو خواپەرستی‌و پاڕانەوەدا ، فرمێسك لە چاویان نابڕێ •••
ئەم واتایەش لە وشەکانی دوای ئەم وشەدا باشتر دەرئەکەوێ •
زەیل : داوێن •
سەیل : لافاو •
خەجلان : خەجالەت •

## «لادان لە باسی بەهارو بناوان بۆ چینی پێنجەم»

سەحەر زی روحو بێروح هەر یەکێ خاڵی نی یە حاڵی
لەشەئنی غەیری ئەم ئینسانە چەن خەوخۆشو نادانە(٨)
لە سەحرا فیرقەیێ وشیارە ئەهلی عیبرەتو عارە
دەکا تەسبیحو تەقدیسی خودا حەمدو ثەنا خوانە(٩)
لە لایێکی تریش ئەهلی فەسادو فیسقە نائەهلە
بە دایم سەر گرانە چیمەنی کردۆتە مەیخانە(١٠)
سەراپا غەرقی چاکەی بێ حیسابێتیو کەچی ناڵێ
لەسەر خوانی وەلی نیعمەت خیانەت دوور لە ویجدانە
ئەگەرچی پێخەگیری خۆمە ئەمما هەرکەسێ ئاوێ
لەسەرچاوێ بخواتو لێڵی کا جێی بەردە بارانە
قەڵەم لەم باسە لادەی خاسە بۆ تۆ سووچو تاوانە
کە هیچو پووچە کردەت ئەی «چروستانی» بدەی تانە

---

(٨) زی روح : گیانلەبەر •
شەئن : حاڵ •

(٩) فیرقە : تیپ •

(١٠) سەرگران : سەرخۆش ، گێژ •
وەلی نیعمەت : خاوەنی چاکە •

## «چینی پێنجـــەم»

وەکو بـاغێ کـە درکو داڵو میـوەو سـەروو رەیحانە
لە دنیا مەستو غافڵ هـەم موهەییا مەردی مەیدانە(١)

کراسێکە خەیـات ئەووەڵ بە قەد هـەرکەس بڕیوێتی
ئەگەر زاتـم ببێ بیڵێـم هەمـوو تەقسـیمی یـەزدانە

ئەگەر سیدقی دڵی «صدیق» ئەگەر جەهلی ئەبو جەهلە
چ مەحرومو چ مەحـرەم پاکی هەر شـایانی خۆیانە(٢)

لە لوتفو قەهـری یا فەعالە ئەو بـۆ «ما یرید»ی خۆی
زەکی لەم سیڕە سەرگەردانە عەقڵی گەرچی لوقمانە(٣)

---

(١) موهەییا : ئامادە .

(٢) صدیق : زۆر راستگۆ ، مەبەستی (ئەبوبەکری صدیق)ە .

مەحروم : بێبەش .

مەحرەم : بەشدار ، رێدراو .

(٣) ما یرید : ئەوەی بیەوێ .

یەکێ سوجدەی نەبردە بەر ئەحەد غەزوەی ئوحود هێنای
شەهادەی شەهدی پێ نۆشی لەزومرەی ئەوشەهیدانە(٤)
یەکێ جەهدی جیهادی غیبتەیی ئەسحابی خەیبەر بوو
« معاذ الله » رەسوولی خوا وتی ئەو ئەهلی نیرانە(٥)

---

(٤) ئەحەد : تەنیا مەبەست خووایە • ئوحود : کێوێکە لە مەدینە •
**شەهادە** : شەهیدبوون • **شەهد** : هەنگوین • زومرە : کۆمەڵ • (مەبەست عەمری ئەوسی‌یە) کە لە جەنگی غەزای «احد»دا موسڵمان بوو ، و چووە غەزاوە ، لە غەزادا شەهید بوو ، وتیان : «ما سجد لله سجدة» واتە: یەك سەجدەیێکی نەبردۆتە بەر خووا ، عەرزی پێغەمبەریان کرد ، فەرمووی بەهەشتی‌یە ، وەکو لە سیرەدا مەعلومە ، ئەم روون‌کردنەوەیە هی شاعیر خۆیەتی •

(٥) جیهاد : هەوڵدان ، تێکۆشان ، غەزاکردن لە رێی خوادا •
غیبتە : خۆزگە خواستن لە خێرا •
ئەسحاب : یاوەران : دۆستانی پێغەمبەر (د•خ) •
معاذالله : پەنا بەخوا •
نیران : ئاگر ، دۆزەخ •
ئیشارە بەو سەحابەیەیە ، کە لە خەیبەردا غەزایەکی وای کرد کە ئەسحاب خۆزگەیان پێ ئەخواست ، پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) فەرمووی : لە ئەهلی جەهەننەمە • لەو فەرموودەیە ئەسحاب سەریان سوورما ، کە سبەی سەحابەکە چووە غەزاوە بریندار کرا لە جێگایەکی وەها کە خۆی رانەگرت بۆ ئێش‌و ئازارەکەی ، ناچار خۆی کوشت بۆ نەجات‌بوونی ، ئینجا ئەسحاب لەم موعجیزەیە حاڵی‌بوون • ئەم روون کردنەوەیە هی شاعیر خۆیەتی •

«صادق» موخبیری بە ئەووەڵ وت گەر بە «من أهل الجنة»ی
ئەمیش گەر نەفسی خۆی کوشت هەر لە خواوە حوکمو فەرمانە(٦)
«أولو الالباب» سەرسامە ئەم ئەسرارە لە دەرکی غەوری ئەم
لە بەحسی دووری ئەم ئەفکارە لاڵە گەرچی سوحبانە(٧)
وەها بەستەزمانو دەستو پێ بەم جەهلو نوقسانە
«چروستانی» بڵێ چی چۆن بدا لەم بەحری عوممانە(٨)

---

(٦) من اهل الجنه : لە ئەهلی بەهەشتە .
موخبیر : هەواڵدەر .

(٧) غەور : قووڵی .
اولوا الالباب : خاوەن عەقڵ .
سوحبان : شاعیرێکی گەورەی سەردەمی پێش ئیسلام بووە .

(٨) بەحری عوممان : بەشێکە لە دەریای عەرەبیو ئەکەوێتە بەری وڵاتی عومانەوە ، بە مرواریو دوڕ ناوبانگی دەرکردووە .

## «چینی شەشـــەم»

## (پاڕانـــەوە)

چ ژەنگینـــە دەرو نـــاوم دەڵێی لێی داوە مـــۆرانە
عیلاجم هـــەر لـــە خوا پـــاڕانەوەو ئیقـــراری تـــاوانە(١)

قســـەم زل هیـــچ لـــە بـــارمدا نی‌یـــە ، بمبێ ئـــەگەر
ڕەقیبان رق ئـــەگەر بگرن بـــدەن لێم تانـــە هەقیانە

دەمم گەر چی تەڕە کاسەم گـــەلێ وشکە گەلێ ، یەعنی
قسەم شیرین‌و خۆشـــە ، کردەوەم زۆر تـــاڵ‌و ناجوانە

لە ئـــاداب‌و شـــیعارا بێ شـــعوورو بێ ئـــەدەب مـــاوم
دەرو ژووری وجـــوودم دەردە زۆر دامـــاوی دەرمانە

ئەگەر چی قـــەول‌و فیعلم زاهیرا تۆزێ لـــە ڕێی شەرعە
بەڵام سەر تا بە پێم نوقمی گوناهـ و فیسق‌و «عصیان»ە

---

(١) ئیقرار : دان‌پیانان ٠

ئەگەرچی شەرمەساری باری ئەتواری بەدم ئەمما
بیحەمدیللا عەقیدەم سافە قەلبم زەرفی ئیمانە(٢)

شوکور ئێستە لە ئیسلامم دەمێنێ حوسنی ئەنجامم
ئەگەر ئیمدادی هادی بێ حیمایەی کا چ ئاسانە(٣)

---

(٢) شەرمەسار : شەرمەزار ، تەریق .
ئەتوار : کردەوەکان .
زەرف : مەبەست جێگەیە .

(٣) هادی : مەبەست خوایە ، رێپیشاندەر .
حیمایەت : پاراستن .

## «دەلیلی دەوامی ئیمان»

دڵم خۆشە لە قەولی خوا « وما كان لنفس »دا
هەتا « أن تؤمن الا بأذن الله » بورهانە(۱)

دڵم بەو بوونە مەسرووورە بە ئەمری خۆتە مەعموورە
پەشیمانی لە تۆ دوورە ئومێدی مانی ئیمانە(۲)

كەریمێ نیعمەتێ بەخشێت و بیسێنێتەوە حاشا
كە هیبە سەندنەوە خاریج لە ئەخلاقی كەریمانە(۳)

كە تێفكرم لە تەقسیرم سەعیرو غەلل و زەنجیرم
هەقە ئەمما ئومێدم مژدەكانی خۆشی قورئانە(٤)

---

(۱) وما كان لنفس ان تؤمن الا باذن‌الله .. سورەتی یونس ئایەتی ژمارە ۱۱۰ : واتە بەڕەزامەندیی خوا نەبێ كەس ناتوانێ باوەڕ بێنێ .
بورهان : بەڵگە .

(۲) مەعموور : ئاوەدان .
كەریم : بەخشندە .

(٤) سەعیر : ئاگر .
غەلل : كۆت ، فڕوفێڵ .

لەبەر « لا تقنطوا من رحمة الله » کە فەرموونە
لە ئیسرافم ئومێدی قایمم هەر رەحمو غوفرانە(٥)

بە قەد ئەنعامی بێ عیددەت ئەگەر بێ حەددە کوفرانم
بە «قل کل» ئەنازم شاکیلەی تۆ عەفوو ئیحسانە(٦)

قسورو زەلـلـەکانم گەرچی زۆرە « راحم العاصین »
بە نیسبەت رەحمەتت بێ مایەیە قەترە لە بارانە(٧)

خودا ناکەردە گەر رەحمێ نەکەی واوەیلەمە چونکە
زەعیفم من بەسەرما غالبن ئەم نەفسو شەیتانە(٨)

---

(٥) قل یا عبادی الذین اسرفوا علی انفسهم لا تقنطوا من رحمة الله .. سورة الزمر ایة ٥٢ : واتە : ئەی ئەو بەندانەم کە بەتاوان کردنتان لەگەڵ خۆتان خراپ بوون ، لە رەحمەتی خوا نائومێد مەبن .
غوفران : لێخۆشبوون .

(٦) بێعیددەت : بێژمارە .
کوفران : پێنەزانین .
«قل کل» ئیشارەیە بۆ ئایەتی (قل کل یعمل علی شاکلته) سورة الاسراء -٨٤- واتە : بڵێ یا (محمد) هەموو مرۆڤێ کار دەکات بەو شێوەیەی گونجاوی حاڵی بێت .
زەللە : هەڵە . شاکیلە : عادەت ، تەبیعەت .

(٧) راحم : خاوەن بەزەیی ، مەبەست خوایە .
العاصین : گوناهباران .

(٨) غالب : زاڵ .

زەبوون‌و دوون‌و بێچارەم لەگەڵ مەلعـوون‌و ئەممارەم
مەعوونەی چـارە دەربارم بـکە لەم غـوول‌و دێوانـە(٩)
خودایا من نەبـووبووم هەر لە بوونم تا نەبـوونم دێ
بە خەلقی خۆتە خۆت لێم لادە شەڕی ئەم عەدووانە(١٠)
لە تاعەت رووت‌و نابووتم لەگـەڵ بێشەرعی‌یا جووتم
فزوولی‌و غەیبەتـە قووتم جنێو پێخـۆر ، درۆم نانە(١١)
لە فیتنەی تین‌و تاوی فەرتـەنەی کێشانی رۆحم خۆت
دەبێ وریابی لێـم ، دوژمن کـە جەردەی دین‌و ئیمـانە
لە دامـاویی دەمی قەبـرو پلـەی سـەختی قیامـەتدا
دەسم دامێنی رەحمت ، بمگەڕێ لەم گێژو وەرطانە(١٢)

---

**(٩)** زەبوون : بێدەسەڵات ، لاواز •
دوون : بەرەوخوار ، بێنرخ ، مل‌کەچ •
مەلعوون : دوورخراوە لە بەزەیی خوا ، نەفرەت لێکراو ، شەیتان •
ئەممارە : زۆر ئەمرکەر ، مەبەستی هەواو هەوەس‌و نەفسە •
مەعوون : یارمەتی •
غوول : دێو •

**(١٠)** عەدو : دوژمن •

**(١١)** فزوولی : خۆ بەزل زان ، خۆپەرست • لێرەدا تەنها مەبەستی ئەوەبووە لە بارەگای خوادا نەفسی خۆی شکاندووە •

**(١٢)** وەرطە : تەنگ‌و چەڵەمە •

چەنم دەس کرد درێژ بۆ تۆبە فەورەن دەس درێژیم کرد
بە تۆ دێنم پەنا فەریاد رەسی لەم « کذب »و بوهتانە(١٣)

بەبێ تۆ تۆبە پەتکی کورتەو خاوە ، پەت پەتی داوە
خودا گەر تۆبە تۆ بیدەی تەواوە دوور لە پچڕانە(١٤)

بە لوتفی تۆ لە سەر جادە سەعید ئەڕوا بە ئامادە
لە قەهری تۆ « معاذ اللە » شەقی دووچاری خەزلانە(١٥)

«چڕوستانی» کە زوڵمو جەهلو ضیعفی «نص»ی قورئانە
بە قووەی قاهیرەی خۆت بیخە سەر رێ بێتە دەرگانە(١٦)

---

(١٣) فەریادرەس : بەهاوارەوەچوو ، فریاگەر .

(١٤) پەتی داو : پەتێکی خاوو باریکە کە زوو ئەپچڕێ .

(١٥) سەعید : بەختیار .
شەقی : خراپەکەر .
خەزلان : داماو ، زەرەرمەند .

(١٦) قاهیر : سەرکەوتوو .
دەرگانە : دەرگا ، پەنا .
لە نوسخەیەکیتردا ئەم نیوە دێڕە بەم جۆرە نووسراوە :
«دەلیلی بێنەوا ( ضعف)ی چڕوستانی لە قورئانە»

## «چینی حەوتـــــەم»

# دەخالەتکردن بە پێغەمبەر «صلی‌الله علیه وسلم» وە صەلەوات بۆ سەرتاپای چاکو خراپو ئاوڕدانەوە بۆ سەرەتاو برانەوەی هەڵبەست

لە مەحشـــەردا شـــەفاعەت كـــردنی طاهـــا رجامـــانە
كە عـــەزمو هیممەتی بـــۆ ئوممەتی دامـــاوی دەرمانە(١)
شـــەفیعێ « رحمـــة للعالمـــین » بێ غـــیرەتی وایـــە
نەبێ رازی ببیـــنێ ئوممـــەتی دووچـــاری خوسرانـــە(٢)

---

(١) مەحشەر : قیامەت ، جێی کۆبوونەوەی زیندەوەران لە رۆژی قیامەتدا .
شەفاعەت : تکا .
تاها : یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) .

(٢) شەفیع : تکاکەر .
رحمة للعالمین : یەکێکە لە سیفەتەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) واتە : خاوەن بەزەییو میهرەبان بۆ هەموو کەس .
خوسران : زیان ، دۆڕان .

شەفاعەتیە ئومێدم گەرچی بێ مایەم لە پەیرەویا
کە ئەو کانی کەرەم دەس‌مایەیی رەحمی گەدایانە[3]

بە جاهی خۆت لە رۆژی «أمتي» «وأشفع تشفع»دا
لە هاوارم وەرە وەختێ جەنابت سەدری دیوانە[4]

لە دنیا ریققەتت حەتتا بە کافر بوو ، لەوەو دنیا
لە بەدکارانی ئوممەت مژدە رەحمت مەعدەن‌و کانە[5]

بە وەعدەی «سوف یعطیك»و«فترضی» خوا کە مژدەی دا
بنازن ئوممەتانی «مصطفی» خۆشی لە خۆمانە[6]

خودایێ رەحمی وا پێغەمبەرێ دڵسۆزی ئاوابێ
بە دووری دامەنێ کێوی گوناه ئەر بێ بە زیزانە[7]

---

(٣) کەرەم : بەخشین .

(٤) جاه : گەورەیی ، شکۆ .
واشفع : تکا بکە .
تشفع : تکات پەسندە .
سەدری دیوان : سەرگەورەی تکاکاران .

(٥) ریققەت : نەرمی‌و ناسکی .

(٦) سوف یعطیك : لەمەودوا ئەوەندەت پێ ئەبەخشێ .
فترضی : رازی ئەبیت ، قایل ئەبیت .
ئاماژەیە بۆ سورەتی (والضحی) ئایەتی (٥) .

(٧) زیزانە : دانەوێڵەیەکی وردە وەکو هەرزن وایە . ئەر : ئەگەر .

## « صـــــــەڵەوات »

ئیلاهی رەحمـەتێ لایق بـە حـوببی تـۆ لەبـۆ ئەوبێ
بپرژێنە بە سەر ئەو بەحری عیلمو شەمسی عیرفانە(١)
چ بەحرێـکە کە هـەر قەتـرەی دوڕی بارانی نیسـانە
چ شەمسێ پوڕتەوی «تحت الثری» تا عەرشی رەحمانە(٢)
چ بەحرێ لەو مەلەك وەك «جن»و ئینسان جورعە نۆشانە
چ شەمسێ رۆژ لەرووی پەنهانە کرمی شەب فرۆزانە(٣)
چ بەحرێـکە « محیط » ئیحسـانە بۆ ئافـاقی ئەکوانە
چ شەمسێکە صەفایی صەفوەتی دڵ نووری ئینعانە(٤)

---

(١) شەمسی عیرفان : رۆژی زانست .

(٢) دوڕ : جۆرە گەوهەرێکی بەنرخە ، مرواری .
پوڕتەو : رووناکی ، تیشك .
تحت الثری : ژێرخاك .

(٣) جورعە : قومی خواردنەوە .
پەنهان : شاراوە .
شەب فروزان : گوڵئەستێرە .

(٤) صەفوەت : بێ گەردی ، پاکی .
ئیذعان : باوەڕ .

چ بەحرێکە قەراغی پڕ لە دوڕرو لەعلو مەرجانە
چ شەمسێ طەمسی عاری کوفرە نەشئەی زەرعی ئیمانە(٥)

چ بەحرێ رەشحە بەخشی ناری ئەطواری گوناهانە
چ شەمسێ رێی جینانت روون دەکا هەروەك چراخانە(٦)

چ بەحرێ جۆگەیێکی جورعە بەخشی عەینی ئەعیانە
چ شەمسێ شوعلەیێکی بەر بەرۆچکەی ئەنبیایانە(٧)

لە ئادەم تا بە عیسا هەر یەکێ بەو مژدەگۆیانە
گوڵو رەیحانو سونبولچن هەموو لەو باغو خەرمانە(٨)

لە مەدحت خوا «وانك لعلى خلق عظيم»ی وت
لە وەسفت چی بڵێ ناتێگەییو کوردێ کە نادانە(٩)

---

(٥) طەمس : لەناوبردن ، داپۆشین •
نەشئە : پەیدابوون ، پێگەیشتن •

(٦) رەشحە : پڕژ • رەشحەبەخش : پڕژێنەر •
ئەطوار : ئەتوار ، کردەوەکان •
جینان : کۆی جەننەت واتە : بەهەشت •

(٧) ئەعیان : کۆی عەینە واتە کەسێکی ماقووڵو گەورە ، هەروەها بە سەرچاوەش دەووترێو بەواتا چاو دێو بە شتێکیش دەوترێ کە زاتی ئەو شتە خۆی بێتو شتی زیادی پێوە نەلکابێ •
بەرۆچکە : شوێن هەتاو •

(٨) مژدەگۆ : مژدەبێژ •

(٩) وانك لعلى خلق عظيم : واتە : بەڕاستی تۆ لەسەر خوو رەوشتێکی بەرزی • (سورەتی نون ئایەتی ٤) •
نادان : نەزان •

به حەصری حوسنی ئەخلاقت عەلیمە خالق‌و ، بۆ من
وەك ئەژماری ستارەی ئاسمان لێوی بیابانە(١٠)

بەڵێ عالەم بە خەزنەی جەوهەری خاصی مەلیك نابێ
بە غەیری خەزنەداریکی ئەمین‌و خۆی کە سوڵتانە

لەبەر «صلوا علیه»ی خوا «چڕوستانی» دەکا داوا
بڕێژێ رەحمەتێکی لایەقی ئەم شەوکەت‌و شانە(١١)

چ رەحمەت رەحمەتێ عام‌و بە کامی دۆستانت بێ
چ رشتن رشتنێ بۆ قەلبی هەرکەس مەرهەمی جانە(١٢)

چ رەحمەت رەحمەتێ وا تاوی بڕوا وەك هەتاوی رۆژ
چ رشتن رشتنێ لافاوی بێ سامانی تۆفانە

لە پاش پێغەمبەران ئیحیا بکا ئەڕواح‌و ئەجسادی
ئەبوبەکرو عومەر عثمان عەلی بەم نەوعە ریضوانە(١٣)

---

(١٠) حەصر : ژمارە • ستارە : ئەستێرە •
عەلیم : ئاگادار • ئەژمارە : ژماردن •
لیو: لم •

(١١) صلوا علیه : درووود بدەن لەسەر پێغەمبەر •
لایەق : شایەن • شەوکەت : گەورەیی ، جوان ، بەسیما •

(١٢) کام : ئارەزوو •

(١٣) ریضوان : رەزامەندی •

که قابمیان بـکاتو عەزمو قووەت دا بە سـەطوەتیان
بکەن حەشری لەحەشرا بۆ ئەوەی «مخلص» بەهەموانە(١٤)

لە ترسو لـەرزی عەرصە ئۆمەتی عاصی بـکەن رزگار
بە ئاوی «کوثر»یش تێر ئاو بکەن ئەم لێو بەبارانە(١٥)

بکاتـە بـاقیی هـەردەی «مبشر»یەك زوبەیـر ئینجا
سەعیدو سەعدە طەلحەو بوعوبەیدەو عەبدی رەحمانە(١٦)

لە پاشا داگـرێ ئەسـحابی بـەدریش یـەعنی یارانی
بەهەیبەت کێوی لوبنانو بەهەڵمەت شێری سەرلانە(١٧)

بدا مەوجی لـە باقی ئـەهلی بەیتو یەك بەیـەك یاران
بەمەخصوصی بەتوولئەوفاتیمەی سەرداری نیسوانە(١٨)

لەگەڵ دوو نووری چاوی «مصطفی» دوو شاهی شوبانا
کە گەردوون جەرگی بۆ مەظلوومیان برژاوو پڕ ژانە(١٩)

---

(١٤) سەطوەت : دەسەڵات ، هێز •

(١٥) عەرصە : دەشتی مەحشەر •
لێو بەبار : تیوو •

(١٦) دەی «مبشر» : مەبەست لەو دە ئەسحابەیەی پێغەمبەرە (د•خ) کە مزگێنی بەهەشتیان پێدراوەو ناوبراوون بە (العشرة المبشرة) •

(١٧) هەیبەت : سام •

(١٨) بەتوول : براوە لەخوێنی بێنوێژیی ئافرەت، خاوێن : مەبەست حەزرەتی فاتیمەی کچی پێغەمبەرە • نیسوان : کۆی (نساء) واتە ئافرەت •

(١٩) شوبان : کۆی (شاب) واتە لاو •

ئەگەر ئەرزو فەلەك فرمێسکی خوێنڕێژن کەمە هێشتا
کە رووحانی مەلـەك لەم ئیشـەدا سـووتاوو بوریانە

عەجەب مـاوم کە لەم دوو غەدرە دیدەی ئاسـمان ماوە
کە سورمەی هەردوو چاوی خـاکی پاکی نەعلی پێیانە

لەگەڵ ئەوئەهلی بەیتە هەردوو مامی «مصطفی» عەبباس
شەهی کێوی « أحد » حەمـزە کە ئەو شێری شەهیدانە

بڕێژە رەحمەتو «رضوان» بەسەر روحو دڵی هەمووان
بە وەصلت تـا ببن شادان لەگەڵ ئـەو ئەسڵی ئەکوانە

لەبەر ئەو شێری بێشـانە لە دووی ئەو روح فرۆشانە
لە هـەر ئەقلیمو بولدانـا دیانەت هـەر نومایانـە(٢٠)

بە جارێ چـەن شـەپۆلیدا بەسـەر ئەتبـاعو ئەحبابی
بە جارێ بەهـرەوەر بێ لەو هەچی پـاکانو چاکانە(٢١)

بـە جـارێ داوەرێ قەتـرەی هەزارانـدەر هـەزارانی
بە جارێ داگـرێ ئوممەت کە ئـەهلی شایەتیمـانە(٢٢)

---

(٢٠) بێشە : لانە .
ئەقلیم : ناوچە .
بولدان : کۆی بەلەد ، یانی وڵات .
نومایان : ئاشکرا ، دیارو دەرکەوتوو .

(٢١) ئەتباع : کۆی تابیع یانی شوێنکەوتوو .
هەزاران دەر هەزار : ملیۆن . هەزاران دەر هەزاران : ملیۆنەها .

(٢٢) داوەرێ : داباری .
درەخشان : رووناك .

بە جـارێ وا ببێ پەخشان درەخشان کا لە پێ تــا شان
ئەوی شـا ناسە شـانازی دەکا بـەو جانی جانـانە(٢٣)
نەکەی بێ بـەش ئـەوی بێ خێـرو بێرە یا ئیـلاهی تا
بەدەرخەی شوحجەیێ لەقەدری فەخری ولدیعەدنانە(٢٤)
لە سوچی قەتـرەیێ بەر ئەم پڕوپووچە کـەوێ بەشکم
بکا تەفرو توونا لەم بێفـەڕەی خۆی ئەم گوناهانە(٢٥)
فەرامۆشم مەکـــە « یا أکـرم الخلق » لـــەوەو دنیا
ئەگەر تۆ«صدر»ی من وەك«ذرە» هەر دەستم بەدامانە(٢٦)
ئەیا «فخر العـرب» من چاوەڕێی لوتفم کـە هاوناووم
بە ناووت گەرچی کوردم نیسـبەتی ئەسلم چڕوستانە
لە ئادابی طەریقـەت کە تەریـقم وشـکە ئیخـلاصیم
بەدەرگای شای بوخاری بازی ئەشهەب غەوسی گەیلانە(٢٧)
دوعای خێـرم رجایـە ئەی براگـەل بۆم بـکەن خێـرە
ئەگـەرچی شیـعرەکانم وەك دڵـم خـاوو پەرێشـانە

---

(٢٣) شاناس : پاشاناس ، ئەوەی پاشا ئەناسێ ، لێرەدا مەبەست خواناسە .

(٢٤) شوحجە : کەم .
ولدی عەدنان : وەچەی عەدنان .

(٢٥) بێفەڕ : بێ کەڵك . فەرامۆشم مەکە : لەبیرت نەچمەوە .

(٢٦) اکرم الخلق : چاکترین کەس .
صەدر : پێشەوا ، گەورە . (ذرە) : گەردیلە .

(٢٧) طەریقەت : ڕێگەی خواناسین . تەریق : خۆشکاندنەوە .
شای بوخاری : مەبەست شاهی نەقشبەندە کە خواناسێکی گەورەبووە .
بازی ئەشهەب ، غەوسی گەیلان : مەبەست شێخ عەبدولقادری گەیلانییەو ناوی (محمد بهاءالدین)ە .

## مەطلــەع موعــاد
## گەڕانەوە بۆ سەرەتا[1]

ئەگەر نەورۆ ئەگەر گەرمای تەمـووزە روو لە فەوتانە
ئەجەل دەمكا بە تۆزو چاو لـە تۆزێ رەحمی رەحمانە[2]

سـكووتم چاتـرە نەفـعێ بـەمن نـاگا بڵێـم یـانە
عەجەب جەمعییـەتێكە ئەم بەهـارو جـەژنی قوربانە[3]

---

(١) واتە : ئەوترێتەوە ، ئاكام •

(٢) ئەجەل : كاتی مەرگ •

(٣) سكووت : بێدەنگی • نەفع : سوود •

١ ـ تەواوبوو هۆنینەوەی هەڵبەستی «حەوت چینی چیمەن» كە سەیركردنی سەیرانی دڵی خاوەن دڵانەو وردبوونـەوەی وەك بۆنی گوڵانـە ، بە بە سووچی ئـووچی بێنەوا (محمدی چڕوستانی) • خـوای گەورە بە فەضڵو كـەرەمی خۆی كـردەوەی لەگـەڵ بكات ، نەك بـە گوێرەی رەفتاری خۆی •

(٢) تەواو بوو لە شاری سلێمانی لە ٨ی شەعبانی ١٣٧٧یك/٢٨ی شوباتی ١٩٥٨ لە غایەتی بێتاقەتی‌یا چونكە دوو مانگ لە خەستەخانە بوومو دوو رۆژە دەرچووم •

تێبینی :ـ

١ ـ ئەم روونكردنەوەیەی سەرەوە هی شاعیر خۆیەتی •

٢ ـ لەم رۆژەدا ئەم شیعرانە بەدەستی شاعیر نووسراوەتەوە •

## «چروستانی لە سەرەتای گرانیو پەرێشانی هەژاران وتوویەتی»

لە ســەرما کرمــە یــا ماخۆلیــا یــا جۆشی ســەفرایە
مەگەر کێچ کەوتــە کەوڵم یا گڕو ئاڵۆشی ســەودایە(١)

ئەمی ماتــەم کە دادەگــرێ ســەرم ماتــم دەکا وەختێ
دەبینم هــەرچی و پەرچی یــە زۆری لــە باوایە

گەلێ سوارەو هەراشە تاو ئــەدا ئەسپی مورادی خۆی
بە گاگۆلکێ ئــەڕوا توێخێکی چوو هەندێ کە ســاوایە

لە هەورازو نشــێوی چەپگەری چەرخی فەلــەك فکرە
ژیان شایی لــە نامەردە لە مــەردان مردن ئاســایە(٢)

---

(١) ماخۆلیا : نەسرەوتن ، یا نەخۆشی‌یەکە •
جۆشی سەفرا : گەرمەی نەخۆشی •
کەوڵ : پێست •
سەودا : لێرەدا مەبەست لە جۆرە نەخۆشی‌یەکە کە تووشی مێشك ئەبێ‌و هەندێ‌جار وا لە نەخۆش ئەکا خۆی بکوژێ •

(٢) چەپگەڕ : گــەڕانو سووڕانەوە بە لای چەپدا واتە : بــە پێچەوانەی مەبەستو ئارەزوو ئەسووڕێ •
شایی لە نامەرد : بۆ نامەرد شایی‌یە •

که کەللەی سەرسەری هەرزە لە پەردەو کوللەدا بەرزە
سەری سەروەر وەکو گەوهەر نەدیوی شیوی دەریایە(٣)

سروشتی هەیمەنی خاکی هەوێن بۆ هێمنیو ماتی
وەها وێنەی درۆندە پڕ هەوایە هەر گڕو بایە(٤)

لەبەر جەردەو چەتەی فیتنەو فەسادو تۆپی ناکۆکی
قەڵای بەرزی تەپی پێی تیپی پێشکەوتن لە کۆتایە(٥)

دەمێ دڵبەندی یاری وا بە بایێکی نەسیم ئەمدی
خەمێ جل بەندی عەییاری نەسیمە یەعنی بابایە(٦)

لە باری نالەباریوا گرانی پێوەنی ، خێزان
ئەبارێ نالە سەڵتی بۆرەبەن وەك سەڵتەنەت وایە(٧)

---

(٤) پەردەو کوللە : ئەو پەردەیەیە بە دەوری سەر جێگای خەوتنا ئەگیرێت
بۆ پاراستن لە جرۆجانەوەری ورد •
نەدیوی شیوی دەریا : واتە کەوتۆتە بنکی دەریاوە نابینرێ •

(٤) هەیمەن : دەسەڵات •

(٥) تەپی : روخا ، رۆچو •

(٦) دڵبەند : دڵبەست • نەسیم : شنەبا ، شەماڵ ، سروە •
عەییاری نەسیم : مەبەست نازناوی نەسیمی عەیارە کە کابرایەکی سیحر
بازو فێڵباز بووە •
بابا : ناوی نەسیمی عەیارە •

(٧) سەڵتی : تەنیایی ، رەبەن ، زگورتی •

ئەوا ملیۆنێ تیغ ئەسوێ لەمل وێنەی لەجان بێزار
کەوا مردن بە جان بێزارە لێی چ شتێکی عەنقایە !(٨)

لە باتی خواردنی نوقلو نەباتی داخو زووخاوە
ژیانی ژانە ، جێی زیندانە ، خوێنی شەربەتو چایە

وچانی مەرگە دەردی بەرگە زاماری دڵو جەرگە
سەراپا گەردەلوولی غەم لە بەریا ئاڵو والایە(٩)

خودا هەڵکاتە بای وەعدەو چرایی رووی ئومێد ، دەرخا
لە تاریکی کە بێژن وەسڵی پەروانە لە شەودایە(١٠)

کە سووتاوێ بە ئاوی رەحمی بێپەروا نەهێڵێ وەك
کە ئەسڵی وەسڵی پەروانە لە سووتانایە دەسمایە(١١)

دەروونی پڕ غەمو زاری «چرۆستانی» وەها کەیلە
شەپۆلی جۆشی تەسکینی بە ئیقبالی لەمەولایە(١٢)

---

(٨) عەنقا : مەبەست نەبوویەك بوونی دروست بێت ، یان بە خەیاڵ جۆرە شێوەیەکی سەرسوڕماو بخرێتە بەرچاو • یا بە باڵندەیەکی ئەفسانەییش دەوترێت •

(٩) وچان : پشوو ، حەسانەوە •
گەردەلوول : گێژەلووکە •
ئاڵو والا : جوانو رەنگین •

(١٠) بای وەعدە : ئەو بایەیە سوودی بۆ هەموو زیندەوەرو زەویوزار هەیە •

(١١) وەسڵ : گەیشتن • پەروانە : پەپوولە •

(١٢) زار : دەم •
کەیل : پڕ • تەسکین : دامرکاندن •
مەولا : خوا • لەمەولا : بۆ داهاتوو ئەوترێ •

## «نموونەیەك لە باسی کەچڕەفتاریی شەڕو گرانی لەگەڵ هەژاران‌و ژیانی تاڵیان»

چ ژیانێکە بە تاڵی کە هەژار ئەیبینێ
بە دووسەد ژینی وەها مردنییەك ناهێنێ

ئەمە چەند ساڵە بە خواری دەگەڕێ ئەم چەرخە
ڕۆژی هەندێکە بەهەندێك شەوەزەنگ ئەنوێنێ

جڵەوی وا بە یەکێ سواری بووەو تاوی ئەدا
بۆ یەکێ تۆڕو چەمووشە کەلەکەی ئەپسێنێ(١)

گەردەلوولەو دەفڕێنێ سرو سپیاڵی هەژار
سروەییێکە دەگەشێنێ دڵی هەر زەنگینێ

بۆتە گورگانە شەوێ‌و پەردەکولە بۆ هەندێ
بۆ گەلێ گورگی شەوە پڕ بە دەم ئەیخنکێنێ

چاڵی زیندانە هەژاران لە هەژاران تێدا
پێ لە کۆتا دەسەپاچە سەری دەرنایێنێ(٢)

---

(١) جڵەو : ڕەشمە • تۆڕ : بۆ کەرو ئێسترو ئەسپ‌و وڵاخ بەکاردێ •
چەمووش : بزێو •

(٢) دەسەپاچە : بێدەسەڵات •

یەکێ پابەندی کەلاوەی کەسەرەو دەردیسەری
یەکێ خاوەندی سەراپەردەیە تا ملوێنێ(٣)

قوتە بۆ روحی یەکێ بۆ یەکێ زیوانو مرۆر
شەربەتو ژەهرە چ تۆوێکە فەلەك ئەیچێنێ(٤)

لایێ زاخاوی دڵەو سورمەیی چاوە ، لایێ
دەردو زووخاوو رەشاوێ کە نەبینێ شوێنێ(٥)

بە متوربە دەرئەکا خەڵفو لقو پۆپی یەکێ
بۆ یەکێ وەیشومەیە ئاگرە دەیسووتێنێ(٦)

---

(٣) پابەند : پێبەستراو .
کەسەر : خەموخەفەت .
سەراپەردە : باڵەخانە . بارەگا ، لە کۆندا بە رەشماڵی گەورەی دەسەڵاتدارەکان وتراوە .

(٤) قووت : خۆراك .
زیوانو مرۆر : رووەکی تاڵن لە دەغڵودانا هەن .

(٥) زاخاو : پاككردنەوە . سورمە : کل .
زووخاو : پیسی ، برین . زرینچکاو .

(٦) متوربە : چاككردن ، بەوەی کە لقێك لە بەری دارێك پاك ئەکرێتو سەری لقەکە توێکڵەکەی فڕێئەدرێتو ئینجا ئەخرێتە ناو توێکڵو بەرگی درەختێکی بێبەرو ئەبەسترێ لەگەڵیدا .
خەڵف : تەرز . لقێکی ساوا .

گەلێ ئازیزی لە سەربەرزییەوە خستە نشێو
بەرزی کردۆتەوە نزمێ کە ملی نەشکێنێ(٧)

سووار ئەبێ ناپەسەنی پیادە کە هەر غاری ئەدا
نە لە کەس ئاوڕ ئەدا نە هەیە بیری دوێنێ

تۆ بڵێی بەم زووە ڕۆژێکی لە نوێ پەیدابێ
چەرخی ئەمچەرخە بەجارێ لەچەمەر دەربێنێ(٨)

ئێش و ناسۆری نەهێڵێ هەموو زامی سارێش
خەفەتی تەفرو تونا کات و وچانێ بێنێ(٩)

ئووچی بێزاری «چروستانی» بەزاری سووچێك
سووچ و بەدخواییی گەردوون بەسکاڵا دێنێ(١٠)

---

**(٧)** نشێو : نزم •

**(٨)** چەمەر : بنەڕەت •

**(٩)** ناسۆر : ئازاری برین •
سارێژ : چاکبوونەوەی برین •
تەفروتونا : فەوتان و نەهێشتن •

**(١٠)** بەدخوایی : خراپەکاری •
سکاڵا : دەربڕینی هەست و باری ژیان •

## «لەبەر تکاکردنی نووری چاوم یەحیا ئەم دوو غەزەلە غەرامی‌یەم دانا»

### «غەزەلی یەکەم»

من کە دڵ ماتەم نشینو بولبولیش هاوارو شین
هەریەکە سەوداسەری خونچەی گوڵێکی بێغەشین(١)

من بە نەقدی دڵ لە سەوزەی خونچە لێوی سوخمە شین
ئەو بە ئاهی لێوی خونچەی دوگمە سەوزی ئاتەشین(٢)

هەر یەکە خارو جەخارێ باری دەردی دڵکەشین
تاڵی شاری کوڵمو ژاری ماری زوڵفی خەم چەشین(٣)

هەر یەکە زامی بە تیرو نەشتەرێ کون کون لەشین
دڵ بە ئاواتی نەباتی گوڵ دەمی ماتەم بە شین

---

(١) ماتەم نشین : دانیشتووی غەمو پەژارە •
سەوداسەر : عاشق ، پەرۆش •
بێغەش : بێعەیب ، بێغەل •

(٢) نەقد : نرخی شت بە حازر • ئاتەشین : ئاگرین •

(٣) خارو جەخار : خەموخەفەت • دڕکوداڵ •
دڵکەش : دڵڕاکێش • تاڵیشاری : بەری روەکێکی زۆر تاڵە •

هەر یەکە سەرخۆشی جۆشی قەترە عەترێکی خۆشین
کوا نەسیمێ بێ بەیانی دەم گولی‌کا مەهوەشین(٤)
لەو دوو لێوە ئاڵە دوو کولمی سپی خاڵی هەشین
دڵ دەهێنێتو دەبا هاوار ئەکا خەڵوەت نشین(٥)
چارەیەك شینی ئوفوق سووری شەفەق خۆری بەتین
گشتی شێوان عەسرو شێوانو عیشا چۆن دا بەشین(٦)

---

(٤) مەهوەش : وەك مانگ •

(٥) خاڵیهەش : خاڵی بەرەش کوتراو •
خەڵوەت‌نشین : چلەکێش ، کەسێ لە شوێنێکی چۆڵ بەتەنیا بمێنێتەوە ،

(٦) ئوفوق : ئاسۆ ، کەناری ئاسمان •
شینی ئوفوق : واتە کاتی خەوتنان •
شەفەق : رووناکی • بەیان •
سووری شەفەق : واتە کاتی رۆژئاوابوون •
شاعیریش بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم دوو دێرەی لێك‌داوەتەوە :
«شینی ئوفوق نیشانەی عیشایە ، سووری شەفەق نیشانەی مەغریبە ،
خۆر نیشانەی عەسرە •

سۆفی خەڵوەت‌نشین کە خاڵ ئەبینێ لە روخساری مەحبووبە ، بە عیشای تێ‌ئەگات ، کە دوو لێوی ئاڵ ئەبینێ وا ئەزانێ مەغریبە ، کە کولمی سپی ئەبینێ ئەڵێ عەسرە ، سەری لێ‌ئەشێوێت نازانێت چ نوێژێکیان بکات •

من سەرم سوورماوە چۆن یەککەوتوون وا سوورو شین
خاڵی شین ماتم دەکا بەو لێوە سوورە دڵگەشین

ئووچی پاراوو تەڕی زاری «چڕوستانی» یەقین
بولبولا سا نەغمەیی سەد نەزمەبێ طالع رەشین(٧)

---

(٧) ئووچ : ئامیرێکی لە قامیش داتاشراوە بۆ نووسین • پاراو : تێرئاو • طالعرەش : بەدبەخت •

## «غـــەزەلی دووەم»

ئەی بوونو نەبــوونی نەفەست مــانو نەمانم
بۆ نەقدی هەوا مــردنو ســەوداتە ژیــانم(١)

ئاوایی دلــم چۆلــە بـــەبێ خێلی خەیـــاڵت
ئــاوایی بــە دڵــداری بفەرمــوو دڵو گیــانم

بێ دەرکــە رەقیب ئــەو تەمەلــە لاتی هەلاتــە
خۆم مەشقی غەمی ئەشقی تۆ ئازانە ئەزانم(٢)

ئەو دڵ رەشــە نەعلو یەمــەنی ماڵە بــە دەمیا
من مــۆرە دلــم مــاڵی لــەبی لەعلی یەمــانم(٣)

ئــاوارە دەكــا پەرچــەمی ئێــوارە تەماشـــام
وا هەر بە تەما چــوونی شەوو بوونی بەیانم(٤)

---

(١) نەقد : نرخ • هەوا : خۆشەویستی •

(٢) رەقیب : ناحەز
هەلات : فرۆفێلاوی ، ساختەچی •

(٣) یەمەنی : جۆرێكە لە كەوشو پێڵاو •
لەعلی‌یەمان : گەوهەرێكی بەنرخو جوانە •

(٤) چوونی شەو بوونی بەیان : رۆیشتنی شەوو هاتنی رۆژ •

لابە تەمی زوڵفت لـە سەر ئاوێنـەیی کوڵمت
با چـارەیی بێ چـارە بدا جـارێ نیشـانم(٥)

دیققەت لە قەدی ئەلفو کەچی لامی دوو زوڵفە
لـەم ماتەمـە دامـاوە دڵو لاڵـە زوبـانم(٦)

چاوم کـە روا خێل بـوو لە بـۆ چاوەڕووانیت
بێچـاوو روو بـۆ تیلەیی چـاوێ ئـەڕوانم(٧)

زوڵفت کە قەرینی رووە شـێوەی شەوو رۆژە
ئەو سێبەری خۆرم ئەم ئەلەتـریکی شەوانم(٨)

دەم عەتری شەکەر قەتـرە مەگەر لێو تۆ چاکا
دوو لێوی بەبار زەردی رووان روحی رەوانم(٩)

عەهدێکە دووپێم ناوەتـە رێی عەشقتو مـاتم
بۆ شـوێنە ونی هەر بە تەما هـاتی ژووانم(١٠)

---

(٥) چارە : روخسار •

(٦) کەچ : لار •
«ئەلفی قەد لەناو دوولامی زوڵفا ئەبێت بە لاڵ» •

(٧) چاوم روا : زۆر چاوەڕوان بووم •
تیلە : تەماشا بە لاچاو •

(٨) قەرین : هاودەم ، هاوسەر •

(٩) زەرد : نەخۆش •

(١٠) شوێنەوون : جێگەی نەزانراو •
ژووان : جێگەی بەیەك گەیشتنی دوو دڵدار •

کەشـــکۆڵی دڵو زاری «چڕوسـتانی» لــە نەزما
ئاواڵەیــە ئـــاوارەیی بەزمێــکی رەوانــم (١١)

---

(١١) کەشکۆڵ : دەفـری دەروێش ، کاسـەی دەروێش کە بـۆ زۆر کارو مەبەستی خـۆی بـەکاری دێنێو هـەم بە دەسـتنووسێك یـان کتێبێك دەوترێ کە زۆر لە هۆنراوەی شاعیرانی تێدا نووسرابێتەوە .
ئاواڵە : کراوە .
رەوان : روونو ئاشکرا .
لە دەستنووسەکەیدا شاعیر نووسیویەتی :
«ئەم غەزەلە لە دەنگی گێتی تازە لە بەغداد جووانی چاپ کردبوو» .

«دوای ئەو دوو غەزەلە ئەم غەزەلەم بە پەشیمانیو عیبرەت وت چونکە باوکم بە رەحمەت بێت فەرمووبووی : رۆڵە شیعر مەکە بە مەراق» .

بە پیری عەجایەب گرو گاڵ ئەکەم
عەجەبتر کە باسی خەتو خاڵ ئەکەم

بە داخی دڵی بێ دەماخم گەلێ
کولا مۆخم ئێستە سەرم قاڵ ئەکەم(١)

لە قۆناغەوە تا بە قۆناغی گۆڕ
هەوا هەولییە نەفسە عەوداڵ ئەکەم(٢)

خەیاڵێکی خاوە بە دنیا بگەم
بە پیادە لە بۆ سوارە رامالْ ئەکەم(٣)

گەلێ بێ فەڕو خێرو بێ بەرم کەوا
جلەو ها بە دەس دوژمنە زاڵەکەم

---

(١) بێدەماخ : بێ کەیف . سەرقاڵ : جەنجاڵ .
مۆخ : مێشک .

(٢) قۆناغ : مەبەست مەنزڵو شوێنە .
قۆناغە : منالْ پێچانەوە بە پارچەیە قوماشو پەڕۆ ، مەلۆتکە .
هەوا : ئارەزوو .

(٣) رامالْ ئەکەم : تەکان ئەدەم .

لـه شەستو شەشەمدایە ســاڵم ، کەچی
خەیاڵی مناڵێـکی شـەش ساڵ ئـەکەم(٤)

هەتا کەی بـە کاسی لە گـوێی گا بنووم
هــەزاران کـــەوا رۆیی ئاواڵـــەکەم (٥)

ڕەوایــە لەتــاو لــەرزی خـۆم نـەسرەوم
لــە رووتو رەجـــاڵی شەوی چاڵـــەکەم

مەگەر رەحــمی داوەر تـکای پێغەمبـــەر
لــە خۆیانــەوە دەس دەنــە باڵـــەکەم(٦)

ئەگـەر هــەورو تاریـــکە رێـگەم بـەڵام
بەوان چـاوەڕێی خـۆرو ســاماڵ ئەکەم

«چڕوســـتانی» هاونـــاوی پێغەمبـەرە
ئومێدم هەیـە چـابێ ئــەو ماڵـــەکەم

---

(٤) خەیاڵی مناڵێـکی شەش ساڵ ئەکەم : خەیـاڵو لێکدانەوەم وەکـو هی مناڵێکی شەش ساڵانەیە •

هەروەها نووسراوە «لە پەنجا ئەوا تێپەڕیمو کەچی» •

(٥) ئاواڵە : هاوڕێ •

(٦) داوەر : مەبەست خودایە •

## «دەنگی بێڕەنگی بەهاری ٩٤٨»

لە گوێما دەنگی بێڕەنگی بەهارو کۆچی زستانە
کە گۆیا باری غەم نامێنێ نۆرەی کەیفو سەیرانە

لە باسو خواسی خەڵکی وا دیارە جەژنی نەورۆزە
کە ڕۆژی تازە دێ دەبڕێ لە چاوا ئەم تەمو تانە(١)

خەیاڵی خاوە ، داوای پووچە ، یاری بێ سەرو شوێنە
دەماغی هەرزەوو بێعارە ، هی سەرخۆشو مەستانە

بەهارێ وا بەهاری بێ کە خوێنی دڵ نیگاری بێ
جگەر زاماری داری بێ کەلەپچەو کۆتو زیندانە(٢)

مەڵێ نەورۆزە جانسۆزە تەمو ماتەم تەپوتۆزە
لەبۆ دڵ داوە ئاڵۆزە جەخارو دەردو سندانە(٣)

---

(١) تەمو تانە : تاریکیو گرێ .

(٢) نیگار : خۆشەویست . دلبەر .

(٣) جان سۆز : ئەوەی کە گیان ئەسووتێنێ .

جەخار : زەحمەت .

بەهـاری وا چ بێ چـاکی کـە پـاراوی شـەڕە خـاکی
بە ئاخ و داخـە خـۆراکی گولـووکی خوێنی لاوانـە(٤)

وەنەوشەی زولف و کاکـۆڵی سـەرە و ژێـری هەژارانە
وەکو نەرگس دوو چاوی ئەبڵەق و زەق سەد هەزارانە

چ نـەورۆز و بەهارێـکە لەبـۆ بێ شـەرم و عارێـکە
لە بێ فکـر و دەمارێـکە کەوا خوونخـواری ژێـرانە(٥)

لە جیاتی بـەزم و سـەیرانی گـەلێ دڵ بۆتـە بوریانی
لە بـاتی نـەزم و گـۆرانی سـەدای ناڵـەی هـەژارانە

بەهارێ بۆ هەژاران سـەد کڕێوە و زوقم و لـەرزین بێ
ئەبێ چی بێ ئەگەر چی بۆ گەلێ کەس بۆتە لەرزانە(٦)

گەلێ سـاڵە بەهـاری هاروهاجـە شـێتە نـەورۆزی
لە جێی مەڵحەم برینە ، جـەژنی شینە ، ژینی وەك ژانە

هـەژاران بێدەس و مایـە هـەزاران بێکەس و سـایە
گەلێ پڕ پەمپە وەك تایـە کە بێ سەرگەرم و گەردانە(٧)

---

(٤) دیارە ئەم پارچە شیعرە لە ژێر تەئسیـری رووداوەکانی راپەڕینەکەی کانوونی دووەمی ئەوساڵەدا وتراوە .

(٥) خوونخوار : خوێنمژ ، خوێنخۆر .

(٦) لەرزانە : مەبەست خۆشی و شادییە .

(٧) **مایە** : پارە .
پڕ پەمپ : **فووتێکراو** .
گەردان : سووڕانەوە .

به بایێ خۆ دەبێ پەنچەر ، دەڕووخێنێ دڵو پێو سەر
لەبەر خامو لەسەر چەمپەر کولەی ژێر خاکو بەردانە(٨)

بەهار ئەو فەسڵەیە بەهەرەو بەری بەرزو نەوی بگرێ
کە نووری ڕۆژی نەورۆزی چرای هەر ژوورو کۆلانە

شنەو سروەی نەسیمی بێ تەڕو تازە دەماغی گشت
هەتاوو ئاوی جان بەخشی نزارو ئەرزو حەیوانە

نەهێڵێ بەرگی ڕەشپۆشێ زەوی تاقەو غەزەل‌پۆشێ
پەژارەو ماتەمو خەم لابەرێ لەم لێو بەبارانە(٩)

بلێی ئاواتی دڵ جارێکی تر ڕووی تێ بکا هاتی
بکا قاتی نەهاتی ئێمە ئازاکا بە ئازانە(١٠)

کە بۆ لاوانی ئازادی بە ئازادی ژیان دەرکەوت
ئەڵێن ئەو ڕۆژە نەورۆزە گوڵی دڵخوازی خۆمانە

« چڕوستانی » بە ئازادی دەپشکوێ گوڵ بە دڵشادی
تکایە نیشتمان زادی بلێن ئەم شیعرە خۆشانە(١١)

---

(٨) چەمپەر : کلاوێکە لە بووش دروست ئەکرێت •

(٩) پۆشێ : بپۆشێ •

(١٠) هاتی : بەخت • ئازاکا : ئازادکا •
قاتی : قڕکردن ، نەهێشتن •

(١١) نیشتمان‌زادی : نەوەی نیشتمان •

«ساڵی ١٣٥١ کە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣١ی زایینی ئەکات ـ قوتابخانەم دانا منداڵان داوای نەورۆزنامەیان کرد ، منیش ئەم بەهارنامەیەم بۆ دانان» :ـ

## «بەهارنامـــــە»

بیحەمدیللا بەسەر چوو تـاوی زستان
نەجاتی بـوو قوڕو چڵپـاوی زسـتان

هجوومی لەشـکری ئەنفـاسی نەورۆز
سوپای سەرمای بڵاوکردەوە کوتۆز(١)

لەمـەولا زەمزەمـەو بـەزمی بەهـارە
حەیاتی تازە بـۆ هەرکەس نیسارە(٢)

لە قەبری ژووری قەبزو خەففەوو تار
بە نەفحەی هاتە دەر هەر یارو دڵدار(٣)

---

(١) ئەنفاسی نەورۆز : مەبەست هەوای سازگارو بۆنی خۆشە .

(٢) نیسار : نثار : بڵاوە ، کراوەیە .
زەمزەمە : شایی و هەڵپەڕکێ و گۆرانییە .

(٣) قەبز : تەنگ .
خەفە : خەفە : مەبەست شوێنێکە هەوای لێ دەرنەچێ .
تار : تاریك .
نەفحە : هەوای سازگار .

لە حەپسی ژووری دووکەڵدا نەمــاوە
مەگەر سۆفی کە ئــەو هەر تێخزاوە

موراعاتێــکی ســەر تاپایی خــۆت کە
نەما پێچانــەوە هەر وەك مەلــۆتکە(٤)

چەمەنوا بەرگی رەنگاوڕەنگ ئەپۆشێ
لە بۆ ئــارایشی خۆی تێدەکــۆشێ(٥)

عەجەب رایخستووە فەرشی ( منقش )
لەبۆ نەزهەتگەهێ یارانی مەهوەش(٦)

بە دارو ئــەرزو شــاخو هــەر مەکانێ
ئەوا خــوا دایــەوە نەوعە ژیــانێ

لە ســەر تا پێ لەبــەریان کرد قەدیفە
لە هەر رەنگێ کە زۆر جوانو زەریفە(٧)

لە دامێنی چیــا هەر عەتر ئەبــارێ
دەکا تــازە دەماغی هــەر هــەژارێ

---

(٤) موراعات : چاودێری •

(٥) ئارایش : خۆجوان کردن ، رێكوپێك خستن •

(٦) منقش : نەخش کراو •
نەزهەتگەه : سەیرانگا •

(٧) قەدیفە : قەیفە ، کوتاڵێکی بەنرخو جوانە •

له دەشت و کێو له هەرکوێ کەی تەماشا
به گوڵ رازایەوە وەك بووکی پاشا(٨)

چنارو ئەرغەوان و نارەوەن بەوز
لەسەریان نا بەجوانی مێزەری سەوز(٩)

له دەشت و دەر شەقایق وا پژاوە
دەڵێی خوێنی شەهیدانە رژاوە(١٠)

وەنەوشە گەردنی کەچ کرد به باران
عەجەب پەخشایەوە وەك زوڵفی یاران(١١)

وەها نێرگس بڵندبوو بەرزو سەرکەش
خەوی پەستی بەری داهەردووچاوگەش(١٢)

له لایێ خونچەیەو دەم پێکەنینە
له لایێ بولبولەو گریان و شینە

صەفایی باغەوانەو گوڵ چنینە
جەفایی دڕکە هەر گازو برینە

---

(٨) له دەستنووسێکی تردا نووسراوە :
«له هەرلاکەی تەماشا» .

(٩) بەوز : جۆرێکە له درەخت .

(١٠) شەقایق : گوڵاڵەسوورە .

(١١) پەخش : پەرش و بڵاو .

(١٢) سەرکەش : دەماخ بەرز ، سەربەرز .

موبارەك بێ خودایـا عەیشی نـەورۆز
لە ئێمەو جەمـعی ئەحبابانی دڵسـۆز

خوداوەندا بـە حەققی قودرەتی خۆت
بە جاهی موسـتەفایی رەحمەتی خۆت

بەهـارێکیش لەبـۆ دڵمـان بنێـرە
گوشاد بێ چاوی بینایی کە کوێرە(١٣)

بە دایـم پێی ببینین تـا لیقـای خۆت
خەزانی قەدنەبێ وەك ئەولیای خۆت(١٤)

( چڕوستانی ) ئومێـدی عەفوی خوایە
کـە هاونـاوی رەئیسی ئەنبیایـە

---

(١٣) گوشاد : گەشاوە ، کراوە • بینایی : بینین •

(١٤) لیقا : بەیەك گەیشتن • خەزان : گەڵاڕێزان •

«لەساڵی ١٣٥٢دا ـ کە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣٢ی زایینی ئەکات ـ ئەم بەهارنامەیەم بۆ دانان» •

## بەهارنامە

چ ڕۆژێکە کە دنیا پڕ لە نوورە
چ فەسڵێکە کە سەحرا سەوزو سوورە

ئەمە نەورۆزە وا عالەم سەراسەر
بە بوونی ئەو دەماغی بوو ( معطر )

ئەمە تەشریفی جەژنی نەوبەهارە
کە بێ ڕوحو بە ڕوح پڕ بەرگو بارە

لە هەر لایێ تەماشاکەی گوڵووکە
سەراپا ئاڵو واڵا چەشنی بووکە

کەژو سەحراوو چیمەن سەوزو زەردە
وەکو شایی کە زاوا بێتە پەردە

درەختان دەس لەناودەس شان بەشانن
هەموو تارا بەسەر عەنبەر فشانن(١)

---

(١ فشان : پڕژێن •

گەلی تەیران لە هەر لا بەزمو رەزمە
چریکەو دەنگی گۆرانی بە نەزمە

وەرن دەستە برا ئێمەش بە جارێ
بچینە چیمەنی دەشتو کەنارێ

لیباسی گەرمی زستانە فرێدەین
لیباسی نەرمی نەورۆزی لەبەرکەین

بەگەل بادەس بەدەس بگرین جەماوەر
پیاڵەو شەکرو چا قۆریو سەماوەر

بە جەم ئێمەش سەراپامان بپۆشین
بە خۆشی چا لە سەحرادا بنۆشین(٢)

سەراپا بەرگی رەنگاو رەنگی زەرقی
بە دەنگیخۆش بخوێنین شیعروشەرقی

بە یاری رابوێرینو بە فتبۆڵ
لە رۆحی پیسی دوژمن با بکەین گۆڵ

تەمو غەم تاکو ئێوارە بە با دەین
بەرەوماڵ بێینەوە شوکری حودا کەین

لەبەر بەختی کە دووچاری نەهاتە
( چروستانی ) خەریکی توڕڕەهاتە(٣)

---

(٢) سەیرە کە لە گفتوگۆی (داکی وەتەن) سەروگوێی چای زۆر کوتاوەتەوە •

(٣) توڕرەهات : هیچوپووچ • دووچار : گیرۆدە •

لەساڵی ١٣٥٤ ئەم نەورۆزنامەیەم بۆ دانان ـ کە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣٤ی زایینی ئەکات •

## « نەورۆزنامــە »

ئەی بــراگەل مــژدەبێ ســەرما نەمــا زستان هــەڵات
چاوو دڵ روون بن هەمــوو وا رۆژی نــەورۆزی هەڵات

مەفــرەزەی تیپی بەهــاری هەڵمــەتی هێنــا بــە تــاو
وا چەتــەی تۆفو کــرێوەو زوقم ئەکەن پــەرتو بڵاو

کــوردەواری موطنم خۆشــە لە ئافــەت بێ بــە دوور
ئاسمانی شــینو ماوی ئەرزی ئاڵو ســەوزو سوور(١)

وا هەناسەی خــۆشی نەورۆزی بە بێ گیانو بــە گیان
رۆحی تــازەی سەرلەنــوێ داوە لەبــۆ چاتــر ژیــان

خــۆش زەماوەندێــکە ســەر تــا پێی زەوی رازایــەوە
بــەزمی دەنــگی دایــەوە کانی هەمــوو وا زایــەوە(٢)

---

**(١)** موطنم : مەوتینم •
ئافەت : بەڵا •
ماوی : ئاوی ، واتە وەك ئاو سافو بێگەردە •

**(٢)** زایەوە : تەقیەوە ، ئاوی تێهاتەوە •

لەقلـــەق‌و تەیـــرەن ئەبابیـــل‌و پلیسرکی هـــەزار
هەر یەکە لـــەم بەزمەدا نـــەزمێ دەڵێن شـــەرقی بەهار

کۆتـــرو کـــەو چۆلـــەکەو قـــازو مـــراوی پـــۆڕو قـــەل
هەر سەماو بەزمـــە چریکەو دەنگی گۆرانی بـــە گەل(۳)

کێوو کـــەژ دارو دەوەن دەشت‌و چەمـــەن خۆیـــان نوان
گیا ، گەڵا پیرۆزە رەنگ ، گـــوڵ چەشنی شیلانی روان

پیرەمەگروون مێـــزەرو بەرگی سـپی داکەند لـــە بەر
لاجیوەردی کردە بەر ســـەرپێچی سەوزی نایە سەر(٤)

سێوو گێـــلاس‌و بـــەهێ قـــەیسی‌و هەنـــارو دارەبـــەن
شۆڕەبی ، ســـەروو چنارو ئەرخـــەوان ، تـــوو نارەوەن

گوڵ بـــەدەم رازانەوە تـــارا بەســـەر وەك تـــازە بووك
ئاڵـــووالا نـــازو لارو لەنجەیـــــە گـــەورەو بچـــووك

وا قوتابیـــەکانی زانســـتی بـــە دارو دەســـتەوە
چوونە گـــردی مامە یـــارە دەم بـــە شەرقی‌و بەستەوە

ئەی کوڕینـــە بێن بـــە وێڵـــداشی جـــلی زەرقی‌و غەزەل
با لەبەرکەین‌و بە دەنگی خـــۆش بڵێین شەرقی غەزەل(٥)

---

(۳) بەگەل : بەکۆمەڵ •

(٤) لاجیوەرد : گوڵێکی پەمەیی‌و گەشە •

(٥) وێڵداش : هاوڕێ •

جلی زەرقیو غەزەل : جۆرە قوماشێکی خەت‌خەتە کە لەو سەردەمەدا باو بووە • بەواتا گۆرانیی رۆژهەڵاتیشمە •

دەس بە دەس بگرین بچینە دەشتی شیوی ئاودار
بۆ تەماشا کردنو سەیرانی مێرگو مێرغوزار(٦)

هەڵگرین خورماو تەڕە هێلکەو پەنیرو بێڵەکان
هەڵکەنین پێشوکو کەنگر ئاڵەکۆکی وەردەکان(٧)

رابوێرین تاکو ئێوارە بە یاری وەك برا
سا بەرەو ماڵ بێینەوە دڵ پڕ لە شوعلە وەك چرا

بەو دڵەی پڕ سۆزەوە با بۆ ( چڕوستانی ) لە خوا
رەحمەتێ خوازین کە بۆ ئێمە وەها شیرین دوا

---

(٦) شیوی ئاودار : جۆگە ئاوێك بووە لە گەڕەکی موشیرئاوای شاری سلێمانی ، کە شوێنێکی خۆشو سەیرانگای بەهاری دانیشتوانی شار بووە ، چەند ساڵێکە بووە بە گەڕەکێکی ئەم شارە •

(٧) ئاڵەکۆك : گیایەکی بەهارییە لە وەردو دەشتو شاخا ئەڕوێو ئەخورێ •

«له کاتێ که معاشی مەلاکان زۆر کەمبوو گرانیو حەربیش بەسەراهات ئەم شیعرانەم وت» :

ئەی مەلا بـوونی تۆ وەك تانە لە چـاوا بوونە
ژینی تـۆ بۆیە لـە زوخـاوو رەشاوا بوونـە
هەر خەسیسێ لـە برەودایە لە بـاوا بوونە(١)
کارو بـاری ئەمـەلت تا دێ لـە سـاوا بوونە

رۆژی بەختی تۆ لـــە گیرانو لە ئاوا بوونـــە

صەد کە تۆ خادیمی شەرعی‌یو لە دینا کە زلی(٢)
چونکە چاوت لە دەسی خەڵقی‌یە بێ دەستو پلی
لەکن ئەمخەڵقە وەکو گۆشتی لەڕی گەردەملی
مێزەری سەرتە کەوا لێت بووەتـە ماکی گولی

رۆژی بـەختی تۆ لـە گیرانو لـە ئاوا بوونـە

---

(١) خەسیس : سووكو ریسوا •
برەو : پێشکەوتن ، رەواج ، بازارگەرمی •

(٢) صەدکە : هەرچەندە •

پێشەوای هەر نەتەوە حاڵی بەکەیفی خۆیە
کە معاشی لە چڵو سی کەمی هەشتو نۆیە
تۆ کە ئەم بیوڵەتی‌یە وا لەسەرت تاپۆیە(۳)
پێشەوای میللەتی خۆخۆری کەوابوو بۆیە

رۆژی بەختی تۆ لە گیرانو لە ئاوابوونە

دەوڵەمەندی میللەت تاجرو بەگ ، ئاغاوات
چاك ئەدەن پارە لەبۆ تورکو فەلەستینو فورات
«جاری ذي القرب وجنب صاحبي بالجنب» کەهات(٤)
وتی کەوتوومو دەسم بگرە دەڵێ پێی هەیهات

رۆژی بەختی تۆ لە گیرانو لە ئاوابوونە(٥)

ئەوی جێی مەسکەنەتو فەقرە گەلێ قەرزارە
بەشی لای میللەتو دەوڵەت بە شەریعەت دیارە
گەر لە برسا بمرێ گوێ نەدەنێ بێ چارە
تۆ کە نابووتی‌یو پارەت نی‌یە لێت بێزارە

رۆژی بەختی تۆ لە گیرانو لە ئاوا بوونە

---

(۳) بێوڵەتی : نەگبەتی .

(٤) جاری ذی القرب : دراوسێی نزیك .
جنب : دوور .
صاحبی بالجنب : هاوڕێی نزیك .

(٥) هەیهات : دوور .

چیت لـە ئەوقـافو خەزێنـەو بەلەدییـە داوە
لە هەمـوو بێبەشی بـۆ خەڵقی وەکـو لێشاوە
چەڵومل نەگبەتی نوشتەت لەهەموو شۆراوە(٦)
تا (رجالی) وەتـەنت رووت لێنەکەن بـەملاوە
رۆژی بەخـتی تۆ لـە گـیرانو لە ئاوابـوونە

لە هەموو دائیرە موسـتەخدەمی رەسمییانە(٧)
لایەحەی گـرتنی موچە بـە ( تقاعـد ) دانە(٨)
هەر مەلا لـەم کەرەمە بێبەشو سـەرگەردانە
رووی لە مێزەر نی یە میری دوو هەوا یەك بانە(٩)
رۆژی بـەختی تـۆ لە گـیرانو لە ئاوا بـوونە

---

(٦) چەڵومل : پێوەند ، دەسوێ بەستراو .

(٧) موستەخدەم : کارگوزار .

(٨) لایەحە : لیستە .

(٩) دووهەوا یەك بانە : پەندێکی پێشینانی کوردییە یانی : وا ڕێتەکەوێت کارێك یان مەبەستێك بۆ کەسێك گونجاوو ڕەوا ئەبێت کەچی بەهەمان شێوەش بۆ یەکێکی تر نەگونجاوو ناڕەوا بێت . دەقە فۆلکلۆرییەکەشی (بانێکەو دووهەوا) .

ئەگەر ئــەشراف‌و ریجالت نەکەن ئیتــر مەیلی
گەر بە شێواوو پەشێوی تۆ نەکەن دڵ کەیلی
شۆخ‌و شەنگی لەکەشەنگی تۆ نەکا واوەیلی(١٠)
بە خودا چارەسەری خۆت کە هیلاکی خەیلی(١١)

رۆژی بــەختی تــۆ لە گــیران‌و لە ئاوابــوونە

صەدکەلێت‌زویرەدوعای‌بۆبکەقەدلێی‌مەبەزیز
مەوطینت پاکوتەمیز بێ نەتەوەی تاکو عەزیز
وەك(چڕوستانی)بڵێ رەببی‌تەبابن وەکوڕیز(١٢)
گەر لەنێو دەرنەچێ ئەم دڵ رەقیەو دەعیەوفیز

رۆژی بەختی تۆ لــە گــیران‌و لــە ئاوا بوونــە

---

(١٠) کەشەنگ : داماو • وەیل : هاوار •

(١١) خەیلێ : گەلێ ، زۆر •

(١٢) تەبا : رێك ، دۆست •

« بە بیانووی جەژنی چوارقۆڵی جومعە ، هەوەڵی رەمەزان ، جەژنی دارو نەورۆز لە ١٩٥٨/٣/٢١ز ئەم نۆ شیعرەم داناو ناردم بۆ گیوی موکریانی »(١) .

## «رۆژی ( نابغە ) هەڵکەوتوو»

لەمێژە چەرخی گەردوون خول دەخوات و رۆژو شەو دێنێ
پشوو نادا بە گێتی کارەساتی تازە دەنوێنێ(٢)
نەماندی رۆژی وەك بیست و یەکی ئاداری پەنجاوهەشت
بە چوار قۆڵی دوو جەژنی دینی یو دوو عادەتی بێنێ
بە جومعەو هەووەڵی رۆژو بە جەژنی دارو نەورۆزی
فەرو پیرۆزو دڵخۆشی لە هەر لایێ بپرژێنێ

---

(١) هەندێ لە بەرهەمەکانی لە گۆڤاری هەتاودا بڵاوکراوەتەوە .

(٢) چەرخ : رەوڕەوە .
گەردوون : فەلەك ، دنیا .
خوول دەخوات : دەسووڕێت .
گێتی : جیهان .

له دنیا جومعـه‌یه سـه‌رداری رۆژان جـه‌ژنی ئاییـنـه
حه‌جی تیپی هـه‌زاره پیتی هـه‌ر کاتێ له هـه‌ر شوێنێ
له ئایـین‌دا سوپاس‌و فه‌ڕری مانـگی رۆژوو وه‌ك رۆژه
به خێرو ره‌حمـه‌تی به‌دكارو تـاوانبار ئه‌بـووژێنێ(٣)
به‌ری داری نـزاری بـاغ‌و چـه‌م بێجگه لـه سێبه‌ریان
كه هۆی نیـوه‌ی ژیـانه بـۆ مه‌زن جـه‌ژنێ ئـه‌نالێنێ
هه‌وه‌ڵ رۆژی به‌هـاره پێی ده‌ڵێـن نـه‌ورۆزو رۆژێكه
سه‌ره‌ی ژینێـكی تازه‌و هێـرشی گوڵزار ئـه‌بزوێنێ(٤)
به‌كانی‌و ده‌شت‌و كه‌ژ روخسارو ره‌نگی تازه‌به‌ش ئه‌كرێت
ئیتر تپی به‌هـاره‌و هێزی سـه‌رماو سـۆڵه ده‌شكێنێ
ره‌وایه (نابغـه) هه‌ڵكه‌وتوو نـاوی نێ «چڕوسـتانی»
كه رۆژی جـه‌ژنی چوار قـۆڵی نه‌بینراوه هه‌تـا دوێنێ

---

(٣) ئه‌بووژێنێ : ئه‌ژێنێته‌وه .

(٤) ئه‌بزوێنێ : ئه‌جووڵێنێ .

## «یاری لەگەڵ حاجی ئەحمەدی ئەحە رەشی مەلا برایم
## بە یادگار بۆ شێخ محمدی مەحوی»

قەڵـەم بهۆنـەرەوە سەرگوزەشـــتەیێکی وا
کە سەیرو دۆغری‌یە پڕ لە نوکتەیە بۆ وریا(۱)

مەبەس لـە یارییە با کەس نـەڵێ چڕوستانی
دەماغی هەجوی لە سەردایە خۆی بکا ریسوا(۲)

لەبۆ یەکێ لـە ئەدەبخانـەکان ئەچـووم رۆژێ
بە نیازی گـرتنی تارەت کە گەیمە بـەر دەرگا

لە ژووری ئاودەسەکە حاجی ئەحمەدی رەش بوو
لە ئیشی خۆی بووەوە و بێ‌منەت لەوێ هەستا

بەڵا کـە هاتـە دەرو جێـــگەی بە خـــاڵی ما
لەدەرگە دەستەجڵەو هەر بەدەستەوە وەستا(۳)

---

(۱) دوغری : راستی ٠

(۲) دەماغ : مەبەست کەیف و ئارەزووە ٠

(۳) دەستەجڵەو : بەنەخێن ٠

بە شۆخی کردی بەسەرما بە مننەت‌و شاباش
چ مننـەتێ مەگەر ئـەو کردبێتی ئـەو بیکا(٤)

وتی بزانـە لەبـەر خاتری تـۆ زوو هەسـتام
کە چاکە بێت‌و بە خـۆڕایی تێنەگەی ئەمما(٥)

ئەمە بـە خوێندنەوەی یەك ( قصـیدە بردیە )
کە بۆم بخوێنییەوە پڕلەشەوق‌و زەوق‌وصەفا(٦)

کە هیچی لێنـەدزی پێت بڵێم بە وشـکەمزی
کە نان‌و ئاوی نەبێ نیمـە شەوچەرە ، بێچا(٧)

کەحاجی گەوهەری هەڵڕشت‌و کەللەشەکری شکان
بەبێ جەواب‌و قسـە چوومە ژوورەوە ئینجـا

لە بەحـری فیکرو خەیالا بە جـارێ غایب بووم
کە شوهرەتی هەیە وردی خەیاڵ‌و فیکری خەلا(٨)

برا کڕینی قەصـیدە بە جێی قـەزای حاجەت
هەزار ئەوەندە عەجەب‌تر لەبەیعی کێچە بەگا(٩)

---

(٤) بەشۆخی : بەگاڵتە • شاباش : بەخشش •

(٥) ئەمما : بەلام •

(٦) قصیدە بردیە : کۆمەڵـە شیعرێکە لە ستایشی پێغەمبەردا نـووسراوە لە ڕێکخستنی «بوەیصیری»یە •

(٧) وشکەمزی : بەخۆڕایی ، بێ کرێ ، بە نانەسکی •

(٨) خەلا : ئاودەست ، ئەدەب‌خانە •

(٩) قەزای حاجەت : دەست بەئاو گەیاندن • بەیع : فرۆشتن •

لەعومری خۆم شتی وام قەت نەبیستو نەمدیوە
کە کردبێتی کەسێ وا موعامەلەو سەودا

حەقی قەصیدەیە خانەی ئەدەب طەعامو بخوور
نەوەك لە جیاتی ئەدەبخانەو عفوونەتی وا(١٠)

لە شێخ محمدی باش کاتبی نەوەی مەحوی
بفکرە لای کەمە دنیا بە یەك قەصیدە بدا

ئەوەن بە قیمەتە لای ئەو بە رۆحو دڵ ئەیەوێ
هەچی هەیەتی لە پێناوی نەزمێ خەرجی کا

بە فەرشو دۆشەكو پشتی بخورو عەترو گوڵاو
وەها لە ئۆدە دەکا دڵ لەوێ دەبێ ئاوا(١١)

دەکا لە دەعوەتی ئەحبابو بەزمی نەزمی سەرف
پلاوو گۆشتی بە بامێو تەماتە شەکرو چا(١٢)

دەخوێنرێتەوە شیعری «قصیدە بردیە»
چ مەجلیسێ کە بە ئادابو خۆشو پڕ مەعنا

دڵی عەجەب دەگەشێ روحی وا دەبێ تازە
بەحوسنی قەصدی دەکا دەس بڵاوو دەم بەدوعا(١٣)

---

(١٠) خانەی ئەدەب : شوێنی بەرزو رێزلێنان .

بخوور : دارێکی بۆنخۆشە بە سوتاندنی بۆنی خۆش بڵاوئەکاتەوە .

(١١) ئۆدە : ژوور ، دیوەخان .

(١٢) بەزمی نەزم : پێویستی رێكخستن .

(١٣) حوسنی قەصد : مەرامی باش . دەس بڵاو : بەخشندەو دڵفراوان .

وەهایە عادەتی ئەو کاکیی ڕەش کەچی تۆش خۆت
بە هێزو مایە نووانو بە موشتەری دانا(١٤)

لە بۆ کڕینی قەصیدە بە جێگە پێشاوێ
لە پێشەوە سەلەمیوا دەکەی بەبێ پەروا(١٥)

کڕین بە جێگەیی مرداریٚ دوڕڕو مرواری
لەعومری بۆتە چە بیستووتە چۆن ئەبێ شتیوا

ئەڵێن کە یوسفی میسری بەیەك گوڵۆڵە دەزوو
لە موفلیسێکەوە جاریٚ موعامەلە دەکرا

بەڵا ئەتۆ کە لە دەستایە حاجی دەس مایە
بۆ وەك گوڵۆڵە دەست پڕ گرێیە ، ئاڵۆزا

درۆی نەکردووە ڕەحمەت لە گۆڕی پێشینان
زەڕی بۆزەڕگەرو گەوهەر بۆگەوهەری دانا(١٦)

ڕەوایە شیوەنو زاری بکا ( چڕوستانی )
لەداخی خۆی کە بەلاشە دەبینرێ دیبا(١٧)

---

(١٤) سەلەم : مامەڵە بە سەوزخڕ •

(١٥) بێپەروا : بێباك •

(١٦) «زەڕی بۆ زەڕگەڕو گەوهەر بۆ گەوهەری دانا» : مەبەستی ئەوەیە کە «هەرکەسەو ئیشی خۆی» یان : هەرکەسەو ئیشێکی پێئەسپێردرێ کە بتوانێ بیکاو بیزانێو پەندی پێشینانە (قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە) •

(١٧) دیبا : جۆرە کوتاڵێکی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگە •
بەلاشە : جۆرە قوماشێکی سادەو هەرزان بەهایە •

بەڵا کە بێشەیە دنیاوو لایێ گوڵزارە
لە لایەکیش دڕکو داڵە لێی گلە ناکا(١٨)

(١٨) بێشە : دارستان •
گلە : گلەیی •

بەهۆی راپەڕینی عیراق بۆ ئـازادیو رزگاریو ، یارمەتی سوپاو گەلی نیشتمان لە کوردو عارەبو ، بنەبڕکردنی هەوێنو ماکی پەتای ئیستیعمارەوە لە رۆژی دووشەممە ٢٦ی مانگی حەج ١٣٧٧هـ /١٤ی تەمووزی ١٩٥٨م • کارەساتو راپەڕینێکی شێرانە بوو ، چون ئەوەتەی چەرخ ئەگەڕێت وێنەی نەبووە ، بۆ ئەوە ئەشێت ناو ببرێت بە جەژنی تاقانە •

٣ غەزەلە هەوەڵیان ١٩ بەیت شیعرەو ، دووهەم شانزە لە یەك وەزنو ، سێهەم هەژدە لە وەزنی گۆرانی •

## « غەزەلی یەکـــــەم »

سوپـاسو گەورەیی بـۆ خالقی گـەردوونی گـەردانە
لە سروەی لوتفو تاوی قەهـری زانا ماتو حەیرانە(١)

لە بەحـری « کـل یـوم هـو في شـأن » کە پـەی نادا
لە ئەنجـامت بترســـە تێپەڕینـــە یانــە خنکانـە(٢)

(١) گەردان : سووڕاو •
سروە : شنەی بەرەبەیان •
تاوی قەهر : تینی رقو تووڕەیی •

(٢) «کل یوم هو في شان» ئایەتێکی قورئانە لە سورەتی رحمان لە وەسفی خوادا ، واتە : «هەموو رۆژێ ئەو لە کاردایە» بە فەرمانداني «کن» یانی ببە • پەی نادا : بێ‌بنە •

هەموو هاتو نەهاتت کەوتنو هەڵسانو بوونو چوون
لە بگرەو بەردە تا بێنەو بەرەت فەرمانی یەزدانە

خودا گەر هێرشی هێزو ئیرادەت هەڵمەتی هێنا
ئیتر سەرکەش سەرەو ژێرە لە کەوتو نۆرە هەڵسانە(٣)

کە شمشێری نهێنی تیژی حوکمی تۆ تەکانی‌دا
دەخاتە گورگە لۆقە گورگو فیل دێنێتە جۆلانە(٤)

بەبەرزیو دەس‌درێژیوسەرکەشی‌مەخورە دەست‌دەبڕن
لەپڕ تووشی سەرەولێژی دەبی جێت چاڵو زیندانە

برا وریابە زۆر سەربەرزی بەد کرداروو تاوانبار
لە کێوی بۆ نشێوی چوو ، نەدیوی شێوی فەوتانە(٥)

**ئەگەر کێوی دەبێ بتوێیتەوە نۆرەی نەهاتت دێ**
گولۆڵەت کەوتە لێژی مانو ژینت مردنو ژانە

بە گیانو چاوو گوێ وریاوو دووربین بە کە چاکو بەد
یەکی تامو بەرێکی تیایە گەر مردن وەگەر مانە

لە تاریکی نەهاتیو نەگبەتیدا مەبڕە هیوای دڵ
کە رۆژی هاتو رزگاری لە پارێزایە پەنهانە(٦)

---

(٣) سەرکەش : سەرپێچی کەر •

(٤) گورگە لۆقە : رۆیشتنی گورگ‌ئاسایی لە هەنگاونانو خێراییدا •

(٥) کێوی : بەرزی • نشێو : نزمی •

(٦) پارێز : خۆداگرتن • پەنهان : شاراوە •

که کاسەی زەبرو زەنگی خوێنمژی پڕ بوو دەبێ بڕژێ
لە پڕ تووشی شەوی نەحسەو سزایەو پەتپەتی دانە(٧)

هەرای چواردەی تەمووزی نۆسەدو پەنجاوو هەشتی جەیش
لە دنیا نەبوە وێنەی قـەت ، ئەشێ بۆ جەژنی تاقانە(٨)

هــەوێنی زۆرو زاڵی دوژمنو پـەرتو بـڵاوی گـەل
هەموو پەنـدی بپساتن رەنجەڕۆ ریسوا سـزادانە(٩)

تەبـایی و رێكوپێـكیو كۆمــەڵیو ئازادیـیە ئیتـر
درا جـاڕی قـڕانی مـاكی ئیسـتیعماری مۆرانـە(١٠)

بە خوا دەکرێ شــەوی زۆرو ســتەم لابا ، لە پــڕ بیکا
بـە رۆژی پـاکی جومهــووری ، لـە چـاوا لا ببا تانـە

نەما بەنــدی عــیراقو بەنــدەیی ، رزگارو ئــازاد بوو
لە یەك ئانا بــە پڕكێشی سوپاو كۆمەڵ بــە شێرانە(١١)

---

(٧) نەحس : نەگبەتی • نەهاتی •

(٨) هەرا : مەبەستی لە شۆڕشە •

(٩) پەندی بپسـات : ئەڵێن فلانەکەس بوو بەپەندی بپسـات واتە : کارێکی بەسەرهات بوو بە مایەی عیبرەتو پەنـد لێوەرگرتنی هەموو خەڵکی رووی زەوی •

(١٠) جاڕ : بانگ • قڕان : نەمان •

(١١) پڕكێشی : زاتدانە بەرخۆ ، پەلاماردان •

له کۆمەڵ مـژده جومهـووری بـه پیرۆزی خـودا کردی
گریێو کـۆسپو پلەش تەفـرو تونـاکا وا رجامانه(۱۲)
ژنو پیاوی کـەژو دەشتی عـیراقی هەر له دێ تـا شار
به خۆشیو کـەیفو شادی رۆحو ژینی تـازه پەخشانه
نەمایێ کەس نەبوو بیژێ کە بەر دەگرێ به پەنجا ساڵ
له پڕ وا خـوا رووانی سـێبەرو بەر دانی یـەك ئانه(۱۳)
له لوتفی خوا دەسی زۆری نیـه بەندەی ( چڕوستانی )
به بێ پەروا ئـەژی ، ترسی نی‌یه ، هـاوڕێی هەزارانه

---

(۱۲) پله : سەختی .

(۱۳) بەردان : بەروبومدان .

«دیسان بەهۆی راپەڕینو پڕکێشی عیراقەوە بۆ رزگاری» • ١٦ شیعرە ١٩٥٨/٨/١م •

سەرم سوڕما گەلێ دەمرێ لە بۆ گەل شینو گریانە
گەلێکیش مردنی هۆی جەژنو شاییو چەپڵە رێزانە

وەصیو نوری سەعیدو (مصر)و «عبدالناصر»و بەغدا
لە هێزو قودرەتی حەق عیبرەتو دەرسێکە بیزانە

ئەوی دوێنێ نیشان بوو بۆ پلاری طاغیە ئیمڕۆ
بە ناوی رۆڵەکانی گەل لەسەر زارەو لەنێو گیانە(١)

نەما ئەو دوو پەڵە هەورە رەشەی ماکی پەتاو پیسی
بەهۆی تاوی سوپاوەو هەڵمەتی کۆمەڵ بە مەردانە

تەبایيو رێکی مصرو شامو بەغدا کارەساتێکە
کە پاراوی هەزاران تینووە رووناکی چاوانە

لە شاییو بەزمو سەیرانی بە نەغمەی نەزمو گۆرانی
هەموو شاری سلێمانی وەکو رۆژانی جەژنانە

---

(١) پلار : توانج • داغیە : لەخۆبایی بوو ، زۆردار •

نەشیدی راپەڕینو ثەورەیی ( صوت العرب ) باوە
لە ناو ماڵانو خێزانە لە هەر دوکانو چاخانە(٢)

خودا هێزێ بدەی بەم راپەڕینو ئیتتیفاقە ، تا
بەری ئازادو بەرزی وەرگرن چی عوربو کوردانە

خودا کوردو عەرەب ئازاکە پاکی کە لە ئیستیعمار
لە ئەمریکاو ئینگلیسو فەرەنسە تێك بدە لانە

بە تاوی تیپی قەهرت دامرێنە ئاگری دوژمن
بە ئاوی فەتحو نەصرت ئاو بدە ئەم لێو بە بارانە

شوکور وا هاتە دی ئاواتی دڵ بۆ عارەبو کوردان
بە لاچوونی تەمی تاریکی ئیستیعمارو بێگانە

برا نۆرەی تەبایی‌و رێکی‌یە سا هۆگری یەك بن
ئیتر پەرتو بڵاوی ، دوو دڵی ، ناکۆکی ، تاوانە

ئەگەر ئەم دوو برایە پشت بە یەك بەستن بە یاری خوا
بە جانو دڵ بکۆشین هەردوو کۆمەڵ گورجو ئازانە

مسۆگەر هێزی یاریدەی خودا سەرکردەیی گشتە
هەوێنی رێكوپێکی هۆی تەبایی دینو ئیمانە

بە جاهی ئەحمەدو قورئان ببەخشە هێزی ئازادی
بە ئیسلامەت کە قورگم بۆ کەسا سی پڕ لە گریانە

---

(٢) صوت العرب : ئیستگەیەکی کۆماری میسرە .

دڵم تینــووی تەبـایی عــارەب و کــوردە خــودا بیــکا
بەعەونی خۆی ئەگەرچی کوردم و ئەسڵم (چڕوستانە)(٣)

---

(٣) عەون : یارمەتی •

تێبینی :ـ

ئەم دوو غەزەلەی پێشوو ، لە گۆڤاری هەتاوا ، ژمارە (١٣٨) ، ڕۆژی ١٠ی اب ـ ڕۆژی یەکشەممە ، ساڵی ١٩٥٨ ـ بڵاوکراونەتەوە •

دیسان بەهۆی راپەڕینی سوپای عیراقو هەڵمەتێکی شێرانە بۆ بنەبڕکردنی ماکو هەوێنی ئیستیعمارو ، رزگاربوون لە ژێردەستیو کەساسی بۆ ئازادیو سەربەستی بە تەبایی سوپاو گەل لە کوردو عارەب لە رۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨م لەسەر داواکردنی ئافرەتێکی (ممرضە ـ قابلە)ی مامان •

ئەم شیعرانەم بە شێوەی گۆرانی کوردی دانا بۆ ئەمە کە لە کۆمەڵا بیخوێنێتەوە :

ئەی پیرو لاوان ئاواتەخوازان
وەی بۆ رزگاری جەرگو دڵسۆزان

ئەی تامەزرۆیان برسی ئازادی
هات نۆرەی بەرزیو سەربەستیو شادی(١)

مژدە بێ لێتان ئەی براو خوشکان
جەژنی تازە هات لە پڕ بە تەکان

چەن ساڵە ماکی پەتای ئیستیعمار
هەر خوێنی دەمژی لە گۆشتو دەمار

بوو بە گیاکەڵەی کشتو کاڵمان
سیسو بێ هێز بوو باڵاو باڵمان

---

(١) تامەزرۆ : زۆر بە ئارەزوو یا بە ئارەزوویەکی زۆرەوە •

عیراق تاریك بوو له سایەی رەشی
بە کوردو عارەب زووخاوی چەشی

لە پڕ بە هێزی کۆمەڵو سوپا
ئەوی هەوێن بوو بە جارێ تۆپا(٢)

بە یاریدەی خوا بە یەك پەلامار
لە ئیستیعماریان دەرهێنا دەمار

بژین ئەی سوپاو کۆمەڵی عیراق
لاتان برد لە دڵ خەفەتو مەراق

داری قۆچاغیو گورجیو چالاکی
بەری پێشکەوتن دەگریو بێ باکی(٣)

تکا لە کۆمەڵ لە پیر تا لاوی
ئیتر بەسێتی پەرتیو بڵاوی

پشت بە یەك بەستن عارەبو کوردی
بۆ برایەتی بە دەست و بردی

بۆ پارێزگاری داری جومهووری
هەموو وریا بن بخۆن مشووری(٤)

---

(٢) هەوێن : مەبەست لێرەدا میکرۆبی خراپەیە •

(٣) قۆچاغ : ئازا ، چابوك •

(٤) مشوور : خەم •

تا لە سێبەریا بحەسێنەوە
بەری لێ بخۆن ببووژێنەوە

بەرزی جومهووری لە خواکەن داوا
ڕۆژی ئیستیعمار تاریک بێو ئاوا

خوایا یاریدەی جومهووری بدەیت
کۆسپو گریو گۆل تەختو بەرپاکەیت(٥)

بۆ هێزی شۆڕش برا بێنەوە
وەك ( چڕوستانی ) بپارێنەوە

---

(٥) کۆسپ : گۆل .

## «الماضي لا يذكر ، والمستقبل لا ينتظر ، والحال هـــو المعتبر»(١)

ئەی کاکی وریــــا بــــرای پــڕ هونـــەر(٢)
دەم راســـتی وتـــار بە مەعنـــا رێبـــەر

هـــەر چەنـــد ئەربـــابی مەعنـــا لەمـــەوبەر
بۆیـــان جێهێشــتین سێ دانە گـــەوهەر(٣)

مـــاضی لـــە دەس چـــوو بـــەردە ( لا یذکـــر )
موســتەقبەل مەجهـــوول ( فلا ینتظـــر )(٤)

---

(١) الماضي لا يذكر : باسی رابردو ناکرێ • المستقبل لا ينتظر : چاوەڕوانی داهاتو ناکرێ • الحال هو المعتبر : پەند لە ئێستا وەردەگیرێ •

(٢) شاعیر ئەم شیعرانەی لە پێش نووسینی رووپەڕەی ژیانی وتووە • رێبەر : رێ پیشاندەر ، رابەر •

(٣) ئەرباب : کۆی (رب) واتە : خاوەن •

(٤) بەردە : بەری بدە • لا یذکـر : باسی ناکرێ • فلا ینتظـر : چاوەڕوان ناکرێ •

لە حاڵ وریابە هەر ئەو موعتەبەر
یەعنی ئەتوانی لێی وەرگری بەر(٥)

ئەم سیانە وردن بە ئامۆژگاری
بۆ لێ وەرگرتن کردن بە دیاری

ئەمما مەعنایان زۆرەو بە ( دقة )
دوور بینی ئەوێ ژیریو ( سليقة )

پێت ئەڵێن ئەوی رۆییو لە دەست چوو
لە دڵ فرێدە وە بزانە خەو بوو

خەمو خەیاڵی دڵ بە خۆڕاییی
بۆ لە دەست چوونێك نەتکا سەودایی

قافڵەی هەناسەت تەڵای بێ گەردە
مەراق بە تاڵان نەیبا وەك جەردە(٦)

ئەو کەسە پیشەی خەمو خەفەتە
دەسمایەی ژینی کەوتە دەس چەتە

ئەوی با بردی لەلات وەك بابێ
نەگەڕانەوەی ئەویش هەر وابێ

---

(٥) موعتەبەر : پەسندکراو •

(٦) شاعیر لە دەستنووسەکەیدا ئەم نیو دێڕەی بەمجۆرەش نووسیوە :
«کاروانی ژینت تەڵای بێ گەردە» •
تەڵا : زێڕ ، ئاڵتوون •

دەسی خـــۆت پێشـــخە ئیمرۆ هـــەراشی
بـە هیـوای سـبەی سـاواو لە پـاشی

کارو بـاری خـۆت هەرگیـز پاش نەخـەی
هیچ مەعلـووم نی‌یە ئەگەیتـە سـبەی

فورصـــەت لا مـــەدە لێرە بـــۆ ئـــەوێ
بـــەچی ئـــەزانی ئەگەیتـــە شـــەوێ

ئـەوی ژێـر دەسـتە دەست مایـەی ژینـە
سـا نەیـدۆڕێنی تیـا بـکە چینـە

ڕۆیشـــتوو هـــەر وەك نەهاتـــوو وایـــە
ئـــەوی کـــە تێیـدای هـــەر ئەمـە مایـە

بـە فیـرۆی مـــەدە سـا مەیدۆڕێنـــە
بە چـاکی‌و بـاشی خـۆی تیـا بنوێنـــە

ئەمەیـــە مەعنـــاو مـــۆخی ئەم ســـیانە
کـە بـــۆ پـــەژارەو خەفـــەت دەرمانـــە

نەك فەرامۆش کەی عومـری کۆچ کردووت
کـردەوەی تـازەو کـۆنی با بـردووت

یـا پاشـــە ڕۆژت بخەیتـــە پاش گـــوێ
کە ئێرەت جێ‌هێشت کـۆچ ئەکەی بۆ کوێ

تۆ سەرگوزەشـــتەی لە کـــۆن و تـــازە
بێنـــە نموونـــەی بیگـــرە ئەنـــدازە

سەر حیســـابێکی کـــردەوەی خـــۆتکە
هاتو چۆی رایـــەڵ بـــۆ تان‌و پـــۆتکە

چل پەنجا ساڵە تۆ تۆو ئەچێنی
چی لێ شین ئەبێ چی لێ ئەبینی

لە بێنەو بەرەت لە هاتو رەوتت
لە تێکەو لێکە لە راستو چەوتت

لە کۆچو بارت لە قسەو باست
بە سەردا هاتووی خراپەو خاست

چیت کردو چیت دی ، چیت بەسەردا هات
وتاری چاکت باسی تووڕەهات

کردەوەکانت بێنەوە بیرت
هیچی مەبوێرە تو خۆتو شیرت

لە گێرەو کێشە تا شەنو کەوت
لە خەرمانی ژین لە ئەم بۆ ئەوت

یەعنی لە دنیا لە بۆ پاشەڕۆژ
ئەو رۆژە سەختە دادەمێنی دۆژ(٧)

هەوەڵ تا ئاخر سا چیت بە بیرە
سەرەو ناوکە هیچی مەبوێرە

کوێ چوویتو کوێت دی لە کوێوە بۆ کوێ
پیا بچۆرەوە بە دڵ جوێ بە جوێ

---

(٧) دۆژ : دۆش ، زویر ، مات ، بێدەسەڵات .

سەردەشت و پشدەر ، خۆشناوەتی و کۆ
گۆمی زرێبار ، کەژی زمناکۆ

لە منالیتەوە تا ئەم هەناسەت
چیت تیا کردووە لە خراپەو خاسەت

لە کەین و بەینت لەگەڵ خەڵق و خوا
لەوێوە پیا بێ ئەنجا بەرەو دوا

پیا بێ و پیا بچۆ ، سەرەو خواری کە
رێگەت لە بەرە دوورە و باریکە

ئەمە سێبەری بن ئەشکەوت نی یە
پرسینەوەت هەس تەدبیرت چی یە ؟

بێنە خۆلاصەی کشتو کاڵی خۆت
چیت لە بیر ماوە مەعلووم ئەبێ بۆت

قەڵەم و پەنجەی تیا بێنە بەر کار
لە دەفتەرێکا هەر بۆ یادگار

بە جێی بێڵە بۆ رۆژی نەمانت
بۆ یادی دۆست و کەس و خزمانت

بۆ رۆڵە و نەوەت بۆ فەرامۆشی
بۆ دوعاو یادی بەخێرو خۆشی

بیهۆنەرەوە بە دڵ و بە گیان
بینووسەرەوە بە وتەی رەوان

لێی ورد بەرەوە چیت بە بیر ماوە
بیخە سەر کاغەز تا ماوە ماوە

به چاوی عیبره‌ت به‌شکم پیا روانی
بیکۆڵیته‌وه به دڵ ژیوانی

داخۆ بۆ رۆژی هات‌و نه‌هاتت
داماوی و ماتی له گاره‌ساتت

شتێك شك ئه‌به‌ی بۆ دیوان رووی بێ
هی وای تێدایه كه هیوات پێی بێ(٨)

هیچی وات هه‌یه رۆژی ئاواتت
بیكه‌ن به بۆنه‌ی بیانووی نه‌جاتت

چاكه رۆژی دین كه دیوانی‌یه
به به‌هانه‌یه به به‌ها نی‌یه(٩)

یا خۆ ده‌س مایه‌ت ئومێده‌و ئه‌مه‌ل
به ره‌حم‌و لوتفی خوای « عز وجل »

به خوا وا چاكه ئه‌ی ( چرِوستانی )
خۆت به نابووت‌و به لات بزانی

هیچی وات نی‌یه رووی باره‌گای بێ
بۆ ده‌رده‌داریت كه‌ڵكی ده‌وای بێ

خۆ باوه‌رِت هه‌س به ته‌نیایی خوا
هه‌ر ئه‌و خالقه‌و حاكم له‌مه‌ودوا

---

(٨) دیوان : باره‌گا ٠

(٩) دیوانی : نووسراوه ٠
به‌هانه : بیانوو ٠ به‌ها : نرخ ٠ گه‌وره ٠

بە پێغەمبەریش گەورەی ئەنبیا
بە هەرچی فەرمووی بۆ دین‌و دنیا
هەرچی خوای گەورە لە قورئانیا
فەرمووی باوەڕت هەیە و دڵنیا

ئەم سیانە بگرە بۆ پشتیوانیت
بیکە بە مایە بۆ ڕۆژی دواییت
ئیتر خوای گەورە غەفوورە و مەننان
بە لوطف‌و کەرەم ناتکا سەرگەردان

بێجگە لەمانە کە ناو نراوی
بە ناوی فەخری عالەم کراوی(١٠)
خوایە بە حەقی ئەسمائی حوسنات
بە قورئانی پڕ ئەسرارو مەعنات(١١)

بە خۆشەویستی ( محمد )ی خۆت
بە جەهدو جیهاد کە کردوویە بۆت
بە لوطف‌و رەحمی خۆتم لەگەڵکە
نەك بە کردەوەم ، کردەم بێکەڵکە

ئەگەر من بەندەم پڕ سووچ‌و تاوان
تۆی خوای غەفوورو کەریم‌و مەننان
وتەی تۆیش راستە نەوەك باطلە
( کل یعمل علی شاکلة )

---

(١٠) واتە ناوی (محمد)ە •

(١١) ئەو ناوانەی کە بۆ خوایە وەك لە قورئاندا ئەفەرموێ :
«ولله الاسماء الحسنی فادعوه بها» سورەتی حشر •

ئەم دوو پارچە شیعرەی لە دوای تەواوبوونی «أی شده» و «أحمدی» کە نووسیونیەوە لە دەستنووسێکیدا بووە لە ساڵی ١٣٦٦ ربیع الاول ٠

کتێبی ( ئەی شودە ) هی شێخی نۆدێ
کە دایم رەحمەتی لای خواوە بۆ دێ

بخوێنە لەفظ و مەعناکەی بزانە
کە پەروانەی چرای پێغەمبەرانە

دروستانی ئەنای دۆستی خودایە
چروستانی کە نووسی وای تەمایە

کە ریزی کا لە زومرەی چاکی پیاوان
ئەگەرچی پڕ گوناهە و کانی تاوان

هەوەڵ مزگێنی ( المرء مع من
أحب )ە مایەیی دەسمە بە دیمەن

دووهەم هاو ناویە بۆ نەقدی سەودا
کە حەشرم کا لەگەڵ ئەتباعی ئەودا

لە نووسینی نیازی دڵ موحەممەد
عەلی کوڕمە خودا لایدا لە هەر بەد

بدا تەوفیـق و عیلــم و بــەخت و یــاری
نــەدا پێی ماتــەم و غـــەم دەردو خـــواری

کە بیخـوێنێ لــە بــەرکا بەڵکــو بــۆی بێ
لە هیممەت فەیض و بەهــرەی شێخی نۆدێ

خــودا بیــکەی بە مایــەی زۆر ژیــانی
لەگــەڵ دین و عیبــادەت خــولقی جــوانی

بەشی تەقــوای بــدەی بەڵــکم وەکــو پیــاو
دوعــا کا بــۆ منی موحتـــاج و دامـــاو

خوداوەنــدا بـــە جــاهی فەخــری عالـــەم
گونــاهم گـــەرچی زۆرەو طاعـــەتم کــەم

حیســـابێکە ئەگــەرچی وشــکە ئیخــلاص
لە دڵمــا زۆرە دەرهــەق ئەولیــای خــاص

بــە تــۆزی خاکپـــای چـــاکی ئەوانـــا
بــکە سەوقم لــە ژێــر ئــەمن و ئەمانـــا(١)

---

(١) ئەمن : ئاسایش .

تــــەواو بــــوو کتێبی ئەحمەدی یــــە
هی خەلــفی داری گــەورەی نەبی یـــە(ص)

یــەعنی شــێخ مەعــروف عــالمی مەشــهور
یاخوا مەرقــەدی هــەر پــڕ بێ لــە نــوور

بۆیە دای نــاوە تــا جــگەر گۆشــەی
یەعنی کاك ئەحمــەد بــەو لەفظــە خۆشــەی

بیخــوێنێ لـــە بـــەر تێیدا دلێـــر بێ
زوربـــەی لوغـــاتی عـــارەبی فێـــر بێ

خوایــا بـــە جاهی هـــەردوو کە مـــەردن
ویـــردی زمـــانو جێی فەخری کـــوردن

لە فــەیضی ئــەوان مەمــانکە بێ بــەش
بــە بەهــرەی ئـــەوان بمانــکە دڵــگەش

چونــکە یــەك نوســخەی خــاڵی لە غەڵــەت
دەس نــەکەوت غەیــری خــراپ و ســەقەت

وا چڕوســـتانی بــە ســـەعی و تــەلاش
ساغی کــردەوە نوســـخەی ئەمما بــاش

بـــۆ ( مراجعـــه )ی کتێبی لوغـــەت
گەلێ خــۆم مانــدوو کــردو ناڕەحــەت

بە یاریــدەی خــوا نووســیمەوە جــوان
بێ عــەیبو غەڵــەت مەر ســەهوو نســیان

بــۆ جــگەر گۆشـــــەم «محمـــد علی»
خوایـــا بـــە جـــاهی نـــەبیی و وەلی

تـــەوفیقی بـــدەی بیخـــوێنێ لە بـــەر
بەو بـابو کـــوڕە بیـــکەی بەهـــرەوەر

بەشی لـــە تەقـــواو صـــەلاحەت بـــدەی
دووچـــاری بـــەڵا و گونـــاهی نـــەکەی

بەشـــکم بـــۆ بـــابی زۆر گوناهـــکاری
بپارێتـــەوە گـــەلێ لـــە بـــاری

قورئـــان بخـــوێنێ بـــۆم پـــەرۆش بێ
دوعام بـــۆ بـــکا کـــە خـــوا لێم خـــۆش بێ

قائیمقامی مەرکەزی سلێمانی‌یە «عـەلی سەروەت» داوای نوسخەیەك لە تەمسیلی دایکی وەتەنی کرد ، ئەم شیعرەم لەگەڵ نوسخەکەدا تەقدیم‌کرد •

(چڕوستانی)

بە یـادی یـادگاری سـەروەری پـڕ نەظم و تـەرتیبێ
بە تالووکـە ئەوا نووسـیم رجا لوتفێتی گـەر بیبێ(۱)

لەبۆ قائیم مەقامی مەرکـەزی یەعنی ( عەلی سەروەت )
ئەبێ ئەم سەروەتەم دیاری بـە تەشریفی قدومی بێ(۲)

ئەگـەر چی بێ سـەروپا وەك سـەراپامە لـە خزمەتیا
بە دڵ ئاواتـە خـوازم تـا بـە دڵ ئاواتـە خـوازی بێ

لە باتی پێشـکەشی کاسـە دراوسێتی و بەخێـر هاتن
کە ئەم دیوانە خوانی مـەشرەب و طەبعی ظەریفی بێ(۳)

ئەگەر دیـوانی تەمسیلی وەتـەن تەرویج ئـەکا چاکە
دەنا زاری چڕوسـتانی چی‌یە شیعری ئـەبێ چی بێ(٤)

---

(۱) تالوکە : ماندوێتی ، زەحمەت •

(۲) قدوم : هاتن •

(۳) مەشرەب : شوێنی خواردنەوە •

(٤) تەرویج : بایەخ : بڵاو •

# هەڵەو ڕاست

| هەڵە | ڕاست | لاپەڕە |
|---|---|---|
| بەرچە | بەرەچە | ٤٥ |
| ئیرشادی «صحه» | بۆ ئیرشادو نصیحة | ٥٩ |
| سلیمانیه | سولەیمانی | ٥٩ |
| ٣٧٠ | ٣٧ | ٥٩ |
| هەرژەمەی | هەرژەمە | ٧٠ |
| بێولەتۆ | بێولەتو | ٧١ |
| باغانو | لەباغانو | ٨١ |
| دەڵێ | دەڵێی | ٨٩ |
| بغاوان | بناوانو هەڵپەستن | ٩٠ |
| ئەگە | ئەگەر انصاف | ٩٤ |
| ئیفعانه | ئیذعانة | ١٠٢ |
| تیپو | تینو | ١٠٥ |
| نومایان | نوما | ١٠٦ |
| شوڤن کەولو | شوێن کەوتو | ١٠٦ |
| نەورۆ | نەورۆز | ١٠٨ |
| لێو | لێوی | ١١٩ |
| نوش | پوش | ١٢٥ |
| گەهێ | گەهی | ١٢٧ |
| شپ‌ی | تیپ‌ی | ١٤٠ |
| پەۆرش | پەرۆش | ١٦٦ |

# پێـــــرست


| باس | لاپـــەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| بۆکم و شیعرو بەهار | ٥ |
| دوو وشە بۆ سەرەتای شیعری مامۆستای چڕوستانی | ١٢ |
| چڕوستانی شاعیر | ١٦ |
| ســـــەرەتا | ٢٩ |
| سکاڵای دایکی وەتەنی کورد لە دەس نەتەوەی عەراق | ٣١ |
| کوردی پێشوو چۆن بووە کوردی ئێستە چۆنە | ٣٣ |
| وێنەی دایکی وەتەن | ٣٧ |
| سکاڵای دایکی وەتەن | ٣٨ |
| دڵدانەوەی من بۆ دایکی وەتەن | ٤٠ |
| وتاری دایکی وەتەن | ٤٢ |
| گوتەی من بۆ دایکی وەتەن | ٤٥ |
| تووڕەبوونی دایکی وەتەن لە نەتەوەی | ٤٧ |
| مثالی دایکی وەتەن | ٤٨ |
| گوێ شل کە بۆ دایکی وەتەن | ٤٩ |
| تکای من لە دایکی وەتەن بۆ ئاشتی | ٥٢ |
| دیسان تووڕەبوونی دایکی وەتەن | ٥٤ |
| هەلم بۆ هەڵکەوت لە خزمەتیا سکاڵای خۆم بکەم | ٦١ |
| زاڵبوونی دایکی وەتەن بەسەرماو گیرۆدەبوونم بە قسەی خۆم | ٦٢ |

| باس | لاپـــەڕە |
| --- | --- |


| | |
| --- | --- |
| دایکی وەتەن چووەوە سەر باسی گوتەی خۆی | ٦٣ |
| دایکی وەتەن بە رەچەو سوودی وڵاتەکەی ئەڵێت | ٦٥ |
| دایکی وەتەن هاوار ئەکات کە چایی نەتەوەکەی فەوتان | ٦٨ |
| دایکی وەتەن سوپاسی رەوشتی کۆمەڵی تیرەی هەجیج ئەکات | ٧٢ |
| بێدەنگ بوونی دایکی وەتەن و بیرکردنەوەو قسەی من لەگەڵیا | ٧٤ |
| رۆیشتنی دایکی وەتەن لەپاش وتارێکی کورت و پڕ مەعنا | ٧٥ |
| ئامۆژگاری من بۆ نەتەوەو بڕانەوەی هەڵبەست | ٧٦ |
| عەجەب جەمعییەتێکە ئەم بەهارو جەژنی قوربانە | ٧٩ |
| تعالی‌الله لە خوایی خالقی گۆڕانی ئەزمانە | ٨٣ |
| زەکی حیرەت‌زەدەی ئەسراری وەحش و پۆلی تەیرانە | ٨٦ |
| گژوگیاو گوڵووکی چیمەن و ئەم دەشت و باغانە | ٨٨ |
| لادان لە باسی بەهارو بناوان بۆ چینی پێنجەم | ٩٠ |
| وەکو باغی کە دڕکوداڵو میوەو سەروو رەیحانە | ٩١ |
| پاڕانـــــــەوە | ٩٤ |
| دەلیلی دەوامی ئیمان | ٩٦ |
| لە مەحشەردا شەفاعەتکردنی طە رجامانە | ١٠٠ |
| صـــــەلەوات | ١٠٢ |
| مەطلەع موعاد گەڕانەوە بۆ سەرەتا | ١٠٨ |
| چڕوستانی لە سەرەتای گرانی و پەرێشانی هەژاران وتوویەتی | ١٠٩ |

| باس | لاپەڕە |
| --- | --- |
| نموونەیەك لە باسی کەچ رەفتاری شەڕو گرانی لەگەڵ هەژاران‌و ژیانی تاڵیان | ١١٢ |
| من کە دڵ ماتەم‌نشین‌و بولبولیش هاوارو شین | ١١٥ |
| ئەی بوون‌و نەبوونی نەفەست مان‌و نەمانم | ١١٨ |
| بە پیری عەجایەب گڕو گاڵ ئەکەم | ١٢١ |
| دەنگی بێ‌ڕەنگی بەهاری ٩٤٨ | ١٢٣ |
| بەهارنامەی یەکەم | ١٢٦ |
| بەهارنامەی دووەم | ١٣٠ |
| نەورۆزنامەی ساڵی ١٣٥٤هـ ــ ١٩٣٤م | ١٣٢ |
| ئەی مـــەلا | ١٣٥ |
| رۆژی نابغە (هەڵکەوتوو) | ١٣٩ |
| یاری لەگەڵ حاجی ئەحمەدی ئەحەڕەشی مەلابرایم بە یادگار بۆ شێخ محمدی محوی | ١٤١ |
| سوپاس‌و گەورەیی بۆ خالقی گەردوونی گەردانە | ١٤٦ |
| سەرم سوڕما گەلێ دەمرێ لەبۆ گەل شین‌و گریانە | ١٥٠ |
| ئەی پیرو لاوان ئاواتەخوازان | ١٥٣ |
| ئەی کاکی وریا برای پڕ هونەر | ١٥٦ |
| کتێبی (ای شده) هی شێخی نۆدێ | ١٦٢ |
| تەواو بوو کتێبی ئەحمەدی‌یە | ١٦٥ |
| بە یادی یادگاری سەروەری پڕ نەظم‌و تەرتیبێ | ١٦٧ |
| | ١٧١ |

# سوپاس

سوپاسی هونەرمەند کاک ( شێرکۆ عزیز ) دەکەم کە ئەرکی وێنەو نوسینی بەرگی کێشا .

سوپاس بۆ خاوەن و کرێکارانی چاپخانەی نەورەس بۆ بەئەنجامدانی ئەم دیوانە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک .

لە کتێبخانەی نیشتمانی بەغدا ژمارە ( ١٢٢٧ )ی ساڵی ١٩٨٥ی دراوەتێ

---

چاپخانەی نەورەس/سلێمانی ت ٢٢٥٥٢٣

# دیوانی چروستانی

## الملا محمد ملا عبدالرحيم الچرستاني

اعداد وشرح

عبدالرحيم عبدالله و صالح عبدالله الچرستاني

THE COLLETION OF CHOROSTANY POETRY
MALA MUHAMMAD I MALA ABDULRAHIM

عجب تازەی خستووە فەرشی منقش
ئەبونزهەت گەهی یارانی مەهوەش

بەدار و ئەرز و شاخ و هەر مەکانی
خودا بەخشیویە نوعە ژیانی

لە سەتانی لە بەریان کرد قەدیفە
بە هەر رەنگی کە زور جوانو زەریفە

لە داوێنی چیا هەر عطرا باری
دەکا تازە دەماغی هەر هەژاری

لە دەشتو کێو لە هەر لاکی تەماشا
بەگول رازایەوە وەک بوکی پاشا

چنار و ئرغەوان و نارەوەن یەوز
لە سەریان نا بە جوانی مێزەری سەوز

بە دەشتو دەر شقایق واپژاوە
دەلیی خوێنی شەهیدانە رژاوە

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ١٢٢٧ لسنة ١٩٨٥
نرخی (١٫٢٥٠) فلسە
مطبعة نەورەس/سليمانية ت ٢٥٥٢٣